**منداڵو ئەدەب**

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**لێکۆلینەوە**

چاپی یەکەم 1998- چاپی دووەم 2006

چاپی سێیەم چاپێکی دەستکاریکراوەو
وەك کتێب لە رۆژنامە ئەلکترۆنییەکان بڵاودەبێتەوە
2007

www.pertwk.com

ناوی کتێب؛ منداڵو ئەدەب
بابەت؛ لێکۆڵینەوە
نووسەر؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد
شوێن؛ سلێمانی
چاپخانە؛ روون
چاپ؛ چاپی دووەم
ژمارەی سپاردن؛612ی ساڵی 2006

www.pertwk.com

ناوەڕۆك

بۆ چاپە ئەلكترۆنییەكەی ئەم كتێبە ........................................
سەرەتا ..........................................................................
بەشی یەكەم؛ مێژووی گەشەپێدانی ئەدەبی منداڵانی كورد ...........
بەشی دووەم؛ ئەدەبی منداڵانو فۆلكلۆری كوردی.........................
بەشی سێیەم؛ چەمكی شوێنو چیرۆك بۆ منداڵان..........................
بەشی چوارەم؛ كاكەی فەللاحو شیعر بۆ منداڵان...........................
بەشی پێنجەم؛ راپەڕینو ئەدەب بۆ منداڵان.................................

www.pertwk.com

**بۆ چاپە ئەلکترونییەکەی ئەم کتێبە!**

ئەم کتێبەم تا ئێستا دووجار لەسەر کاغەز چاپکراوەو ئەمەش چاپی سێیەمەو وەك چاپێکی ئەلیکترۆنی بڵاویدەکەمەوە.. دوای جارێکی‌ترخوێندنەوەی هەردوو چاپەکەی سەر کاغەز کۆمەڵێك هەڵەی چاپو رستەی نارێکی زمانەوانی تێکەوتووە کە وەك دەزانرێت زەمەنی بێ بەرنامەیی کوردستانو بارودۆخە ناهەموارەکانی شەڕی ناخۆو ناجێگیری دۆخی ئابووری بوار بە مرۆڤ نادەن کە بەرامبەر بە بەرهەمو کارەکانی خۆی ورد بێتو بە ئارامی بیر بکاتەوە.

هۆکاری سەرەکی بۆ دووجار چاپکردنەوەی ئەم کتێبەم لەوە سەرچاوەی گرتووە کە چاپی یەکەمینی تیراژەکەی زۆر کەم بوو و دیوارەکانی شەڕی ناخۆش رێگایان نەدا بۆ دیوێکی‌تری هەمان پارچەی کوردستان بپەڕێتەوەو دەیان خوێنەر نەك نەیانخوێندەوە تەنانەت ناوی کتێبەشیان نەبیست،لە هاوینی رابردوودا کە بە سەردان لە کوردستان بووم چەندان خوێندکاری زانکۆو خوێنەری‌تر داوای دانەی کتێبەکەیان لێکردمو لەبەر ئەوەی نەممابوو ،ئەوە بوو بۆ دووەمین جارو بە پەلە چاپکرایەوە کە ئەرکی چاپەکەی هوشیار هۆگر گۆران،خاوەنی چاپخانەی روون لە سلێمانی گرتییە ئەستۆی خۆیو کتێبخانەی سۆران- یش لە هەولێر دابەشی کرد.

بەڵام کە هاتمەوە ئەوروپاو بە شێنەیی جارێکی‌تر خوێندمەوە هەستم کرد وەکو سەرەتا ئامارەم پێدا کۆمەڵێك هەڵەی چاپی تێکەوتووە، یەکسەر دەستم بە چاککردنەوەیان کردو لە پاڵ چاککردنەوەی هەڵەکانیشدا ناوە ناوەش هەندێك رستەو تەعبیری نارێکم دەستکاری دەکردن کە بە بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکە بە جێبهێڵن.

هیوادارم لێکۆڵەرو خوێنەران لە کاتی بەکارهێنانی وەك سەرچاوەدا ئەم چاپە بە نەزەری ئیعتبار وەربگرن،کە ناوم ناوە چاپی ئەلیکترۆنی.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**
**سوید- ستۆکهۆڵم**
11/6/2007

www.pertwk.com

## سەرەتا

لەوە دەچێت بابەتەکانی ئەم کتێبە ئاوا بەو شێوەیەی کە خۆیان نمایش کردووە،بەسەرەتایەکی باش دابنرێن بۆ لێکۆڵینەوەو نووسینیتر لەمەڕ ئەو ئەدەبەی کە ساڵانێکە بۆ منداڵانی کورد نووسراوەو ئێستاش پەیامەکەی بەردەوامە،کتێبەکە قسە لەگەڵ بابەتێکی حەساس دەکات.
بۆ گەیاندنی رووە زانستی‌یەکەی،کتێبەکەم بۆ چەند بەشێکی سەرەکی دابەش کردووە،بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی منداڵان زیاتر مەبەستم دۆزینەوەی سەرەتایەکە،بۆ ئاگاداریش، نەهاتووم بیبلیۆگرافیا بۆ هەموو ئەو کتێبو نامیلکە و نووسینانە چێبکەم کە بۆ منداڵانی کورد نووسراون،تەنیا چەند دەقێکم وەکو نموونە هێناوەتەوە، شتێکی‌تر ماوە،کە دەخوازم بەیانی بکەم ئەویش ئەوەیە،ئەم کتێبە تەنیا لەو ئەدەبە دواوە کەدەچێتە خانەی ئەدەبی ئاشکراوە، ئەگەرنا لە جوولانەوەو شۆڕەشەکانی کورددا گرنگی بە ئەدەبی منداڵان دراوە ( ئەمەش دەچێتە خانەی ئەدەبی نهێنی‌یەوە) بەتایبەتی لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا،ئەو باسەم نەخستە ناو ئەم کتێبەوە،هەڵمگرت بۆ ئەو پرۆژەیەی کە دەمێکە خەریکمو ناوم لێناوە (ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێمان) هیوادارم بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە سەرەتایەکی باش بن بۆ بابەتێکی پشت گوێ خراو.

نەوزاد عەلی ئەحمەد
سلێمانی 1998

www.pertwk.com

## بەشی یەکەم

## مێژووی گەشەپێدانی ئەدەبی منداڵانی کورد

## پێشەکی

پاش سەوداسەرییەکی چەند ساڵەم لەگەڵ ئەدەبی منداڵانو ژیان لەنێو دوو توێی ئەو کتێبانەی کە بۆ جیهانی بەرفراوانی منداڵان نووسراون،بوونی کەلێنێکی گەورەش لەم بوارەدا،وام لێهات دەست بدەمە قەڵەمو ئەو چەند لاپەڕەیە بکەمە دیاری باخچەی ئەدەبی منداڵان،هەر لە سەرەتاوە هەوڵم داوە لەسەر ڕێبازێکی زانستی بیروباوەڕەکانم داڕێژم،لە هەموو بابەتەکاندا هەوڵم داوە لە بناغەی باسەکەوە دەرگا بکەمەوە،بۆ نموونە کە باسی زمانو زمانی منداڵ دەکەم پێویستە هەر لەیەکەم دێڕەوە باسی سەرهەڵدانی زمانو گۆڕانکارییەکانم کردووە ئینجا لە هەر بەشێکدا دێمە سەرناوەڕۆکی باسەکەو بۆ بە پێزکردنی باسەکە لەشیعرو چیرۆك نموونەم هێناوەتەوە نموونەکانیش خۆماڵین نەك وەرگێراو،هێنانەوەی نموونەکانیش هیچ مەبەستێکی تێدانیە تەنیا بۆ بە هێزکردنی باسەکەیە،ئەمەش پلانێکە زۆربەی لێکۆڵەروانی1 جیهان پەیڕەویان کردووە.

## بەشی یەکەم

ئەگەر بمانەوێت بچینە نێو جیهانی منداڵان پێویستە پەلەنەکردنو وردبینانە بکەینە تامەزرۆ شکێنی حەزەکانمان،ئەو حەزانەش لەچاوگەی مرۆڤایەتییەوە پێویستە سەرچاوە بگرن،ئەمەش لەسەر زەمینەیێکی رۆشنبیری پتەو وەستاوە،جا وا لەدەروازەی یەکەمدا پەنجە بۆ ئەو پەلە نەکردنەی کە لە پێشەوە باسم کرد درێژ دەکەمو چەند باسێك دەخەمەڕوو کە پەیوەندییێکی راستەوخۆی بە منداڵو ئەدەبەکەیەوە هەیە

**1- زمــــان**

زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتری گەیشتن ئەم هۆیەش لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ پەیدا بووەو پەیوەندی بەکارەوە (العمل) هەیە با لەپێشەوە بزانین کارچییە (کار لەپلەی یەکەمدا پرۆسێسێکە مرۆڤو سروشت بەیەکەوە بەشداری تێدادەکەن لەو پرۆسێسەدا ئادەمیزاد لەخۆیەوە دەست دەکات بە رێکخستنو دەسەلات پەیداکردن بەسەر پەرچەکردارەکانی مەتریالی نێو سروشتو خۆیدا مرۆڤ بەرامبەر سروشت خۆی وەکو هێزێك لە هێزەکانی دادەنێتو ئەندامەکانی جەستەی دەخاتە کار بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمەکانی سروشت بەشێوەییێکی گونجاو لەگەڵ ئاتاجەکانیدا دەستگیر بکات بەم جۆرە مرۆڤ کار لە جیهانی دەرەوە دەکاتو دەی گۆڕێت،هەر لەو کاتەشدا سروشت خۆشی دەگۆڕێتو هێزەکانی خۆی پەرە پێدەداتو ناچاریان دەکات بەپێی خواستی ئەو بڕۆن بەرێوە)2 کاتێك مرۆڤ دەستی بەکارکردن کردووە هیچ گومانی تێدا نییە پێویستی بە زمانێك هەبووە بۆ ئەوەی هاوکارەکەی تێی بگات هیردەری زماناس دەڵێت (مرۆڤ زمانی هەبووە هەتا لەقۆناغی ئاژەڵیشدا) 3 کەواتە زمان پەیوەندی بەمێژووی کۆنی مرۆڤایەتییەوە هەیە،ئێرنست فیشر رای وایە زمان ئەو کاتە پەیدا بووەکەئامێر سەری هەڵداوە 4 کەواتە ئامێر پەیوەندی بە کارەوە هەیە،کاریش بەبێ مرۆڤ مەیسەر نابێت،مرۆڤیش بۆ ئەوەی لەگەڵ رێرەوی کارەکەی بڕوات پێویستی بە زمان هەبووە،ئەو پەیوەندیەی باسمان کرد پەیوەندیێکی دیالێکتیکانەیە،واتە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی مێژووی مرۆڤایەتی،زمانیش هەنگاوی هاویشتووە.

www.pertwk.com

به گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی تاکو ئێستا لەسەر سەرهەڵدانی زمان کراون زانایان بەتەواوی نەگەیشتوونەتە دوا بریاری پەیدابوونی زمان هەرەیەکەیان باوەڕیان بە (بیردۆزەیێك) هەیە، ئەو پێنج گریمانەی خوارەوەش بۆتە هۆی پەیدابوونی مشتومڕ لەنێوان زاناکان؛
1- گریمانەی دەنگە سروشتییەکان.
2- گریمانەی بانگو قیژەی هەست دەربڕ
3- گریمانەی بزاوتن.
4- گریمانەی مۆسیقا.
5- گریمانەی پەیوەندی5
سەرباری ئەو رایانەو تیۆرانە دەتوانین بڵێین دەنگە سروشتییەکان هۆیێکی گرنگن بۆ سەرهەڵدانی زمان وەك:
شریقەی هەور،لوورەی گورگ،میاواندنی پشیلە،تەقەی بەرد،خوێندنی باڵندە،باعەباعی پەز، قۆڕاندنی چێڵ،حەپە حەپی سەگ،حیلەی ئەسپ،خوڕەی ئاو..هتد.
وابزانم ناکەوینە هەڵەوە ئەگەر ئەو دەنگانە بەیەکەم سەرچاوەی پەیدابوونی زمان دانێین،ئیتر هەر لەمانەوە دەنگیترو ناویتر پەیدابووەو زمانی تەواوی لێ دروست بووە..هەتا ئەم لقو پۆپەی ئێستای لێ بۆتەوە (همبولت) پەیوەندی نێوان بیرو کار دەردەخاتو وەڵامی سوودی زمانیش دەداتەوە (کاریگەری نێوان بیرو کارو پەیوەندی هەر یەکێکیان بە ئەوەی تریان،وانیشان دەدات کە زمان تەنیا گوزارشت لەشتێکی دیار ناکات،بەڵکو ئامێرێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو هەقیقەتەی تاکو ئەم ساتە ونەو دیارنیە) 6.
منداڵ بەشێکە لەژیانی مرۆڤو مرۆڤایەتیو تەواوکەری رەوتی مێژوویەتی،هەر لەیەکەم چرپەی سەرهەڵدانی مرۆڤ لە منداڵەوە دەستی پێکردووە.ئەگەر واش نەبێ ئەوا مرۆڤ بیرێکی منداڵانەی هەبووە.لێرەدا پرسیارێك خۆی رەپێش دەخات ئایا منداڵ چۆن زمانی لەلا گەڵاڵە بووە؟وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە هەڵدانەوەی مێژووی چاخە کۆنەکان هەیە بە تایبەتی کۆمەڵگای بێ چینی واتە کۆمۆنەی سەرەتایی، دەتوانین ژیانە ساکارەکەی مرۆڤ بە ململانی لەگەڵ سروشتدا بە سەرەتای سەرهەڵدانی زمان دابنێین، هەروەها شێوەی دروست بوونی دەماغی گەورەو بچووك وامان لێ دەکات بۆ گەڵاڵەکردنی زمان لەنێوان بچووكو گەورەدا لەپاڵ د. نوری جعفر بڵێین: (دەماغی منداڵ پەیوەندییێکی دیالێکتیکانەی بە دەماغی گەورەوە هەیە هەر بەو چەشنە پەیوەندییەی کە لە نێوان دەماغی ئادەمیزادو دەماغی گیانلەبەرە باڵاکانیتردا هەیە) 7 ئیتر دەتوانین تیۆری گەڵاڵە کردنی زمان لە نێوان گەورەو بچووکدا لەسەر پەیوەندیی دیالێکتیکی دابرێژین.
(پەپە- نان)- (چەچە- دەست)- (عەعە- ئەعە- ریتن) (حوحە- ترس) (مەمە- مەمك)- (مئە- مچئەح. مچئە. پچئئە-خۆراك)-(ئوووە- ئازار)-(بقە- ترس و ئازار)- (ئوما- ئاو)-(ئوللە- لایلایەو نوستن)- (حەم- بخۆ)- (توتی- دانیشە)- (تاتی- برۆ)-(بیبی.بیبی. بەبە- مناڵ)- (میاو، پشە- پشیلە)- (کخ، کخە،ئحە، قخە- پیسی)- (فە، فەفە ئوفە- چێشت)- (قدە، بقردە- مریشك)- (هەچە، حەپە- کەر)- (باعە-مەر)- (دا- دایك)- (با- باوك)- (ما- مام)- (بیبیت، دیدی، عوعە- ترومبێل)8.. هتد ئەو چەند بڕگەو وشەیەی دەست نیشانم کردن منداڵ لە سەرەتای ژیانیدا دەیانڵێتەوە،دەبینین زۆربەیان لەسروشتەوە نزیکن کەواتە گەڵاڵە بوونی زمانی منداڵ لە نێوان منداڵدانی دەنگە سروشتییەکان لەدایك دەبێت، ئەو زمانە لەگەڵ گەورە بوونی منداڵو برینی قۆناغەکانی گەشەکردن فراوان دەبێت تاوای لێ دێت منداڵ فەرهەنگێکی تایبەتی خۆی دەبێت،زمانی ئەدەبی منداڵانیش بەشێکە لە فەرهەنگە باسکراوەکان کە نووسەر دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێتو بیخاتە دووتوێی

نووسینەکەی،باشترین سەرچاوەش منداڵ خۆیەتی،هەر بۆیە پێویستە نووسەر لەخودی منداڵ نزیك ببێتەوە کە ئەمەش لەسەر لایەنە رۆشنبیرییەکەی بەندە،زمان لەگەڵ رەوتی مێژوو تەك بەتەکی باری ژیانی کۆمەلایەتی سەرهەڵدەداتو پێش دەکەوێت 9

وا لەروانگەی زمانەوە تەماشای چەند کتێبێکی کوردی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین چیمان کردووەو چیمان بە ئەنجام گەیاندووە (مەیلی لەفڕینە) چیرۆکێکە بۆ منداڵان نووسراوە لە یەکێك لە بەشەکانیدا نووسراوە (پێویستە راسپاردەی خێزانی ئەم پیاوە لەسەر نەخشەو پلانی خۆم وەك دکتۆرێکی دەروونشوناس ئەنجام بدەم کە راگەیاندنی دەرچوونی بلیتە سەد هەزار دۆلار بەهاکەیەتی) 10

لەم پارچە نووسینەدا چەند پرسیارێك ئاساییە بکرێن،ئایا شێوەی دارِشتنەکەیو ئەو زمانەی بەکارهاتووە لەمنداڵ نزیکە؟ ئایا وشەی ئاوای تێدانیە لە فەرهەنگی منداڵ دەست نەکەوێت؟ ئەم پارچە نووسینە مشتێکە لەخەرواری ئەو نووسینانەی ناوی منداڵانیان پێوە لکاوە،هەر هەمان نووسەر لە شوێنێکیتردا دەڵێت (کە گەیشتە ماڵەوە بە گوشادەوە وتی)11 ئەم نموونەیەش یەکێکە لەو نموونانەی کە دوورن لەزمانی منداڵو ویستو ئارەزووی ناهێنێتەدی،لە نموونەی دووەمدا وشەی(گوشاد) وەکو خشتێکی قوڕ وایە لەناو دیوارێکی بلۆکدا،وێنەیەکی دی:

بەڕێوبەر خۆشی دەوێم

گۆرانیو سروود دەڵێ پێم

(باخچەی منداڵان) لاپەرە-24-

ئەگەر لەم دێڕە شیعرە وردببینەوە لە دێرێکی وەرگێراو نزیکە،کەچی شیعرێکی خۆماڵیە! لەبەر (سەرواوکێش) ئەم دێڕە شیعرە سەروگوێی شکاوەو لە رووی زمانەوە بریندار بووە،کە یەکێکە لەو هەزار دێڕانەی بەم دەردە رۆیشتوون،ئەوا داماویش بۆ منداڵو زمانەکەی دەگەڕێتەوە شاعیر لە جیاتی بڵێ (گۆرانیو سروودم پێ دەڵێ) نووسیویەتی (گۆرانیو سروود دەڵێ پێم) ئەم جۆرە زمانە گەورەش وەری ناگرێت ئەی چۆن منداڵ وەری بگرێت!؟ نموونەی لەم جۆرە زۆرە،بەڵام وەنەبێت هەموو ئەدەبی منداڵانمان بەم شێوەیە بێت بەڵکو چیرۆكو شیعری زۆر سەرکەوتوومان هەیە وەکو (جریوە) و (جگەرگۆشەکان) و (پەپوولە)و..هتد کە لە زمانی منداڵ زۆر نزیکنو بۆ منداڵ دەگونجێن.

## 2 - قۆناغەکان

قۆناغەکانی گەشەی منداڵ مەسەلەیێکی گرنگە لەژیانی منداڵداو بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەدەبدا پێویستە رووی تی بکرێتو بەراوردی لەنێوان دابکرێت،بۆ گەلاڵەکردنی قۆناغەکان سوودێکی چاکم لە (ئەدەبی منداڵان) لە نووسینی (هادی الهیتی) بینیووە،بۆ دابەش بوونی قۆناغەکان.زۆربەی زانایان بەم جۆرە رێکەوتوون؛

**1- قۆناغی واقیعیو خەیاڵی سنووردار**

(وگسن) سەرۆکی قوتابخانەی خوو رەوشت رای وایە پاش لێکۆڵینەوە لە سەدان منداڵ گەیشتینە ئەو رایەی: دەتوانین شەخسیەتی منداڵ پاش 5 ساڵی بە هێزبکەین یان بیروخێنین12

کەواتە منداڵ لە (3-5) ساڵی پێویستە چاودێری بکرێت بە تایبەتی لە باری پەروەردەییەوە، چونکە وەکو1. س. مکادینکۆ دەڵێت؛ لەم ماوەیەدا ئەو کارەی کە دایكو باوك جێبەجێی دەکات لەسەدا نەوەدی کاری پەروەردەییە13 کەواتە بێ سێو دوو ئەم قۆناغە قۆناغێکی پڕ بەهایە لە ژینگەی پێگەیاندنی کەسیەتی منداڵدا.

باشترە بۆ پراکتیزەکردنی باسەکە چەند نموونەیەك بخەینە روو

گۆران لەشیعری جگەرتانین دەڵێت:
جگەرتانین،ساواتانین
گوڵی باخچەی هیواتانین
بزەی ناو بێشکەین بۆ دایکان
روناکی چاوین بۆ باوکان
دیوانی گۆران، لاپەرە – 423 -
ئەگەر تەنیا لەرووی ناوەڕۆکەوە لەم چەند دێرە ورد ببینەوە،دەبینین پڕ بە پێستی قۆناغی ناوبراوە،چونکە خاڵی بنەڕەتی ئەم قۆناغە ناسینی دەوروبەرە وەکو ناسینی باوكو دایكو خوشكو براو دراوسێ،بێجگە لەو خواردەمەنی‌یەی دەی خواتو ئەو جلەی لەبەری دەکات،نموونە بۆ ئەم قۆناغە لە ئەدەبی منداڵانمان زۆرکەمە، هەروەها با سەیری ئەم شیعرەی لەتیف هەڵمەت بکەین:
بووکە شووشەکەم شەنگە
شەڕ ناکاتو بێ دەنگە
قژی زەردێکی کاڵە
هەردوو روومەتی ئاڵە
چاوەکانی رەش رەشە
دەمی پڕ خەندەی گەشە
قۆڵو باسکی بێ تووکە
پەنجەکانی بچووکە
جلەکانی رەنگ رەنگە
ملوانکەکەی قەشەنگە
ئەم چەند دێرە پەیوەندی‌یەکی باشی بەو قۆناغەوە هەیە،چونکە وەکو وتمان لەم قۆناغەدا منداڵ دەوروبەرەکەی تاڕادەیێك دەناسێت بووکەشووشەش یەکێکە لەو شتانەی منداڵ لەم قۆناغەدا یاری پێ دەکات لەتیف هەڵمەت سەرەتا وەسفی بووکە شووشەکە دەکات،ئەو وشانەی بەکاری هێناون لەو تەوەرە دەسوڕێنەوە،شاعیر پاش وەسفەکەی وا لە منداڵ دەگەیەنێت کە درۆ نەکاتو جوێن نەداتو راستگۆو دڵپاك بێت:
هەرگیز بیانووم پێ ناگرێ
جوێن و بەردم تێ ناگرێ
زۆر دڵپاكو راستگۆیە
بێ کینەو بێ درۆیە
تا لە کۆتایی‌دا زۆر بە جوانی باسی نانو ئاو دەکات،کەچی بووکە شووشەکە وەری ناگرێ لەبەرئەوەی ماندووەو دەخەوێ:
شتی جوانی دەدەمێ
ئاوو نانی دەدەمێ
وەری ناگرێو نایەوێ
ماندوو بووە ئەخەوێ
جوانترین دێ،لاپەرە-37-
دکتۆر نوری جەعفەر رای وایە کە لە رووی زانستیو تاقی‌کردنەوەیش ئاشکرا بووە کەوا منداڵی ساغی دواکەوتوو لەرووی سایکۆلۆژی‌یەوە لەبنەڕەتەوە دەگەڕێتەوە هۆی دواکەوتنی نەشو

www.pertwk.com

نماکردنی دەماغی،بە شێوەیێکی ڕێكوپێك لەگەڵ دواکەوتنی لەرووی رۆشنبیرییەوە،مۆخی منداڵ لە (5) پێنج ساڵەی یەکەمی لە هەموو قۆناغێکیتر نەرمترو بە تواناترە لەرووی نەشونماکردنو گونجاندن،خۆ ئەگەر بێتو منداڵ لەم قۆناغەدا بە جوانی پەروەردە نەکرێتو مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری گونجاوی لەدەست بچێت ئەو کاتە مەشقدانی زۆر گرانەو قورس دەبێت 14 زانیمان ئەم قۆناغە چەند ناسكو وردبینانەیە،بۆیە وریاکردنەوەو موتابەعەکردنی منداڵ پێویستی سەرشانی هەموو دایكو باوکێکە،پاش ئەوەی وەکو نموونە دوو شیعرمان هێنایەوە.

ئێستا باسی چیرۆك دەکەین،دەتوانم بڵێم چیرۆکی تایبەت بەم قۆناغەمان نیەو نووسەران ئەگەر بەلاشیدا رۆیشتبن ئەوا کەمو کوڕی تێدایە،بەڵام هەندێك چیرۆکی بەرئاگردانی کوردەواری هەیە، بۆ ئەم قۆناغە دەشێن،وەنەبێت ئەو چیرۆکنووسانەی کە بۆ منداڵان دەنووسن هەوڵی نووسینی ئەو چیرۆکانەیان نەبێت،هەوڵەکە هەیە بەڵام هێشتا لەچرۆکردن دایە هادی الهیتی لەمەڕ چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە دەڵێت ( ئەو چیرۆکانەی بە پلەی یەکەم دێن ئەو چیرۆکانەن کە باسی- زات- دەکەن) 15 لە شوێنێکیتردا دەڵێت: (لەم قۆناغەدا منداڵ مەیلی بۆ گێرانەوەو لاسایىو نواندن هەیە،ئەو چیرۆکانە تەمسیل دەکات کە گوێی لێ دەبێت) 16

## 2- قۆناغی خەیاڵی بەرفراوان

ئەم قۆناغە ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە لە نێوان تەمەنی (6-8) ساڵیدان،لەم قۆناغەدا منداڵ لە خەیاڵی سنووردارەوە بۆ خەیاڵی بەرفراوان دەچێت،بوونی قاوغێکیتریش بۆ منداڵ گۆڕانێکە بەسەر لایەنی جەستەییو فکری منداڵدا دێت،هەرچەندی گۆڕانەکەش بەرەو پێش بڕوات منداڵ هەست بە کۆمەڵێك شتیتر دەکات،دەرچوونی منداڵیش لەقوتابخانەی ماڵەوە بۆ قوتابخانەیێکی ئاسایی گۆڕانێکە لە هەموو بارێکەوە منداڵ بەخۆوەی دەگرێت،بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئەم قۆناغە کراون منداڵ ئارەزوویێکی لەسوار سوارانێو ئەو وێنانەی لەمێشکی دەکێشێت هەیە کە رۆژانە دەیانبینێت بە تایبەتی ئەو وێنانەی لە قوتابخانەو ماڵەوەو شەقامو کۆڵان دێنە بەرچاوی هادی الهیتی لەمەڕ ئەم قۆناغە نووسیویەتی؛لەم قۆناغەدا پەیوەندی منداڵ بە دایکی پەیوەندی سۆزو خۆشەویستییە لە گەڵێ دەدوێتو هەروەها پەیوەندی بە باوکی لە سەر بناغەی رێزو سەرسوڕمانو ترس بنیات دەندرێت 17 قوتابخانە کاریگەرییێکی گەورەی لەسەر پێگەیشتنی منداڵ هەیە،بە کورتی لەم قۆناغەدا منداڵ خەیاڵە سنووردارەکەی فراوان دەکات،بەم نموونەیە لە شیعرەکانی عەزیزی مەلا ئەحمەدی رەش دەست پێدەکەین؛

قوتابیم لەپۆلی دوو
خاوەن حەزو ئارەزوو
بەیانیان لەگەڵ هەتاو
هەڵ دەستم بەدڵو داو
زوو دەچم چاوم دەشۆم
جل دەگۆڕم نان دەخۆم

ئەم چەند دێرە بۆ ئەم قۆناغەی گەشەی منداڵ نووسراوە،ئەم شیعرە شیعرێکی سەرکەوتووەو منداڵانی ئەم قۆناغە دەتوانن لەبەری بکەن،خوو رەوشتی بە سوودی تێدایە،بەڵام خۆزگە ئەم دێرە بەم شێوەیە نەدەبوو:

بەرەو قوتابگا دەچم
زانستی بیر فێردەبم
پشیلۆکە، ل 13

وشەی (قوتابگا) لەفەرهەنگی منداڵاندا دەست ناکەوێتو نیە،بەڵکو وشەیەکی داتاشراوە ئەمەش بۆ منداڵ سوودی نیە، دایکی سۆلاف یەکێکە لەو ژنانەی هاتۆتە کۆڕی ئەدەبو زیاتر وەك دایکێك کاری لەسەر ئەدەبی منداڵان کردووە. ئا ئەوەتە لە شیعرێکدا کە پڕ بە پێستی ئەو قۆناغەیە دەڵێت؛

ڕۆڵەم ئەی خۆشەویستم

ئامانجو هیواو هەستم

کۆرپەم ئاواتی دوارۆژ

بەشیری پاك کرای گۆش

* * *

ئێستا کە تۆ منالّی

بەتەمەن وا شەش ساڵی

هەتا دەگاتە:

ئامادەبوون بۆ خوێندن

بۆ فێربوونو گوێ گرتن

دەمو چاوت پاك بشۆ

لەسەر خۆ نانت بخۆ

گۆڤاری نووسەری کورد،ژمارە-3- لاپەڕە– 19 -

لەم قۆناغەدا منداڵ حەز لەو جۆرە چیرۆکانە دەکات کە کۆتاییەکەی بەشتێکی سەیرو دوور لەدەوروبەرەکەی هاتووە،ئەمەش زیاتر بیری منداڵ فراوانتر دەکاتو گەشە دەکات،با بۆ نموونە ئەو چیرۆکەی لەتیف هەڵمەت بهێنینەوە کە چۆن دەچێتە ناو دارستانێكو ڕووداوێك بۆ منداڵان هەڵدەهێنجێتو دەیکاتە دیاری باخچەکەیان،کە چۆلەکەیەكو ڕیشۆڵەیەكو بلبلێك لەسەر دارێك هێلانەیان کردبوو.ئێوارانێك بلبلەکە کەوتە داوی ڕاوچیەکەوەو گرتیو بردیو خستیە قەفەزێکەوە ڕەنگە زۆربەی منداڵان دیمەنی بەم جۆرەیان نەدیبێت بەڵام کە گوێیان لەم چیرۆکە دەبێت یەکسەر هەست بەشتێك دەکەن،بەیانی زوو چۆلەکەکە گوتی (من دەنگ خۆشترین مەلی ئەم دارستانەم! ڕیشۆڵەکەش خۆی لێ فش کردەوەو گوتی:وانیە لەم دارستانەدا مەلی لە من دەنگ خۆشتر نیە! چۆلەکەو ڕیشۆڵەکە بوو بەشەڕیان هەمو پەڕو تووکی خۆیان بەسەر دارەکاندا وەراند ئەم جۆرە شتانەش لەنێوان منداڵاندا هەیە،تا لەکۆتاییدا بلبلەکە لەقەفەزەکە ڕزگاری دەبێتو بۆ دارستانەکە دەگەڕێتەوە،ڕزگاربوونەکەش بەم جۆرە بوو (بۆ نیوەڕۆ کوڕە بچکۆلەکەی ڕاوچیەکە ویستی یاری بە بلبلەکە بکا..دەرگای قەفەزەکەی کردەوەو پەنجەی بۆ دەنووکی بلبلەکە درێژ کردو . بلبلەکەش ئەمەی بە هەل زانیو فڕیو دای لەشەقەی باڵو بۆی دەرچوو خۆی گەیاندە دارستانەکەو لەسەر هێلانەکەی خۆی دانیشتەوەو دەستی بە خوێندن کردەوەو چۆلەکەو ڕیشۆڵەکەی لەشەرماندا دارستانەکەیان بە جێهێشتو دارستانەکە پێیان پێکەنیو شنەبای فێنکیش هەمو پەڕو تووکەکانیانی بۆ جێگاییێکی زۆر دوور ڕاماڵی). دەنگ خۆشترین مەل ل17 تەنیا سەرنج سەبارەت بە وشەی (دانیشتەوە) هەیە بۆ باڵداران پێویستە بڵێین؛هەڵ نیشتەوە

**3- قۆناغی پاڵەوانێتی**

ئەم قۆناغە لەتەمەنی 8-12 ساڵی دەست پێ دەکاتو بەوە جیا دەکرێتەوە کە منداڵ هەمیسان خۆی دەخزێنێتە قاوغێکیتر ئەویش دوور کەوتنەوەیە لەشتی خەیاڵیو نزیك بوونەوەیە لە واقیعو گرنگیدان بەشتی هەقیقی،منداڵ دەکەوێتە جووڵەییێکی بێ شومارو لە شوێنێك بە تەواوی ئارام ناگرێت چونکە هەوڵ دەدات خۆی لەجیهانێکیتر بدۆزێتەوەو جیاوازبێت لەجیهانی

قۆناغەکانی پێشووی چونکە جووڵانەوە شێوەی بوونی ماددەیە لەهیچ شوێنێکدا ماددە بێ جووڵانەوە نییەو نابێت عەزیز گەردی لەمەڕ ئەم قۆناغە نووسیویەتی (لەکوردەواری خۆماندا بەزۆری منداڵ لەم دەوروبەرەدا حەز لەیاری شارگڕانێو قاوقاوانێو .. هتد ئەکا چونکە ئەم جۆرە یاریانە گیانی منافەسەو بەربەرەکانییان تێدایە) 18لەم قۆناغەدا منداڵ زیاتر حەز لە کۆمەڵ کۆمەڵ بوون دەکات بۆ نموونە دروستکردنو پێکهێنانی تیپی یاری کردن لەنێو خۆیاندا،هەمیسان کە پاڵەوانێك لە تەلەفزیۆن،یا وێنەیێك لەرۆژنامەو گۆڤارێك دەبینێت حەز دەکات لاسایی بکاتەوە (منداڵ دەتوانێت رووداوی مێژوویی‌و هەقیقەتی زانستی‌و گرێو دەستەواژەو سروودو گۆرانی‌و هەندێك لە هەڵبژاردەی شیعرو پەخشان لەبەربکات) 19 پێش ئەوەی نموونە لەو ئەدەبە بهێنمەوە کە بۆ منداڵانی کورد نووسراوە دەمەوێت دەست نیشانی خاڵێك بکەم،لەم قۆناغەدا منداڵ توانای شیعر دانانی هەیە بۆ نموونە ئەم منداڵانە بیانییانە لە تەمەنی قوتابخانەیاندا شیعریان نووسیوە (ستیفن (Stcphenو (ئان (Anneو (جانیت (Jannetteبۆ نموونە جانیت لەشیعری (سارد) دەڵێت:

ئەم دونیایە چەند ساردە

بەفر لەسەر زەوییە20 .. هتد

ئەو ناوانەی ناوم بردن لە تەمەنی (11)ساڵیدا شیعریان نووسیوە وا ناوی چەند منداڵێکی‌تر دەنووسم کە لە تەمەنی (12) ساڵیدا شیعریان نووسیوە (دیانا( Dianneو (سوزان (Susanو (هاری (Harryو (لورا (Lauraو (مارلین (Marlyneو (دیفید(Davidو (ئەرنۆلد (Arnold و (ڤیلما:(Vilmaبۆ نموونە مارلین لەشیعری رووخانی خانوودا دەڵێت:

لەسەر شەقام دەرۆیشتم

سەیری سێبەرەکەی خۆمم دەکرد

گوێم لەدەنگی یەکێ بوو هاواری دەکرد

خانووەکەم دەڕوخێ

فریام کەون!

فریام کەون! 21.هتد

لە هەندێك ژمارەی رۆژنامەی هاوکاری-یشدا ناوی چەند منداڵێك هاتووە کە گوایە لەم قۆناغەدا شیعریان نووسیوە ژمارەکانیش بریتین لە (492)و (510)و (511) بەڵام ئەمڕۆ لەم جۆرە شیعرانەمان بەرچاو ناکەوێت،ئینجا نازانین سوچەکە لەکامە لایە؟ فەرەیدون عەلی ئەمین لە ژمارە سێی گۆڤاری- نووسەری کورد- ی خوولی دووەمدا شیعرێکی بە ناوی بلبل وتی بڵاو کردۆتەوە کە شیعرێکی سەرکەوتووە،مامۆستا بلبل-ی وەکو گیانەوەرێك هێناوەتەوەو روو لەمنداڵ دەکاتو پێی دەڵێت:

کاکەی مناڵ

بەهەزار حاڵ

یەکێکی وەك تۆم دەس کەوێ

خۆشی بویم،خۆشم بوێ

قسەی دڵمی لەلا بکەم

کە تێم بگاتو تێی بگەم

هەر لەم شیعرەدا سەرکەوتنەکەی مامۆستا لەوەدایە کە رەوشتی چاکە بە منداڵ پیشان دەدات لەم کۆپلەیەش بە جوانی دیارە کە بلبل گلەیی لە چەند منداڵێکە گرتویانەو واشمان تێ دەگەیەنێت کە بێ فڕوفێڵە:

کاکەی مناڵ
گوڵی ناوماڵ
من حەز ناکەم کەس بم گرێ
کێ بم گرێ خوا ئەی گرێ
چونکە من بێ فڕوفێڵم
چونکە من بۆ چاکە وێڵم
لەکۆپلەی کۆتایدا بلبلەکە بە خلەخل دەچێتە لای منداڵ تا بە هەوەس دنیا بکەن بە گۆرانی:
کاکەی مناڵ
شنەی شەماڵ
من بلبلم،بلبل،بلبل
بەلەش بچووك، بەئەقڵ زل
من بلبلم،بلبل،بلبل
دێم بۆ لای تۆ بەخلەخل
تا بەهەوەس،بە ئاسانی
دنیا بکەین بەگۆرانی

زانای فەرەنسی– فلورانت- دەڵێت: باشترین تەمەن کە منداڵ تیایدا دەتوانێت ئەو زانیاریانەی پێی دەڵێت وەری بگرێ تەمەنی نۆ ساڵانە22 هەر لەم قۆناغەدا منداڵ حەز دەکات کە لەسەر زمانی گیانداران شتی پێ بڵێیت بە تایبەتی ئەو چیرۆکانەی باسی پاڵەوانێتیو ئازایەتی دەکەن،هەروەها چیرۆکی مێژوویش بەشێکە لەحەزی منداڵانی ئەم قۆناغە،ئێستا با ئەم چیرۆکەی لەتیف هەڵمەت وەربگرینو بزانین بەچکە هەڵۆ بۆ دەیەوێت بفرێتو پاڵەوانێتی بنوێنێت( بەچکە هەڵۆیەکی زەرنەقووتە تازە لە هێلکە دەرچوو بوو.هەموو رۆژێ دەیبینی دایکی لە هێلانەکە دەردەچێو فڕ دەدا لەشەقەی باڵ لەشینایی ئاسماندا ون دەبێو نیوەرۆش خۆراکی خۆشی بە دەنووکیدا بۆ دێنێتەوە) لەم چەند دێرەی پێشەوەدا وەکو سەرەتای چیرۆکەکە نە دەبوایە لەتیف هەڵمەت پەلەی بکردبوایە،چونکە منداڵ کە گوێ لەم چیرۆکە دەگرێت وا هەست دەکات کە بەچکە هەڵۆییێك لە دایك بووەو یەکسەر سەیری دایکی کردووە کە چۆن خۆراکی بۆ دێنێت،بەڵام ئەو بینووسیبایە پاش چەندان رۆژ دوای لە دایك بوونی بەچکە هەڵۆکە سەیری کرد چۆن دایکی لەشەقەی باڵ دەدا (بەچکە هەڵۆکە زۆری حەز لەفرین بوو لە دوورەوە چاوی لە سەوزایی دارستانەکان بوو...چاوی لەو شەپۆلە ئاوانەبوو..کەوەك دڵدار دەس لەملانی یەکتر دەبوون...چاوی لەو چۆلەکە قەڵەوو بچوکانە بوو کە بەبەر هێلانەکەدا دەفڕیو حەزی دەکرد دوایان کەوێو پەرو باڵیان داماڵێو لەبن دارێکی دارستانێکدا لووشیان کاو لە رووبارێکی چرپیشدا دەستو دەنووکی بشۆرێو تێر ئاوی رەوان بخواتەوە) ئەگەر لەم چەند دێرەی سەرەوە وردبینەوە وەسفی سروشتو باسی جوڵانەوەی تێدایە کە ئەمەش خاڵێکی گرنگە لە ئەدەبی منداڵاندا (چەند رۆژێك لەدایکی دەپرسی دایە گیان کەی رێم دەدەی بۆخۆم بفرمو وەکو تۆ ئازادبم...دایکی دەی وت. جارێ ماوتە هێشتا ناتوانی.. رۆژێ دایکەکەی لە هێلانەکەدا نەبوو بەچکە هەڵۆکە وتی: خۆ باڵەکانم لەباڵی چۆلەکەکان گەورەترە گوایە ئەوان بۆ دەتوانن بفڕنو من ناتوانم..! بەچکە هەڵۆکە لەم خەیاڵانەدا بوو فڕ باڵی گرتەوەو لەهێلانەکەی دەرچوو بەڵام نەی توانی باش بفڕێو کەوتە شیوێکەوەو پەنجەی قاچێکی شکاو سەریشی بریندار بوو لەتاواندا هاواری کرد؛ لەوکاتەدا دایکی هاتەوەو گوێی لە دەنگی بەچکەکەی بوو..لە شیوەکەدا بەدی کردو

هەڵیگرتو بۆ هێلانەکەی بردەوەو پێی وت: رۆڵەکەم ئامۆژگاریم نەکردی ئاخر پێم نەوتی هێشتا ناتوانی...بە چکە هەڵۆکە وتی:

-بەڵێن بێ دایکە ئیتر قەت لەقسەت دەرنەچمو هەتا تۆ پێم نەڵێی نەفرم) جوانترین دێ، لاپەڕە- 42-41

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی سەرکەوتووە،بەلاَم خۆزگە لەتیف هەڵمەت لەجیاتی وشەی (شیو) (دۆڵ)ی بەکار دەهێنا،چونکە کە منداڵانی دەشتی هەولێر گوێیان لەم چیرۆکە دەبێت وا دەزانن بەچکە هەڵۆکە کەوتۆتە ناو (چێشت) چونکە لە گۆڤەری هەولێردا لەجیاتی (چێشت) (شیو) بەکاردەهێنن.

## 4- قۆناغی مێرد منداڵی

ئەم قۆناغە ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە دەکەونە نێوان تەمەنی (12-15) ساڵی،لەم قۆناغەدا منداڵ لەقاوغە نەرمو نیانەکەی دێتە دەرەوەو ئەرکی گرانترو مێشکی فراوانترو...ژیانی پڕ ئەرکتر دەبێت،ناسینی دەوروبەر لە لای منداڵ زیاتر دەبێت،ئەو شتانەی پێشتر بە بێ لێکۆڵینەوە سەیری دەکردن ئەمڕۆ بیریان لێ دەکاتەوە،بیرکردنەوەیێکی قووڵو ورد،ئەمەو سەربارەی توندو تۆڵ بوونی ئەندامەکانی لەشی کە پێویستییەکە لەگەڵ ئەم قۆناغەی منداڵدا دەگونجێتو تا لەگەڵ دەوروبەرەکەی بکەوێتە ململانییێکی ئەنجامدار،جیاکەرەوەیێکی‌تری ئەم قۆناغە هەست کردنە بە (جنس) کە ئەگەر لە قۆناغەکانی‌تردا هەبێت ئەو لە تەمەنی نێوان (11-12) بەدی دەکرێت،بەلاَم لەم قۆناغەدا بە شێوەیێکی فراوانتر لەلای منداڵ دەبینرێت...سەرەڕای ئەمانە هەروەها منداڵانی ئەم قۆناغە حەز بە شتی کەسبی دەکەن،کە ئەمەش بەشێکە لەو سەربەستییەی لەخێزانەکەی داوا دەکات،هەر لەم قۆناغەدا منداڵ حەز لەشتی جۆراو جۆر دەکات کە بیخوێنێتەوە،وەکو چیرۆكو هەواڵو وتاری سیاسی.. هتد دەتوانین ئەوەش بڵێین کە منداڵانی ئەم قۆناغە حەز لەو نووسینانە دەکەن بیخوێننەوە کە گەورە دەیخوێننەوە،ئەمەش دۆزینەوەی کەسێتیەکەیەتی...شتێکی‌تر ماوە ئەویش،منداڵانی ئەم قۆناغە هێندە گوێ بە دایكو باوکیان نادەن،بە تایبەتی بۆ هەڵبژاردنی برادەرو مامەڵەکردنو هەڵسو کەوت لەگەڵیدا بابزانین لەم قۆناغەدا منداڵانی جیهان چیان کردووە،وا ناوی چەند منداڵێك دەبەم لەم قۆناغەدا شیعریان نووسیوە وەکو: (کارل(Carl-و (ئیستر (Easter-و (جیلیان(Gilian-و(تد ) (Tad-جۆن(John-و (کۆلین-Colin)و (وڵتەر (Walter-و (شیلا (Sheile-و (لین ( Lynn-و (شیرلی (Shirley-و (دیڤید (David-و (مێ(May-و (بریان (Brain 23 ئەم دیاردەیەش رەنگە لە نێو منداڵانی کوردیش پەرەی بسەندبایە ئەگەر ئەم قاوغە تەسکە نەمابایەو هەرەسی بهێنابایە،بۆ نموونە ساڵی (1980) خوشکێكو براییێك بەناوی سروە نوری دزەییو مەریوان نوری دزەیی کۆمەڵێك وتارو شیعرو چیرۆکی منداڵانەیان بەناوی (ئارەزوو) لەچاپدا بەلاَم کوانێ بۆ گرنگی بە بەهرەکانیان نەدرا پاش (ئارەزوو) دەنگیان نەما؟!

تێکەڵکردنی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ لەلای نووسەرانمان،وامان لێ دەکات کە زۆربەی ئەو نووسینانەی مۆری منداڵانیان لێ دراوە بخەینە دووتوێی ئەم قۆناغە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1- ئەدیبانی کورد گوێیان بە دابەش کردنی قۆناغەکان نەداوە،هەر بۆیە تێکەلاَوکردنی قۆناغەکان لای زۆربەیان بەدی دەکرێت.

2- بۆیە دەڵێم پەیوەندی‌یان بەم قۆناغە هەیە چونکە منداڵانی ئەم قۆناغە زیاتر لەمنداڵانی قۆناغەکانی‌تر مێشکیان زیاتر گەشەی کردووە،ئەگەر بە قۆناغەکانی‌تر بەراوردیان بکەین؛

ا- یان لەرووی داڕشتنەوە پەیوەندی‌یان بەم قۆناغەوە هەیە.

ب- یان ئەو زمانەی کە بەکارهاتووە لەم قۆناغەوە نزیکە.

3- سەربارەی خاڵەکانیتر جۆری هەڵبژاردنی بابەتیش دەور دەگێڕێت.
ئەم خاڵانە وامان لێ دەکات کە ئەو نووسینانەی کە بۆ منداڵانی کورد نووسراون،زۆربەیان لە نێو ئەم قۆناغەدا ریزبەند بکەین،بۆ نموونە وەك کۆمەڵە چیرۆکەکانی (دڵ لەگوڵ ناسکترە) و (زێرینو کاڵێ) و(وریابن خەوتان لێ نەکەوێ) و (گوڵەباخ).. هتد،ئەگەر چیرۆکەکانی ئەم چوار کتێبە وەکو نموونە بخوێنینەوە،ئەوا لەزۆربەی خاسیەتەکانی ئەم قۆناغە نزیکن،لە نووسەرەکانیان دەپرسین ئایا بۆچی ڕێگای دابەش بوونی قۆناغەکانتان نەگرتووە؟وەڵامی ئەو پرسیارە لای نووسەر خۆیەتی چونکە شیکردنەوەی حاڵەتی دەروونی قۆناغەکانو مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوی چیرۆکەکان شتێکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی نووسەران،بە گوێرەی زەمینە ڕۆشنبیرییەکەی دەپێوڕێت،دەبینین نووسەرێك لەچیرۆکدا باسی دووحاڵەت دەکات،بارێکیان لەقۆناغی پاڵەوانێتی نزیکەو حاڵەتێکیتر لەقۆناغی خەیاڵی بەرفراوان نزیکە،ئەمەش نابێت لەوچیرۆکانە ڕەنگ بداتەوە کە بۆ منداڵان دەنووسرێن،چونکە منداڵ لەو قۆناغەدا خاسیەتی جەستەییو گەشەی تایبەتی هەیە،شیعریش بە هەمان دەردی چیرۆك بردراوە،کام کتێب هەڵدەدەیتەوە نموونەی ئەم قۆناغەی تێدایە بەڵام ناوە. ناوە ڕووبەڕووی دەقی سەرکەوتوو دەبینو بەگوێرەی قۆناغەکان ڕاستە ڕێیان گرتووە هەر وەکو ئەو نموونانەی لەپێشەوە هێنامانەوە،لەوە دەچێت لە هێنانەوەی هەندێك نموونەدا سەرچیغ چووبم بەڵام منیش هەقمە ڕای خۆم دەرببڕم.

**<u>3- شێوازی نووسین لای نووسەرانی کورد</u>**

کاکەی فەللاح کە شیعرێك بۆ منداڵان دەنووسێت تێبینی ئەم خاڵانە دەکات:
1- دەبێ بە هەموو بایەخو هەستو هۆشو ئاگاداریمەوە ڕوو بکەمە جیهانەکەیان.
2- وەك پەپولەیێك بە شوێن ئەو گوڵو بۆنو گەڵاو چڵانەدا بگەڕێم کە مەبەستیانەو چێژی لێ دەبینن.
3- تا بتوانم بەزمانی خۆیانەوە دەری ببڕم.
4- کاروباری پەروەردەییو زانستی مەبەست بێت.
5- تا بتوانم دێڕە شیعرەکان کورتو مۆسیقادارو ئاهەنگاوی بێت.
6- بزوتنەوە کارێکی هونەری گەورەیە لەشیعر بۆ منداڵدا.
7- هەروەها وێنەو دێڕە شیعری وێنەداری-تەسویر- دڵگیریش.
8- لە فەرهەنگی تایبەتی منالەوە وشە وەردەگرم.
9- منالەکە خۆی باشترین مامۆستای پەسەندکراوی شیعرەکە بێت 24.
ئەگەر ئەم چەند خاڵەی کاکەی فەللاح هەر هەمووی پەیوەندی بە شێوازی ئەدەبی منداڵانەوە نەبێت ئەوا چەند خاڵێکی دەست دەدات شێوازی ئەدەبی منداڵان لەسەر ڕوونیو ئاشکرایی لە ڕێکخستنی وشەو ڕستەو کورتبڕی واتە چەندی دەکرێت ڕستەکان کورتبنو بە کەمترین وشە واتاکەی بدات بەدەستەوە،هەروەها پێویست بە شتی زیادو ڕەوانبێژی ناکات چونکە لەگەڵ جیهانی منداڵاندا ناگونجێت،بە تایبەتی قۆناغە سەرەتاییەکانی،هەروەها گرنگیدان بە ئیستاتیکا زیاتر شێوازە کە دەرازێنێتەوەو منداڵ بەرەو بەرهەمەکەی کێش دەکات.وەرگرتنی وشەش لەفەرهەنگی منداڵان خاڵێکیترە کە شێوازی ئەدەبی منداڵان بەهێز دەکات باسکردنی چەند نموونەیێکی ئەدەبی باسەکەمان بەهێز دەکاتو زیاتر لەلایەنی زانستی نزیك دەبێتەوە (پادشا وتی! ئەگەر هەموو بەیانییێك کە دەکەوێتە چریکەو چرین باسی جوانی کۆشکەکەمو خۆشی باخەکەمو بەرزی تاجەکەم بکەی هەموو پەڕی لەشت لەزێڕو لەعلو مەرجانو مرواری دەگرم) 25 ئەگەر تەنیا لەڕووی شێوازەوە بڕوانینە ئەو پارچەیەی سەرەوە دەبینین جوانکارییێکی

سەرنجڕاکێشەری تێدایەو خۆشی بۆ منداڵان دەخاتەوە،دەبا سەیری ئەو چەند دێڕەی جەزا عەلی ئەمین بکەین کە بە جوانیو وردی چیرۆکەکەی داڕشتووەو شێوازێکی ڕێكو پێکی پێبەخشیوە (ڕێوی لاکەی سکی دەهات لە برسان خۆی بە زەوی داداو رووی کردە ورگی:- ها ورگە شین! دەڵێی برسیتە؟هەر ئەوەندەی بڵێی یەكو دوو،مریشکە قۆڵەییێکی ناسکت بۆ دێنم- ورگە شین وتی؛ مریشکێك کەمە...بەشم ناکات...دوو مریشکم دەوێت...لاقەکانی مام ڕێوی بە ورگە شینیان وت؛ دوو مریشك زۆرە...هتد)26

ع.ع. شەونم دەڵێت: (هەڵبەستی مناڵ بەپێی ڕێباز (اسلوب) 27 پێویستە وشەکانی سادەبنو رستەکانی رەوان بن! تا مناڵ بتوانێت لەبەری کاتو بیڵێ. پێویستە کێشەکەی کورتو ئاوازدار بێ چونکە کێشی درێژ دەبێتە هۆی هەناسە سوار بوونی مناڵ،ئەبێ هەر دێرێك لە هەڵبەستەکە لەنگەری تایبەتی خۆی جیا بێت,واتا لەتوانادا بێ ناوەڕۆكو مەبەستی هەڵبەست بە کەمترین دێڕ بدرێت بەدەستەوە) 28

لەگەڵ ئەم وتەیەی مامۆستای ناوبراودا چەند نموونەیێك لەو شیعرانەی بۆ منداڵانی کورد نووسراون!؟ دەهێنینەوە بۆ ئەوەی بزانین نووسەران لەم لایەنە سەرکەوتوون یان نا؟

قوتابیو زیرەك رۆڵەی هوشیارم
چاو تێرو نەبەردو ئازاو بەکارم
شاگوڵی باخی ژیانی میللەت
تیماری زامی نەبوونیو مەینەت29

ئەم چەند دێرە بۆ منداڵان نووسراوەو مۆری منداڵی لێ دراوە پێشەکی دوو نیوە دێری یەکەم،یان دێری یەکەمو دووەم 11 برگەیە دوو دێرەکەی تریش 10برگەیە،بەرای من کە شیعرێك بۆ منداڵان دەنووسین پێویستە رەچاوی برگە بکەین بۆ ئەوەی مۆسیقای خوێندنەوەکەی لەنگ نەبێت ئەم شیعرە دوو جۆرە برگەی تێدا بەکارهاتووە،سەرەرای ئەوەی شیعرێکی پشوو درێژە،واتە ژمارەی برگەکانی گەیشتۆتە 10و11 برگە کە ئەمەش منداڵ تووشی هەناسە سواری دەکات،لە رووی ژمارەی برگەوە باشترین شیعر ئەوەیە کە ژمارەی برگەکانی کەم بێت،راستە نموونەی لەم جۆرە لە نێو ئەو شیعرانەدا هەیە کە بۆ منداڵانی کورد نووسراون بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە زۆربەی ئەو شیعرانەی بۆ منداڵان نووسراون7 برگەن،کە ئەمەش زیاتر لەگەڵ منداڵ دەگونجێت وەکو راهاتنێکیش لێی راهاتووە چونکە لە فۆلکلۆردا شیعری زارۆکان لەسەر ئەم کێشەدا هەیە:

ئەللو بەلوور تەکامە
زەردو سوورو شەمامە

یان هەندێك شیعریتر لەسەر کێشی 6 برگە لەفۆلکلۆردا هەیەو منداڵان بە گۆرانی دەیڵێن :

هۆ ڕێوی ڕێوی...هۆ
ڕێوی بێ ئیمان...هۆ
شەریکی شەیتان...هۆ

نموونەش بۆ ئەمانە زۆرەو لەو کتێبانە بەدی دەکرێن کە بۆ منداڵان نووسراون،با دوا وشەی ئەم بەشەمان ئەم چەند دێرە شیعرەی جەزا عەلی ئەمین بێت بە ناوی ئەستێرە کە لەگەڵ بیرو کارو کردەوەی منداڵدا دەگونجێت:

ئەستێرە بووکی شەوە
پێڵووی سووکەو بێ خەوە

شەوانە چاو هەڵێنێ
تاریکی دەڕەوێنێ 30

**4- ململانێ**

کەمێك گەڕانەوە بۆ دواوەو هەڵدانەوەی پەڕی کتێبە قەد کراوەکانی سەر رەفەی کتێبخانەکان هاندانێکە بۆ ئەوەی ئەمڕۆمان رووناك‌و پڕ گۆڕان‌و پێشکەوتن بێت،ژیانە سادەکەی ئادەمیزادو گوزەران لەگەڵ سروشتدا نیشانەی سەرهەڵدانی یەکەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی‌یە،تێروانینی زانستی وای دەرخستووە کە پەیوەندی بەرجەستەیی لەنێوان مرۆڤ‌و سروشتدا هەبووە جا دەتوانین یەکەم راهاتنی مرۆڤ بە ململانێ دابنێین،چونکە ژیانە سەختەکەی مرۆڤ وابووە بکەوێتە ململانێ لەگەڵ سروشت‌و دەوروبەرەکەی‌دا،دەست نیشانی ئەو سەرهەڵدانەمان کرد چونکە ژیانی منداڵ کەمێك نزیکە لەژیانی سەرەتایی ئادەمیزاد،ژیان دەگۆڕێت‌و گۆڕانی بەسەردا دێت مرۆڤیش تەواوکەری تەرازووی گۆڕانەو خۆی رای دەپەڕێنێ،گواستنەوەی مرۆڤ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی‌تر وامان پیشان دەدات کە ململانێش سەربارەی لەگەڵ سروشتدا لە نێوان مرۆڤ‌و مرۆڤ سەرهەڵدەدات،بۆ نموونە؛منداڵێك کە تازە هەوڵ دەدات فێرە رۆیشتن بێت،هەڵدەستێتەوەو دەڕواو دەکەوێ،ئیتر کارەکەی چەندان جار دووبارە دەبێتەوە،جاری واهەیە کە منداڵەکە دەکەوێت دەست بە گریان دەکات،ئەگەر ئەو گریانە بە نائاگایش دابنێین دژی زەوی‌یە چونکە منداڵەکە وا هەست دەکات هۆی کەوتنەکەی زەوی‌یە،بەڵام لەبنەڕەتدا بۆ ئەندام‌و ماسولکەکانی لەشی دەگەڕێتەوە کە هێشتا بەهێزو پتەو نەبووە،ئەگەر ئەو کەوتنەی منداڵ بە ململانێ لەگەڵ سروشت دابنێین هیچی کەمتر نیە لە ژیانە سادەکەی ئادەمیزاد،هەروەها ئەمڕۆ بەقەد مرۆڤی گەورەش منداڵ تووشی چەوسانەوە هاتووە،بۆ نموونە لەخوارووی ئەفەریقیادا رۆژ نیە چەندان منداڵ بە برسێتی سەرنەنێنەوە ئەگەر ئەوە ململانێ نەبێت لەگەڵ سروشت‌و ژیاندا ئەی چییە؟! پێش ئەوەی بچینە دوو توێی ئەو کتێبانەی کە بۆ منداڵان نووسراون پێویستە دەست نیشانی ئەو خاڵە بکەین کە ململانێی چینایەتی‌و نەتەوایەتی وەکو دوو جۆری ململانێ بە زەقی لەقۆناغی سەرەتایی منداڵدا دەرناکەوێت،بە تایبەتی لە کاتی گەشەیدا وەك قۆناغی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم،بەڵام لە قۆناغی چوارەمی ژیانیدا تا رادەیەك هەست بە ململانێی نەتەوایەتی دەکات‌و هەستی نەتەوایەتی لای‌چرۆ دەکات.

ئێستا بزانین ئەو ململانێیە چۆن لە ئەدەبی منداڵان رەنگی داوەتەوە کە بە زۆری لەچیرۆکدا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت،بۆیە هەوڵ دەدەین نموونە لە چیرۆك بێنینەوە مەبەستم ئەوە نییە لە شیعردا باس نەکراوەو نی‌یە بەڵام بەڕای من لەبەر ئەوەی چیرۆك بوارەکەی لە شیعر فراوانترە بۆیە دەتوانین لەچیرۆکدا زیاتر ئەمە بدۆزینەوە،لایەنی ململانێ لە ئەدەبی منداڵاندا خێرو شەڕە کە ئەمەش یەکێکە لەخاڵە بنەڕەتییەکانی ئەفسانە واتە بەشێکە لە ژیانە سادەکەی پێش سەرهەڵدانی فەلسەفی بەڵام ئەمڕۆ ئەوخێرو شەڕە هەمان رووی کۆنی نییە بەڵکو جلێك‌و ناوەڕۆکێکی‌تری وەرگرتووە کە بە زۆری دەکەوێتە سەر شیکردنەوەی دەروونی پاڵەوانەکان خێرو شەڕە،واتە دوو رووی لە یەك جیاواز وەکو (رەش‌و سپی،راست‌و چەوت،ترش‌و شیرین،قەڵەو‌و لاواز،تاریك‌و روون،چەوسێنەرو چەوساوە،زیرەك‌و تەمبەڵ،دەوڵەمەندو هەژار...هتد

(قەڵەمی شۆڕشی)31 چیرۆکێکی سدیق خالید هروری‌یەو باسی دوو روو دەکات‌و رووەکانیش لەگەڵ یەك ناتەبان ئەو ناتەباییەش ململانێی دروست کردووە،شۆڕش قەڵەمێکی جوانی هەیەو حەزناکات زوو...زوو بیتراشێت بەڵام رۆژێك لە رۆژان قەڵەمەکە دەکەوێتە بەردەستی (تووریـن)ی خوشکی‌و دەیتراشێت (چوو قەڵەم‌و قەڵەم تراش ژێ ئینانە دەرێ ئو هەر قەڵەمێ شۆڕشی تراشی هەتا کو کریە قتوك!!) کە شۆڕش هاتە ماڵەوەو ئەمەی بینی ویستی لە (توورین)ی خوشکی بدات

(بەڵێ دایکاوی نەهێلاو گوتێ: (شۆڕش...حەقێد نە ئەوە ئو قەنج لێ کر هەکو توخەم ژ تشتید خۆ نەخۆی دێ هەرو کتێبو قەڵەمێد تە د بەرزەبنو دریای بن) ئەمە دوو رووەکەی پیشان دا (شۆڕش) لایەنی چاکەو (توورین) لایەنی خراپە،ئیتر شۆرش بە دوای چارەسەرێ گەڕاو تا گەیشتە ئەم ئەنجامە (ئینا شنویکا شۆرش ب بێ خەمی یاخۆ حەسیاو ئێدی چو جارا جانتکا خود هێلا لبەر دەست و پیا)

(یەکەم هەنگاوی کاروان) 32 چیرۆکێکی عەباس محەمەد حسین-ە باسی مندڵێك دەکات کە لە دەوروبەرەکەی بە گومانەو پرسیار ئاڕاستەی باوکی دەکات؛ ( کاروان-ی منداڵ لەم بەزمو رەزمە سەری دەرنەدەچوو کە بۆ دەبێ باران هەر لە لای ئاسمانەوە بێت؟بۆ نابێ هاوینیش وەك زستان ئاوی بێ گەردو خاوێن بەم چەمەدا خوڕەی بێت) ئەوەی خۆی لەخۆیدا ململانێیە لەگەڵ سروشتو دەوروبەردا، باوکی کاروان لەم پرسیارانە تووڕە دەبوو قسەکانی کاروان-ی بە وڕێنە دادەنا، کەچی کاروان لەقوتابخانەش قوتابییێکی زیرەكو چاپووك بوو لە زۆربەی منداڵانی گەڕەکە قوراوییەکەی زیرەکتربوو،رۆژ بەرۆژ پرسیاری زلتری ئاڕاستەی باوکی دەکرد،بەڵام جاربەجار باوکی کەمتر تووڕە دەبوو ( باوکی کاروان لەم جارەوە دەمی بووە تەڵەی تەقیوو چیتر لەم بارەیەوە خۆی لەگەڵ (کاروان)ی کوڕی خەریك نەدەکرد) ئەمە یەکێکە لەو چیرۆکانەی باسی زیرەکی منداڵ دەکاتو ئەو ململانێیە دەست نیشان دەکات کە منداڵەکە لەگەڵ سروشت هەستی پێ کردووە،دەتوانین لەم چیرۆکەدا هەمیسان دوو روو بدۆزینەوە (کاروان) رووی (راست) و (باوکی) رووی (چەوت) بەرزی ئەم چیرۆکە لەوەدایە کە رووە راستەکە سەردەکەوێت،نموونە بۆ ململانێ زۆرەو زۆربەی نووسەران باسیان کردووەو بۆ زیاتر شارەزایی بنواڕە چیرۆکی (رەگ) 33 لە نووسینی جەزا عەلی ئەمین بە روونی ئاماژە بە ململانێی نێوان (رەگ) و (قەد)و (گەڵا) دەکات.

**بەشی دووەم**

بەرەو جیهانێکیتر هەنگاو دەنێین،جیهانی هونەرەکانی ئەدەب بە گشتیو هونەرەکانی ئەدەبی منداڵان بە تایبەتی،ئەو بوارەش پێویستە لەسەری بنووسرێتو لایەنەکانی یەکالا بکرێتەوە،وەکو لە پێشەوە باسی سەرهەڵدانی زمانم کرد لێرەش هەمیسان باسی رۆڵی زمان دەکەم چونکە کە زمان رێچکەی خۆی گرتو رەگو ریشەی خۆی لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی داکوتا ئەدەبیش وەکو دیاردەییێکی کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوەو لایەنی پێشکەوتنو پاشکەوتنی بە رەوتی کۆمەڵگاوە بەندە هەر بۆیە پێویستە دەست نیشانی پەیوەندییێکی دیالێکتیکی بکەین لە نێوان ئەدەب وەکو سەرخانی مێژووی کۆمەڵگا لەگەڵ ژێرخانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی،شتێکی تریش ماوە پێویستە ئاماژەی پێ بدەم کە لەم بەشەدا تەنیا باسی شیعرو چیرۆك دەکەمو هەوڵیشم داوە زیاترلایەنە مێژووییەکانیان بگرم.

**شـــــیعر**

لە دانانی سروود سەرەتاکە وەردەگرین،دەتوانین ئەم قۆناغە تاسەرەتای بیستەکان درێژ بکەینەوەو ناوی لێ دەنێین قۆناغی سروود بۆ منداڵان،بێجگە لە لە سروود هەندێك شاعیر شیعری ئاساییان بۆ منداڵان نووسی لەوانە گۆران ئەم چەند شیعرەی بۆ منداڵان نووسیوە (جگەرتانین،گۆرانی کەو،بەرخەکەم،گۆرانی دەنکەگەنم،پشیلەکەم،کەروێشك، بەفر) 34 هەروەها بێکەس چەندان شیعری بۆ منداڵان نووسی ( گۆرانی سپۆرت،بۆ شوانومەڕەکانی،تۆچیت؟من کوردم!دایك،بەیانی،تەماعکار،یەکیەتی، جووتێك کۆترو بۆقێك،هەرەوەز،لەقوتابخانە،گۆرانی کەششافە،فرۆك،ژماردن،ئێمە منالین) 35 دڵداریش هەر لەم قۆناغەدا شیعری بۆ منداڵان هەیە (کۆترە باریکە،قەلو رێوی،منداڵی هیوا) 36

ئەم قۆناغەمان ناونا قۆناغی سروود چونکە ئەو شیعرەی بۆ منداڵان دادەندران پێشەکی بیری ئەوەی لێ دەکرایەوە کە بە شێوەی سروود لەقوتابخانەکان قوتابیان بیانڵێنەوە،هەروەها زۆرجار واکەوتۆتەوە گەورەش سروودەکەیان لەبەر دەکردو دەیگووتەوە.لە سروودە زۆر بڵاوەکانی ئەو سەردەمە سروودی (بلبل بە نەغمە،ئێمە کەشافو براین،تادەست لەمل هیوا نەکەین،چەند شیرینە،ئەی وەتەن،واوەتەن)ی 37 زێوەر،هەروەها- پیرەمێرد-یش چەند سروودێکی پڕ بە های داناوە لەوانە (کەدەڵێن،نەورۆز) 38 چەند شاعیرێکی‌تریش بەشداری کۆڕی ساڵانی سروودیان کرد لەوانەش گۆران بە (کوردستان،بەری بەیانە،دەمی راپەرینە،نەورۆز ئەکەم،ئەی لاوی کورد،گۆرانی قوتابییان،جەژنە پیرۆزی ئاشتی خوازان)39 –بێکەس- یش بە (خوایە وەتەن ئاواکەی،ئەی دلێران،بۆوەتەن،گۆرانی گۆیژە،لاوانی وەتەن) دڵداریش بە (ئەی رەقیب) 40،هەروەها چەند شاعیرێکی‌تریش سروودیان نووسیوە لەوانە (هەردی،بەختیار زێوەر، عبد الواحد نوری،هاوار...هتد) 41 لەسەرەتادا ئەم کارە بە سستی هات بەڵام دواییەکەی بە باشیو بەگورجی هاتە پێشەوە،راستە هەندێك سروود مۆرکی لە منداڵ گەورەتری پێوە دیارە بە تایبەتی لە رووی دارِشتنو زمانەوە بەڵام قوتابیان وا راهاتبوون کە هەستیان بە هیچ گرێیێك نە دەکرد لەکاتی لەبەر کردنو وتنەوەیدا...کەواتە لە دوای قۆناغی فەرهەنگ دانان بە شێوەی شیعر بۆ منداڵان قۆناغی (سروود) سەری هەڵداو مێشکی منداڵانی تا رادەیێك زاخاودا،وەنەبێت لە دوای شێستەکان سروود وەستا بێتو نەنووسرابێت، نەخێر بەڵکو شیعر بۆ منداڵان تایبەتیەتی خۆی وەرگرتو لە سروود زیاتر بڵاوبۆوەو زیاتر گرنگی بە لایەنی دەروونی منداڵ دراو بابەتەکانیش تایبەتیەتی خۆیان وەرگرت کەواتە دەتوانین سەرەتای شێستەکان بەوە دانێین کە شیعر دانان بۆ منداڵان هەوڵیدا رەگو ریشەی خۆی داکوتێت،بۆ زانین کتێبی پاڵەوانی دوارۆژ لە نووسینی: عومەر عەبدولرەحیمو فەرەیدون عەلی ئەمین لەساڵی –1958- بڵاوبۆتەوە.

بابێینەوە سەر شێستەکان کە بێجگە لە رۆژنامەو گۆڤارەکان چەند کتێبێکی بەخۆوەی بینیوە کە شیعرنو بۆ منداڵان نووسراون؛ (چرۆ، شێری ساختە-ی کاکەی فەللاح) و (جریوە –ی ع.ع شەونم) کە گەلێك شیعری جوانییان تێدایە،بەڵام ساڵانی حەفتا شیعر بۆ منداڵان هەنگاوێکی دیاری هاویشتو زیاتر لەویستو ئارەزووی منداڵانی کورد نزیك بووەوە،هەر لەم ساڵانەدا دوو جار گۆڤاری (ئەستێرە)ی منداڵان بڵاوکرایەوە،جاری یەکەم لەسلێمانی وەکو پاشکۆیێکی گۆڤاری رۆژی کوردستان کە لە نێوان ساڵانی 1973-1975 دەرچوو و سێ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە،بەڵام بۆ جاری دووەم لە بەغداو هەمیسان وەك پاشکۆیێکی گۆڤاری رۆژی کوردستان ساڵی 1975 ئەم جارە دوو ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە،ئەمەو هەندێك لەو کۆمەڵە شیعرانەی کە لە حەفتاکاندا بۆ منداڵان بڵاوکرانەوە ئەمانەن(شاهۆ،عوسمان هەورامی)،(ورشە،جەمال نوری)، (پیاوەبچکۆڵەکە،فەرەیدوون عەلی‌ئەمین)،(کارژۆڵە،فەرەیدوون‌عەلی ئەمین)،(جگەرگۆشەکان،کاکەی فەللاح)،(پشیلۆکە،عەزیزی مەلا ئەحمەدی رەش)،(جوانترین دێ،لەتیف هەڵمەت)..هتد کاروانی نووسینی شیعر بۆ منداڵان بەردەوامەو لە هەشتاکاندا هەنگاوێکی‌تری نا،بەڵام بەڕای من هەندێك کتێبو شیعری لێ دەربچێت زۆربەی ئەو شیعرانە لەسەرەتای هەشتاکانەوە تا ئەمرۆ بۆ منداڵانمان نووسراون لەزۆر لایەنەوە سواون بە تایبەتی لە باری ناوەرۆكو وشەی سواوو یەك مۆسیقا کە ئەمانەش زیان لە پێشکەوتنی شیعر دەدەن وەکو ئاوێکی مەنگی لێ دەکەن.

لێرەدا هەندێك لەو کتێبانە دەست نیشان دەکەین کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان چاپکراون (سوڵین،رۆستەم باجەلان)،(بەهەشتی منداڵان،دایکی سۆلاڤ)،(ماڵو قوتابخانە،ئۆپەرێتێکە بەشیعر بۆ منداڵان دارێژراوە،کاکەی فەللاح)،(چۆلەکەی پاساری،کاکەی فەللاح)،(ئارەزوو،وتارو شیعرو چیرۆکە بۆ منداڵان،سروەو مەریوان نوری دزەیی)،(دەنگ خۆشترین مەل،لەتیف هەڵمەت)،(باخچەی

www.pertwk.com

منداڵان،ڕۆستەم باجەلان)،(پیرێکی ریش درێژبوو،فەرەیدوون عەلی ئەمین)،(خەرمانلۆغە،ئیبراهیم شوان)،(پشکۆ،ئەحمەد رێبوار) 42.. هتد،دیارە ناتوانین یەك بە یەك ئەو کتێبانەی کە بۆ منداڵان نووسراون ناویان بێنین‌و لەسەریان بنووسین،بەڵام وەکو رێبازی هەموو لێکۆڵینەوەیێکی زانستی بە گشتی هەندێك ئاماژە بە لایەنە (سلبی) و (ئیجابی) یەکانیان دەکەین،هەر دوور نەڕۆین بۆچی ئەو شیعرانەی بۆ منداڵان نووسراون لەسەر یەك شێواز دارێژراون؟ مەبەستم ئەوەیە لەکۆنەوە تا ئێستا بە شێوەی (عمودی) شاعیرەکان شیعرەکانیان دادەڕێژن،بەبێ ئەوەی هەنگاوی‌تری هاویشتبێت بۆ شێوەی ئازاد (حر) ئەوەی تائێستا بینراوە گۆران لەشیعری گۆرانی دەنکەگەنم کە شیعرێکە بۆ منداڵان رێك خراوە سەرکەوتنێکی چاکی بەدەست هێناوە:

دەغڵم وەك ئاڵتوون زەردە..
وەرزێر! داس لەهەسان دە!
خۆت ئاسایی تەکان دە..
مەڵۆم بۆ لەخەرمان دە..
خەرمانی سوور
وەك کۆگای نوور
دەنکە گەنم..
* * *
هەر دەنکە بوو بە هەزار
سوپاس بۆ تۆ کردگار
بەشی تۆو بەشی عەمبار..
بەشی دەس کورت‌و هەژار..
هاتە بەرهەم
سوپاس ئەکەم..
دەنك گەنم..43

بەڵام نازانین بۆچی رەوتی ئەم کارە بەم جۆرە نەڕۆیشت بەڵکو هەمیسان بەشێوەی (عمودی) نووسرایەوە،تەنیا چەند شیعرێکی لەتیف هەڵمەت نەبێت کە لە کتێبی (جوانترین دێ)44 بڵاوکراوەتەوە کێش‌و بەندی کۆنی شکاندووەو شیعرەکانیش ئەمانەن؛ (وانەی تۆڵە،نیگاری دێ، گۆرانی رۆژ،بەچکە ماسی،کچێکی ئازاد،مناڵێکی ئاوارە،دارستان) بەڕای من ئەم شیعرانەشی وەکو شیعرەکانی‌تری ناو (جوانترین دێ)دا بنووسیبایە باشتربوو،چونکە شیعرەکان مۆسیقایان نەماوە، وشەی فەرهەنگی منداڵانیان کەم تێدایە،بێجگە لەوەی کە هەندێك وێنەی وای هەڵبژاردووە کە دوورە لە ویست‌و ئارەزووی منداڵان،بەڕای من یان وا باشتر بوو ئەو بابەتانەی بە شێوەیەکی شیعری ئازاد داپڕشتوون بیانکاتە چیرۆك زیاتر سەرکەوتنیان بە دەست دەهێنا،دوای لێکۆڵینەوەو هەڵوەستە کردن بەرامبەر بەو شیعرانەی بۆ منداڵانی کورد نووسراون گەیشتمە ئەو خاڵانەی خوارەوە کە دەشێت نووسەران رەچاوی بکەن بۆ ئەوەی زیاتر لەمنداڵی کورد نزیك ببنەوە،جا چ شیعرەکان بە شێوەی (عەمودی) یان بە شێوەی ئازاد (حر) نووسرابن،خاڵەکانیش ئەمانەن:

1- وشە لە فەرهەنگی منداڵ هەڵ بهێنجرێت،چونکە زمانی منداڵ جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی گەورە.
2- ئەو وێنانە تێکەڵ بە شیعرەکان بکرێن کەلە دەوروبەری جیهانی منداڵان چنگ دەکەون.
3- ناوەڕۆك‌و شێوەی شیعرەکان یەکتر تەواو بکەن.

www.pertwk.com

4- منداڵ زۆر گوێ رایەڵی مۆسیقایە،یا باشترە بڵێین حەز لەدەنگی خۆش دەکات بۆیە ئەو شیعرەی کە بۆ منداڵان دەنووسرێت پێویستە ئاوازێکی ناسکو سەرنج راکێشەری هەبێت،ئەمەش بەهۆی وشەی رێكو پێكو کێشو پاشبەند دروست دەبێت.

5- چەندی شیعرەکە هەناسە کورت بێت هەرکەمە واتە چەندی ژمارەی بڕگەکانی کەم بێت باشترە،چوار بڕگە لەشەش بڕگە باشترە... هتد ئەمەش بەشێکە لەو خاڵەی تەواوکەری مۆسیقای ناسکی شیعرە.

6- هەر پارچە شیعرێك لایەنێك بێت لەژیانو سروشتی دەوروبەر کە ئەمەش تەواوکەری لایەنی ئیستاتیکای شیعرە،منداڵیش زۆر حەز لە جوانی دەکات.

7- نابێت ئەو بابەتانە بخەینە روو کە باسی ناخۆشیو دوو دڵیو خۆشەویستی گیانەوەری زیاندار دەکات.

8- بگەڕێین بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە منداڵ بۆ وەڵامەکەی دەگەڕێت ئەمەش پەیوەندی بە سایکۆلۆژیەتی گەشەی منداڵەوە هەیە.

9- هەوڵ نەدرێت شیعری تەمو مژاوی بۆ منداڵان بنووسرێت چونکە شیعری تەمو مژاوی کار لە پەروەردەکردنی منداڵ دەکاتو زیان لەمێشكو بیری دەدات.

10- ئەو بیروڕایانەی دەخرێنە بۆتەی شیعر پێویستە بەشێك بن لەژیانی رۆژانەی منداڵو بە شێوەیەکی روونو ئاشکرا دەربڕدرێن،بۆ ئەوەی منداڵ زیاتر هەست بە دەوروبەرەکەی بکات45

## چـــــیرۆك

زۆربەی ئەو نووسەرانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر چیرۆکی کوردی کردووە لەسەر ئەوە رێك کەوتوون کە چیرۆکی (لەخەوما-1925) بە یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردی لەقەڵەم بدەن.. بەڵام لەم دواییە بەهۆی دووبارەچاپکردنەوەی هەرسێ ژمارەکەی (رۆژی کورد –1913) لە لایەن جەمال خەزنەدار 46 مقۆمقۆ لەنێوان ئەدیبان دروست بوو،ئەویش لەبەر ئەوەی لە ژمارە1ی گۆڤاری ناوبراودا نووسینێك بڵاوکراوەتەوە بەناوی –چیرۆك- کە لە نووسینی (فۆاد تەمۆ) یە، ئەم نووسینە لەلاپەڕە (25)ی رۆژی کورددا بڵاوکراوەتەوە لەلاپەڕە (26) دا نووسراوە (داوی هەیە) واتە (ماویەتی) لەژمارە2ی هەمان گۆڤاردا بەشێکیتر لەم نووسینە بڵاوکراوەتەوە هەمیسان لەکۆتایی نووسراوە (داوی هەیە) بەڵام لەژمارە سێدا بەشی سێیەمی بڵاونەکراوەتەوە بەڵکو نووسینێکیتر دێتە بەرچاومان کە لەلاپەڕە (31) بڵاوکراوەتەوە بە ناوی (چیرۆکی کرمانجا) بەڕای من ئەگەر نووسینەکەی فۆاد تەمۆ بە چیرۆك دابنێین پێویستە ئەم نووسینەش بە چیرۆك دابنێین!جا بۆ ئەوەی نووسینەکەی فۆاد تەمۆ،یان نووسینەکەی ژمارە سێ بەچیرۆكو بە یەکەم چیرۆکی کوردی لەقەڵەم بدەین پێویستە زیاتر بچینە بنجو بناوانی نووسینەکانو بەشەکانیتری نووسینەکەی فۆاد تەمۆ بدۆزینەوەو بزانین ناوی نووسینەکەی چییە؟ چونکە بە بێ ناو بڵاوکراوەتەوە،یان بزانین ئایا نووسینەکەی ژمارە (سێ) تەواوکەرو دوابەشی چیرۆکەکەی فۆاد تەمۆیە،چونکە ئەوەی شایانی باسە هەردوو نووسینەکەی واتە دوو نووسینەکەی ژمارە یەكو دوو و ژمارە سێ لەیەکتر نزیکنو باسی یەك شت دەکەن،ئەویش مەسەلەی شوانو شوانکارییە ئەمەش بۆ ئەوەمان دەگێڕێتەوە کە بڵێین کوردیش چیرۆکی شوانکارەیی هەبووە،پاش ئەوەی دانمان بەوەدا نا کە یەکەم چیرۆکی کوردیان بریتییە لەم سێ نووسینەی گۆڤاری (رۆژی کورد)... هەڵوەستەیێك دەکەینو دەڵێین بۆچی تا ئێستا ئەدیبانی کورد بیریان لەوە نەکردۆتەوە یەکەم چیرۆکی کوردی کە بۆ منداڵان نووسرابێت کامەیەو لەکامە ساڵ بڵاوکراوەتەوە،عومەر مەعرووف بەرزنجی بۆ ئەم مەسەلەیە چووە بەڵام بەتەواوی خۆی لێ نەداوەو بە تەواویش دەست نیشانی

نەکردووە،دەبوایە کەمێکیش لەمەڕ ئەم مەسەلەیەی بنووسیبایە چونکە کتێبەکەی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی‌یەوە هەیە(چەند بابەتێکی سادەی‌تریش بڵاوکراونەتەوە بە شێوەیێکی کۆنو بەچەشنی چیرۆکێکی گوێ ئاگردان ( بزنۆکەو مەرۆکە)ی حسین حوزنی موکریانی) (1893-1947) لە پێش هەموویانەوە لەبنەڕەتدا بۆ منداڵان رێك خراوە نووسەر هاتووە لەم چیرۆکەیدا گورگو مەڕو بزنی کردووە بە پاڵەوانی چیرۆکەکەو لەسەر ئەم پێودانە باسێك بۆ منداڵانی کورد دەگێڕێتەوە کە سەرتاپا پەندو عیبرەتو ئامۆژگاری بەجێیە،لەلایێکی‌ترەوە پێویستە ئەو راستییەش بدرکێنین کە فۆلکلۆری کوردی لەم قۆناغەدا کەرەستەی زۆربەی بابەتەکان بووە) 47 ئەمە رای عومەر مەعروف بەرزنجی‌یەو کەمێك رێ بۆ باسەکەی ئێمە خۆش دەکات،هەروەها حسین عارف لەکتێبی (چیرۆکی هونەری کوردی)دا دەڵێت (ئەوەی راستی بێ حیکایەتی حوزنی لەگەڵ چیرۆك نووسیندا،لەسالانی دەرچوونی (دەنگی گێتی تازە) زۆر کۆنترەو دەگەڕێتەوە بۆ وەختی دەرچوونی گۆڤاری (زاری کرمانجی-1925)و دوای ئەویش (رووناکی-1935) کەچەندین بەرهەمی تێدا بڵاوکردوونەوەو خۆی بە (چیرۆك) ناوی بردوون)48 ئەم رایە دەڵێت کە چیرۆکەکانی حسین حوزنی موکریانی لاوازن.

بەرای من یەکەم چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا کە بۆ منداڵان نووسرابێت چیرۆکی (کەڵەکۆك)ە لە نووسینی (عیسی عەلی) ئەو چیرۆکە ساڵی 1345 کۆچی لە یەکی شەعبان لەچاپخانەی زاری کرمانجی چاپ کراوە چیرۆکێکی کۆمیدیەو بەکورتەی چیرۆکەکە بەم جۆرەیە( هەبوو نەبوو کابراییێکی درۆزن هەبوو باسی خۆی دەکات کە چۆن بە سواری کەڵەباب گەشتێکی دووری کردووە،گەشتەکە لەوە دەست پێ دەکات کە ماڵی کابرای ناوبراوو دراوسێکانی چوو بوونە کوێستان،رۆژێك لەرۆژان ریش سپی‌یەکان بڕیاریاندا کە کاروانی خۆی بەڕێ کەوێت،ئیتر هەرکەسەو بەڕێ کەوت ئەوەی ئەسپی هەبوو بە ئەسپ رۆیشت،هەندێك بە کەرو گا بەڵام کابرای ناوبراو لە کەڵەبابێك بترازێ هیچی نەبوو،لەخەڵکانی‌تر بەرپشتو تەنگەو پاڵوو هەوساری خواست،ئیتر کابرا سواری پشتی کەڵەبابێ بوو لەرۆیشتنا پێیەکانی لە زەوی بەرزدەبۆوە کەڵەباب وای لەکابرا کرد کەسەری بسوڕێتو بکەوێت...بەڵام بۆ دووەم جار سواری پشتی بۆوەو رێشمەی توند کرد،وا دەگێڕێتەوە کە وەکو فڕۆکە بە ئاسمان کەوتووە.تا نزیك کاروانەکەوی خۆیان لەئاسمان فڕیو لەلای وان نیشتەوەو وەکو وان ئەویش دەستی بە نان خواردن کرد بەڕێ کەوتنەوە بەڵام ئەمجارە لەسەر زەوی لەگەڵ کاروان رۆیشت گەیشتنە جێو باری خوێیان بارکرد لەرێگادا تووشی رووبارێك هاتن هەموو پەڕینەوە تەنیا ئەو کابرایەی سواری کەڵەباب ببوو لەرووباری نەدا نەوەکو بارەکەی تەڕبێ هەڵسا بارە خوێیەکەی رۆکردە سەر زەوی‌و دەنك دەنك بەقۆچەقانی هەمووی هاویژتە ئەوبەری ئاوەکە...لەئاوەکە پەڕینەوەو لەو بەری کابرا جەواڵەکەی کردەوەو کەڵەبابەکە دەنك دەنك خوێکەی خڕکردەوەو لەناو جەواڵەکەی کرد،ئیتر گەیشتە ماڵەوە کەسەیری پشتی کەڵەبابێ دەکەن بریندار بووەو بەگوێزی هیندی چاك دەبێتەوە...سەرتان نەئێشێنم دەرمانی پەیدا کردو لەپشتی کەڵەبابەکەی‌دا کە بەیانی هەڵدەستێ سەیر دەکات دار گوێزێك لە پشتی رواوە.ئیتر نووسەری چیرۆکەکە بە شتی ئاوا سەیر لەسەر چیرۆکەکەی بەردەوام دەبێت تا لە کۆتایدا دەڵێت؛(خوا ماڵی درۆزنی کاول کات)49 .

بابێینەوە سەر ئەوەی بۆچی ئەم چیرۆکەمان بە یەکەم دەق دانا کە بۆ منداڵان نووسرابێت! بەرای من ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو دەقە کوردی‌یانەی کە بابەتەکەی لەخەیاڵی منداڵ نزیکەو بۆ ئەوەی دەبات کە رووی زەمین سەربارەی شتی راستو راستگۆیی درۆشی تێدایە،خاڵێکی گرنگ ماوە کە ئەویش لێکۆڵینەوەی مەیدانی‌یە لەگەڵ منداڵاندا من کاتی خۆی ئەم چیرۆکەم بۆ چەند منداڵێك خوێندەوە جوان جوان گوێیان بۆ گرتبوو دوایی بە یەکێکیانم وت بۆم بگێڕەوەو بزانە چیم

www.pertwk.com

وت زۆر بەسەرکەوتوویی چیرۆکەکەی گێڕایەوە ئەمەش کچە نووسەر (فیتش بیرکنز) ی هێنامەوە خەیاڵ؛کە هەرجارەی چیرۆکێکی بنوسیبایە دەچوو کۆمەڵە منداڵێکی گەڕەکەکەیانی کۆدەکردەوەو بۆی دەخوێندنەوە تا رای ئەوان وەربگرێت،هەروەها دەکرێت ئەم چیرۆکە لە بجۆری پێکەنیناوی (الفکاهە) لە ئەدەبی منداڵاندا پۆڵێن بکەین،هەروەها ئەو ئاژەڵو رووەکانەی لەچیرۆکەکە ناویان هاتووە لەجیهانی منداڵان هەیەو منداڵیش لە نێو زۆربەیان دەژیت.

ئەمە بەگوێرەی چیرۆکی (کەڵەکۆك)50 بەڵام چیرۆکی (بزنۆکەو مەڕۆکە) 51 کە عومەر مەعروف بەرزنجی وەکو چیرۆکێك بۆ منداڵان ئاماژەی پێداوە ئەم رایەی عومەر مەعروف لەجێی خۆیەتی بەڵام حسین عارف ئەم چیرۆکە دەخاتە ناو بۆتەی چیرۆکە لاوازەکانی حسین حوزنی موکریانی! من لەگەڵ ئەم رایەدا نیم چونکە ئەگەر ئەم چیرۆکە لاوازبێت ئەوا بۆ منداڵدانی قۆناغەکەی دەگەڕێتەوە چونکە وەکو خۆی دەزانێت ژێرخان کار لەسەر خان دەکات،ئەدەبیش کوڕی سەردەمەکەی خۆیەتی ئەگەر ئەوکاتەی کە بزنۆکەو مەڕۆکەی تێدا نووسراوە کە بە سەرەتای رۆژانی سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی دادەنرێت52 زۆربەی کارە سەرەتاییەکانیش سەرەتایین ،ئەمەو خاڵێکیتریش ماوە ئەویش ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان دانراوە هەر بۆ نموونە حسین حوزنی خۆی لە پێشدەستی کتێبەکەی سەردەمی منداڵی خۆی بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە( بە منداڵی بچووك بووم شلکو ساوا- گەلێ نازو نیازم بوو لەناو، هەمیشە کارو پیشەم هەر لەماڵ بوو ئەنیسو غەمرەوێنم دایكو خاڵ بو)53 چیرۆکی بزنۆکەو مەڕۆکە دووەم چیرۆکی کوردییە کە بۆ منداڵان نووسراوەو ساڵی 1346 کۆچی 54 لەرەواندز چاپ دراوە لەم چیرۆکەدا (مەڕو بزنو گورگ) رۆڵ دەگێڕن حوزنی دوا دێری ئەم چیرۆکە بە قسەیێکی نەستەق کۆتایی پێ دێنێت،پێش ئەوەی ئەم هەوارە جێ بهێڵین پێویستە دەست نیشانی ئەوە بکەین کە ئەم چیرۆکە بە شیعر داڕێژراوە:

هەموو دونیا دەبێتە گورگی خونخوار

وەکوو دووگی مەڕن نەك بزنی شاخدار55

هەردوو چیرۆکی کەڵەکوكو بزنۆکەو مەڕۆکە دوو چیرۆکن لە دوا دوای بیستەکان بڵاوکراونەتەوە، لە پێشەوەش دەست نیشانی ئەوەمان کرد کە کەڵەکوك یەکەم چیرۆکەو بۆ منداڵان نووسراوە،ئەوەندە ماوە گەشتێك بەنێو ساڵانی دوای بیستەکان بکەینو تا بنەگەمان دەگەیەنینە راپەڕینی 1991،لەسییەکانو چلەکاندا رەوتی نووسینی چیرۆك بۆ منداڵان کەمێك رێی گرت بەڵام لە چلەکاندا زیاتر رێ رەوەکە باشتر بوو ئەویش بۆ هەردوو گۆڤاری (گەلاوێژ) و (دەنگی گێتی تازە) دەگەڕێتەوە کە شاکر فەتاحو عەلائەدین سجادیو حسین حوزنی موکریانی لەو ماوەیەدا رۆڵێکی چاکیان گێراوە،بەڵام وەکو کتێب تەنیا (چیرۆك بۆ منداڵان) 56 ی شاکر فەتاح کەچەند چیرۆکێکی تێدایە بۆ منداڵان نووسراوە،لەگەڵ کتێبەکەیتری (هاورێی منداڵ)57 کە تەنیا یەك چیرۆکی بۆ منداڵان تێدایە کە ئەویش چیرۆکی (مامۆستاو شاگرد)ە دیارن،بەڵام لەپەنجاکاندا رۆڵی رۆژنامەو گۆڤارەکان لەم لایەنە کزبوو ئەوەی لەم ماوەیەدا دەبیندرێت چیرۆکی (فڕی فڕی قەل فڕی) کە دانەرەکەی مەلا محمدی جەلی کۆییە58 هەروەها کتێبی (ژینی نوێ)59 لەنووسینی شاکر فەتاح ئەوەی لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێت یەك چیرۆکی تێدایە کە بۆ منداڵان نووسراوە ئەویش چیرۆکی (بەرخەکە) یە،بەڵام لەشێستەکاندا گرنگییەکی دیارتر بە چیرۆك نووسین دراوە بە تایبەتی بۆ منداڵان،پێش ئەوەی باسی ئەم قۆناغە بکەین پێویستە رۆڵی رۆژنامەی ژین (1939-1963) لەبیر نەکەین بە تایبەتی رۆڵی نەجمەدین مەلای نەمر کە لە رۆژنامەی (ژین)دا خزمەتێکی دیاری ئەم بەشەی ئەدەبی منداڵانی کردووە،ئا ئەوەتە خۆی دانی بەمەدا ناوە؛لە هەمووان ئاشکرایە،ئەوا بۆ چەند ساڵ دەچێت من بە دڵو گیان خزمەتی رۆژنامەی (ژین)م کردووە (شیعرو شاعیرەکانمان)و (چیرۆکی منداڵان)و (مەتەڵ) بێجگە لەویش گەلێ

شتی‌تریش كه سوودی بووه بۆ گەل بێ ئیمزا نووسراون ئەمانە بە هێزی مێشك و چاوو قەڵەمی من رێك خراون 60 دەتوانین ئەو چیرۆكانەی نەحمەدین مەلای نەمر كە بۆ منداڵانی نووسیوە بە ماوەی دەرچوونو داخستنی رۆژنامەی (ژین) دابنێین،ئیتر بابزانین لەماوەی شێستەكاندا چی كراوە،لەم ماوەیەدا چەند كتێبێك دەرچووە كە چیرۆكن بۆ منداڵان لەو كتێبانەش (راستیو ئازایەتی،رەمزی قەزاز) و (مام رێوی،عومەر عەلی ئەمین)و (هەمیشە بەهار،عەلائەدین سجادی) ئەم كتێبەی مامۆستا سجادی هەندێك چیرۆكی تێدایە بۆ منداڵان دەشێت چیرۆكەكانیش،ئەو چیرۆكانەن كە لەگۆڤاری گەلاوێژ بڵاوی كردبووەوە،هەر لەم ماوەیەدا ئەوەی بەرچاومان كەوتووە لەگۆڤاری (روناهی) 61چیرۆكێك بۆ منداڵان لەژمارە چواری ئەم گۆڤارەدا بڵاوكراوەتەوە،ئەم چیرۆكەش بەناوی (مام رێڤی) یەو بە شێوەی كرمانجی سەروو نووسراوەو لەنووسینی محمد شهاب الدین-ە،بەڵام لەساڵانی حەفتاكاندا ئەم بەشەی ئەدەبی منداڵان جوڵانەوەیێكی دیارتری بەخۆی بینی،كۆمەڵێك چیرۆك بۆ منداڵان چاپ كران مایەی ئەوەیە بڵێین: هەنگاوەكانی ئەم قۆناغە پڕ سوودترن لە رووی جۆری بابەتو تەكنیكی چیرۆك و زمانو دەروونی منداڵ و لایەنی پەروەردەیی لەقۆناغەكانی‌تر پێشكەوتووترە،بێجگە لەوەی كە رۆژنامەو گۆڤارەكانمان زیاتر گرنگیان بە بڵاوكردنەوەی ئەو چیرۆكانە دەدا كە بۆ منداڵان نووسرابوون چەند كتێبێكیش وەكو كۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان بڵاوكرانەوە،بەشێك لەو كتێبانە:(شێركۆی نەبەز،محمد عبدە)و (گەنمە شامی،فەرەیدوون عەلی ئەمین)و (پیاوە بچكۆلەكە،فەرەیدوون عەلی ئەمین) بریتییە لەشیعرو چیرۆك بۆ منداڵان) و (گروگاڵ،عەباس محەمەد حسین)و (رێگا،حسین بەفرین) و (جوانترین دێ، لەتیف هەڵمەت) و (گوڵەباخ،كەمال میراودەلی) و (دڵ لەگوڵ ناسكترە،عومەر عەبدولرەحیم) و (كاروانو ئەستێرە،تاهر سالح سعید) و (شەمامە،جەزا عەلی ئەمین)و (هەڵەشەیی،رەزا شوان) و (سروودی شادومانی،عەبدوڵڵا كەریم مەحموود) لە هەشتاكانیشدا رەوتی ئەدەبی منداڵان بەردەوامە بوو،دەتوانم ئەم قۆناغە بە تەواوكەرو بەردەوامی قۆناغی حەفتاكان دابنێم،هەندێك لەو كۆمەڵە چیرۆكانەی لەم قۆناغەدا چاپ كراونو بۆ منداڵان نووسراون ئەمانەن: (گوڵەبەرۆژە،مەمو ئافەرین)و (ئارەزوو،سروەو مەریوان نوری دزەیی ،بریتیە لەشیعرو چیرۆك و وتار بۆ منداڵان)و (هێلینك،سدیق خالد هدوری) و (وریابن خەوتان لێ نەكەوێ،مەولود ئیبراهیم حەسەن) (قولە مەیتەر،عەزیز مەلا ئەحمەدی رەش)و (پیرێكی ریش درێژ،بووـفەرەیدوون عەلی ئەمین)و (پەپولە،جەزا عەلی ئەمین) و (ئەستێرە،عەباس محەمەد حسین) و (زێڕینو كاڵێ،جەمال نوری) و (دەنگخۆشترین مەل،لەتیف هەڵمەت) .

پاش ئەوەی كۆمەڵێك كتێبمان دەست نیشان كرد كە هەر یەكێكیان چەند چیرۆكێكی بۆ منداڵان لە هامێز گرتبوو ئیتر وا لەخوارەوەدا چەند خاڵێك دەخەمەڕوو كەمو كورییەكانی ئەو چیرۆكانە دەخەنە روو كە بۆ منداڵان نووسراون،ئەو خاڵانەش رووی دەرەوەو ناوەوەی چیرۆكەكان پیشان دەدەن، هەندێك چیرۆكیش رەنگە بەر ئەم كەمو كوریيانە نەكەونو پلەی نووسینێكی سەركەوتوو ببەنەوە،نووسەرانیش سەرپشكی وەڵامی پرسیارەكانن،خاڵەكان:

1- تێكەڵاوكردنی قۆناغەكانی گەشەی منداڵ بە تایبەتی قۆناغەی خەیاڵیو واقیعی تێكەڵاو .

2- ئەو زمانەی بەكاریان هێناوە وشەی ئاوای تێدایە كەزۆر دوورە لەفەرهەنگی منداڵان.

3- هەندێك چیرۆك بریتییە لە بابەتی دوور لە ویستی منداڵان.

4- لە هەندێك چیرۆكدا درێژ دادڕی رەچاو كراوە كە خۆی لەبنەڕەتدا پێویست نییە،مەبەستم بابەتی چیرۆكەكەیە.

ئیتر وا بە گشتی خاسیەتەكانی چیرۆك بۆ منداڵان دەخەینە روو تا هەوڵ بدرێت دەقەكان لە ناوەڕۆكی سواو فۆڕمی نابەجێ دوور بن:

1- پێویستە بیری ئەو بابەتەی هەڵدەبژێردرێت لەجیهانی منداڵان دوور نەبێت.
2- لەگەڵ ڕێرەوی قۆناغەکانی گەشەی منداڵان بگونجێت،باشتریش وایە نووسەر قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵان تێکەڵاو نەکات.
3- زانینی سایکۆلۆژیەتی منداڵ،چونکە ئەگەر نووسەر هیچی لەمەڕسایکۆلۆژیەتی منداڵ نەزانی کەواتە ناتوانێت دەروونی منداڵ شی بکاتەوە،کەشیکردنەوەی دەروونیش خاڵێکی بنەڕەتییە لەچیرۆکی ئەم سەردەمەدا.
4- هەڵبژاردنی شوێن خاڵێکیترە لە خاڵەکانی سەرکەوتنی بەرهەم،نووسەر دەبێت ژینگەی منداڵ بکاتە شوێنی چیرۆکەکەی.
5- زمان وەکو لەپێشەوە وتمان هۆیەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی ئەدەبی منداڵان،منداڵیش فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەیە،جا پێویستە وشەو دەستەواژە لە فەرهەنگی منداڵان هەڵبهێنجرێت .
6- ڕووداو خاڵێکی گرنگە لەچیرۆك دا،گرێدانی ڕووداوەکانیش بە شێوەیەکی یەك لەدوای یەك، سەرکەوتنی بەرهەم مسۆگەر دەکات .
7- پێویستە چیرۆك بۆ منداڵان دوور بێت لە بابەتی توندو تیژی بێ سوودو کردەوەی خراپ.
8- پێویستە بابەتەکە(ناوەڕۆك)،بابەتێکی لەباربێتو بچێتە خانەی ئەدەبی (معقول) نەك ئەدەبی (لامعقول)
9- پاڵەوانی چیرۆك پێویستە بەشێك بێت لەجیهانی منداڵان،پاڵەوانەکە منداڵ خۆی بێت یان گیانداریان ڕووەك.. هتد
10- بەڵام شێوازی داڕشتن وەکو (هادی الهیتی) دەڵێت؛ لەسەر سێ خاڵ بەندە:
ا- شێوازێکی ڕوونو ئاشکرا: واتە منداڵ زوو چیرۆکەکە وەربگرێتو لەبیری نەچێتەوە،ئەمەش دەکەوێتە سەر شێوەی نووسینەکە،شێوەییەکی ڕوونو سادە وەربگرێتو دووربێت لەزەخرەفەی داڕشتن.
ب- هێزی شێوازی داڕشتن: ئەمەش بەندە بەخاڵی یەکەمەوە،واتە؛ هێزێکی وای تێدابێت کە مێشکی منداڵ بەلای بەرهەمەکە رابکێشێتو کاری تێ بکاتو بچێتە ناو ڕووداوەکانی چیرۆکەکەو لەگەڵیدا بژیت.
ج-جوانی شێوازی داڕشتن: ئەمەش لەسەر ڕێكو پێکی وشەو دەستەواژەو ڕستەکان دەوەستێت تا نووسینەکە زیاتر سەرنج ڕاکێشەر بێت.
11- کارێکی وابکرێت کە جۆرەکانی چیرۆك بۆ منداڵان پەرەی پێ بدرێتو هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەویتر تێکەڵاونەکرێت جۆرەکانیش ئەمانەن:
ا-چیرۆکی پێکەنیناوی (الفکاهیە)
ب-چیرۆکی ئاژەڵان.
ج-چیرۆکی لەرادەبەدەرو شتی سەیرسەیر (الخوارق)
د-چیرۆکی مێژوویی.
ە-چیرۆکی زانستی.
و-چیرۆکی پاڵەوانێتی.
12- بوونی -گرێ- وەکو خاڵێکی دیار لەچیرۆك دا گرنگە،ئەم خاڵە پێویستە لەو چیرۆکانەی کە بۆ منداڵان دەنووسرێن زیاتر گرنگی پێ بدرێت.
13- بوونی بەرەی خێرو شەڕوا لەمێشکی منداڵ دەکات زیاتر بکرێتەوە،سەرکەوتنی بەرەی خێریش خاڵێکیترە لە سەرکەوتنی چیرۆکدا.

14- بوونی دیالۆگ (گفتوگۆ) بەشێکی گرنگی چیرۆکە،پێویستە گرنگی بە دیالۆگ بدرێت بۆ ئەوەی منداڵان زیاتر بچنە نێو رووداوی چیرۆکەکانو زیاتریش لەچیرۆکەکە بگەن.

15-هەڵبژاردنی کاتیش بە گوێرەی رووداوەو شوێنەکە دەگۆڕێت،واتە پێویستە رەچاوی کاتو مێژوو بکرێت62

## ئــەنجــام

وەکو لە پێشەوە باسم کرد ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەتایەکە بۆ باسکردنی ئەدەبی منداڵان کە نەك بەم چەند لاپەڕەیە بەڵکو بە چەندان کتێب ناتوانین ئەم بەشەی ئەدەب تێر ئاو بکەین،چونکە ئەو بەشەی ئەدەب کەمی لەسەر نووسراوەو دەتوانین باسەکان بە پەنجەکانی دەست بژمێرین...لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵم داوە رێچکەیەك بۆ ئەدەبی منداڵانی کورد بکەمەوە،لە بەشی یەکەمدا باسی چەند خاڵێکی گرنگم کردووە کە رۆڵ لە ئەدەبی منداڵان دەگێڕن لەوانەش.

**زمان**

دەتوانم ئەو نووسینانەی بۆ منداڵان نووسراون لەرووی بەکارهێنانی زمانی منداڵان دابەشی سێ بەشیان بکەم.

1- هەندێك لە نووسەرانمان زمانێکی چاکیان بەکارهێناوەو وشەکانیان لەفەرهەنگی منداڵدا دەست دەکەوێت.

2- هەندێکیتر زمانی منداڵو زمانی گەورەی تێکەڵاو کردووە.

3- هەندێکیتر لە نووسەرانمان زمانێکی ئاوایان بەکارهێناوە کە فرێ بەمنداڵەوە نییە تەنیا مۆری منداڵی بە نووسینەکەی لکاندووە.

## قۆناغەکان

گەشەی منداڵ دابەشی چەند قۆناغێك دەکرێت لە (3-5)و (6-8)و (8-12)و (12-15) و ئەم دابەش کردنەش زۆربەی زانایان لەسەری رێ کەوتوون،لە هەر قۆناغەو هەوڵم داوە نموونەش لە ئەدەبی منداڵانمان بهێنمەوە،بەڵام پێویستە ئەوە بدرکێنین کە مەسەلەی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ لەو ئەدەبەی بۆیان نووسراوە تێکەڵاو کراوە.

## پەروەردە کردن

دەوروبەر لە پەروەردەکردنی منداڵدا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت،منیش لەم روانگەیەوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بۆ چوونەکانم خستۆتە سەرکاغەزو جیاوازی نێوان پەروەردەی زانستیو نازانستیم کردووە،بۆ ئەوەی باسەکە بەڵگەدار نموونەم هێناوەتەوەو نموونەکانیشم شەنو کەو کردووە.

## شێوازی نووسین

ئەم خاڵەش خاڵێکی گرنگو پڕ بەهایە لە ئەدەبی منداڵاندا چونکە ئەدەبی منداڵان شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە،شێوازی ئەدەبی منداڵانیش بریتییە لەروونیو ئاشکرایی بۆ ئەوەی منداڵ زوو تێی بگاتو لە بیری نەچێتەوە،ئیستاتیکاش بەشێکە لەشێوازی نووسین،تا منداڵان زیاتر بەرەو نووسینەکە بچن... نووسەرانمان هەندێکیان لەرووی شێوازی نووسیندا سەرکەوتنی وردیان بەدەست هێناوە،هەندێکیتریشیان بە پێچەوانەوە.

**ململانێ**

مەبەست لەململانێ بە تایبەتی لە ئەدەبی منداڵاندا بریتییە لە دەرخستنی لایەنی تاریکیو رووناکی،رەشو سپی..چاکەو خراپە... هتد،کە ئەمەش وا لەمنداڵ دەکات هەر زوو هەست بە ململانێ لەگەڵ دەوروبەردا بکات..بەڵام نووسەرانمان لە چەندان دەقدا هەردوو رووەکەییان تێکەڵاوی یەکتر کردووە.

لەبەشی دووەمدا هەوڵم داوە لە هەردوو دووجۆرەکەی هونەری ئەدەب بدوێم:

**شیعر**

نووسینی شیعر بۆ منداڵان لەزوووەوە هەر هەبووە،بەڵام ئێمە بۆ ئەو شیعرەی بۆ منداڵانی کورد نووسراوە (نەوبەهار)ی (ئەحمەدی خانی)مان بەیەکەم دەروازە دانا،دوایی لەلایەن (زێوەرو پیرەمێردو گۆرانو بێ کەسو کامەران) زیاتر گرنگی بەو بەرهەمانە دراوە،دیارە هەر قۆناغەو سەربردەی خۆی هەیە هەروەکو لەپێشەوەش باسم کردووە، هەروەها نووسینی شیعریش بۆ منداڵان خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە ئەمەشم لەپێشەوە باس کردووە.

**چیرۆك**

چیرۆکیش وەکو شیعر بەشێکە لەهونەرەکانی ئەدەبو مێژووی تایبەتی خۆی هەیەو لەلای خۆماندا نیوەی دووەمی بیستەکان بە چرۆ کردنی چیرۆکی کوردی لەقەڵەم دەدرێت،دوای ئەمە نووسینی چیرۆك بۆ منداڵان رێگای گرتەبەرو تائێستا هەنگاوی باشی هاویشتووە.

**پەراوێزەکان**

1- بۆ پێڕەوکردنی رێبازی لێکۆڵینەوە سوودم لەموحازەرەکانی مامۆستای جوانە مەرگ غازی فاتح وەیس وەرگرتووە بەتایبەتی ئەو موحازەرانەی کە بە ناوی (رێبازی لێکۆڵینەوە) بوو بۆ پۆلی دووەمی- بەشی کوردی،کۆلیژی ئەدەبیات،زانکۆی سەلاحەدین ساڵی 1984 بە رۆنیۆچاپی کردبوو.

2- کەمال میراودەلی،فەلسەفەی جوانیو هونەر، لاپەڕە-167

3- ارنست فیشر،الاشتراکیەو الفن، لاپەڕە-40.

4- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە-28.

5- محەمەد مەعروف فەتاح،زمانەوانی،بۆ پۆلی چوارەمی،بەشی کوردی،کۆلیژی ئەدەبیات،زانکۆی سەلاحەددین- ساڵی 1983 بەرۆنیۆ چاپ کراوە.

6- ارنست فیشر،الاشتراکیەو الفن، لاپەڕە-44.

7- گۆڤاری پەروەردەو زانست، ژمارە -12،لاپەڕە-34

8- رۆشنبیری نوێ- ژ 43-44 ل25

9- د. نوری جەعفەر، اللغە والفکر، ل57

10، 11- حسین بەفرین، رێگا، ل6، 21

12،13- د.هادی الهیتی،ئەدەبی منداڵان،بە زمانی عەرەبییە، ل20

14- عبد الستار تاهیر شریف، پەروەردەو مناڵ ، ل17

15،16،17- ئەدەبی منداڵان،بە زمانی عەرەبییە، ل33،23،21

18- نووسەری نوێ، ژ 1، ل18

19- ئەدەبی منداڵان،بە زمانی عەرەبییە، ل40

20،21- كتابه الشعر فى المدارس، ل12، 24
22- هەمان پەراوێزی ژماره 19، ل42
23- كتابه الشعر فى المدارس، لاپەره 38-69
24- نامەیەکی تایبەتی کاکەی فەللاح بۆ من 23-1-1984
25- دەنگ خۆشترین مەل ، ل-24
26- پەپوولە، ل-16
27- من شێوازم پێ تەواو تره بەرامبەر بە (اسلوب) بۆیه وشەی شێوازم بەکارهێناوه.
28- جریوه،چاپی دووەم ل-10-
29- خەرمانلۆغە، ل-17-
30- رۆژنامەی هاوکاری، ژ 639
31- سدیق خالد هروری، هێلینك، ل-99-100
32- عەباس محەمەد حسین،ئەستێره، ل-49-50
33- پەپوولە، ل-14-
34- دیوانی گۆران، ل441 تا 433
35- دیوانی بێ کەس، ل(181)تا (201
36- دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ل(188)، (190)، (216،
37 تا 41- کاکەی فەللاح، سروود ، ل13-38
42- گەلێك كتێبو بەرهەمیتر هەیه لێرەدا ناتوانم هەموویان بنووسمەوه چونکه ئەوه کاری (بیبلۆگرافیا) ئامادەکەرەکانە، ئەو چەند بەرهەمەی کەناوم بردوون وەکو نموونه هێناومەتەوه.
43- دیوانی گۆران، ل429
44- جوانترین دێ، لاپەڕەکانی (52،32،20،16،15،9،7)
45- ئەدەبی منداڵان،بە زمانی عەرەبیيە، بۆ هەندێك خاڵ سوودم لێ وەرگرتووه، ل (216)
46- جەمال خەزنەدار،رۆژی کورد،بەغدا / 1981
47- عومەر مەعروف بەرزنجی،لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی(1925-1960)، ل 40-41
48- حسین عارف،چیرۆکی هونەری کوردی (1925-1960) ، ل 77
49- عیسی عەلی،کەڵەکوك (چیرۆك بەلەهجەی شمالی) زار کرمانجی یکی شعبان-1345ی کۆچی.
50- بۆ کورته چیرۆکەکه سەرەڕای یەکەم چاپی (کەڵەکوك) سوودیشم لەوەی مامۆستا (گیوموکریانی) وەرگرتووه کەلەدووەم چاپیدا خستوویەته سەر دیالێکتی کرمانجی خواروو بەناوی (چیروکی کەڵەباب) لە-1962-چاپی کردووه هەروەها سێ یەم چاپیشی لە-1973-- کردۆتەوه.
51- حسین حوزنی موکریانی،بزنۆکەو مەرۆکە-یان- (خۆشی وترشی)، رواندز -1346ی کۆچی.
52- تەنیا بۆ نموونه سەیری ئەم دووو کتێبه بکە:
ا- حسین عارف، چیرۆکی هونەری کوردی....
ب- عومەر مەعروف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەو بیبلیوگرافیای چیرۆکی..
53- خۆشیو ترشی، ل-3-
54- مامۆستا(گیو) لەچاپی دووەمی (خۆشی وترشی) خۆی دانی بەم ساڵە ناوه.
55- خۆشی وترشی، یان (بزنۆکەو مەرۆکه) ل-18-
56- شاکر فەتاح، چیرۆك بۆ منداڵان،
57- شاکر فەتاح، هاوڕێی مناڵ،چاپخانەی مەعارف-1948، ل-54

www.pertwk.com

58- مەلا محمدی جەلی کۆیی (مەلای گەورە)، فڕی فڕی قەل فڕی-1957-
59- شاکر فەتاح، ژینی نوێ، چاپخانەی مەعارف-بەغدا/1959/ل-16
60- جەمال خەزنەدار،رابەری رۆژنامەگەری کوردی، ل-143
61- گۆڤاری روناهی، ل-67
62- بۆ چەند خاڵێك سوودم لە کتێبی؛ئەدەبی منداڵان،کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە وەرگرتووە.

## سەرچـــاوەکان


ئەلف- کوردییەکان
1- کەمال میراودەلی،فەلسەفەی جوانی وهونەر، زانکۆی سلێمانی-1979
2- حسین بەفرین، رێگا، چاپخانەی راپەرین، سلێمانی-1978
3- رۆستەم باجەلان، باخچەی منداڵان، چاپخانەی ئەلحەوادس-1983
4- ع.ع.شەونم، جریوە، چاپی دووەم، چاپخانەی راپەرین، سلێمانی-1974
5- کاکەی فەللاح،جگەر گۆشەکان،چاپی یەکەم، بەغدا-1978
6- جەزا عەلی ئەمین، پەپوولە، بەغدا-1981
7- محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا-1980
8- لەتیف هەڵمەت،جوانترین دێ،چاپخانەی-ئەلحەوادس -بەغدا-1979
9- عبدالستار تاهیر شریف،پەروەردەو منالْ، بەغدا-1980
10- عەزیز مەلا ئەحمەدی رەش،پشیلۆکە، چاپخانەی کاکەی فەللاح-1979
11- لەتیف هەڵمەت، دەنگخۆشترین مەل،چاپخانەی نەورەس-1983
12- محەمەد رەشید فەتاح، ئەدەبی منالان،چاپخانەی راپەرین-1974
13- د.کامل حسن، شێخ نووری شێخ سالح، چاپخانەی کۆڕ،بەغدا-1980
14- ئیبراهیم ئەحمەد شوان، خەرمانلۆغە، چاپخانەی رۆشنبیریو لاوان هەولێر/1985
15- سدیق خالد هروری، هێلینك، چاپخانەی رۆشنبیریو لاوان، هەولێر-1984
16- عەباس محەمەد حسین،ئەستێرە،چاپخانەی ئەلحەوادس، بەغدا-1980
17- عەزیزی مەلائەحمەدی رەش، قولەمەیتەر،چاپخانەی راپەرین سلێمانی/ 1980
18- سادق بهاءالدین، نوبهارا سەیدایێ مەزن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا/1979
19- مستەفا نەریمان، بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا-1977
20- محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی بێ کەس،بەغدا-1980
21- عبد الخالق علا الدین،دڵدار، چاپخانەی دار افاق، بەغدا-1985
22- کاکە فەللاح، سروود، چاپخانەی-سلمان ئەلئەعزەمی ،بەغدا/1968
23- جەمال خەزنەدار، رۆژی کورد (1913)بەغدا-1981
24- عومەر مەعروف بەرزنجی،لێکۆلینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا-1978
25- حسین عارف،چیرۆکی هونەری کوردی-دار الحریە-بەغدا-1977
26- جەمال نوری، زێرینو کالێ،بەغدا-1980
27- مەولود ئیبراهیم حەسن،وریابن خەوتان لێ نەکەوێ، بەغدا-1981
28- فەرەیدون عەلی ئەمین، پیاوە پچکۆلەکە، بەغدا-1972
29- جەزا عەلی ئەمین،شەمامە،بەغدا-1978

30- رەمزی قەزاز،راستیو ئازایەتی،چاپخانەی سەلمان ئەعزەمی-1967
31- عومەر عەلی ئەمین،مام ڕێوی چاپخانەی سەلمان ئەعزەمی-1967
32- عەلائەدین سجادی،هەمیشە بەهار،چاپخانەی مەعارف،بەغدا-1960
33- محەمەد عەبدە،شێرکۆی نەبەز، دار الحریە، بەغدا-1975
34- فەرەیدون عەلی ئەمین،گەنمەشامی، دراساتی کوردی- بەغدا 1975
35- عەباس محەمەد حسین،کرۆگاڵ، چاپخانەی شارەوانی هەولێر-1979
36- کەمال میراودەلی،گوڵەباخ، زانکۆی سلێمانی-1979
37- عومەر عبد الرحیم ،دڵ لەگوڵ ناسکترە،دار الحریە،بەغدا- 1978
38- تاهیر ساڵح سەعید،کاروانو ئەستێرە،چاپخانەی کاکەی فەللاح،سلێمانی- 1979
39- رەزا شوان،هەڵەشەیی،چاپخانەی، سەلمان ئەعزەمی، بەغدا 1970
40- عەبدوڵڵا کەریم مەحمود،سروودی شادومانی،چاپخانەی کوردستان، هەولێر-1978
41- مەمو ئافەرین، گوڵەبەرۆژە،چاپخانەی عەلا، بەغدا-1981
42- عیسا عەلی،کەڵەکوک-چ1-زار کرمانجی، رواندوز-1345کۆچی
43- عیسا عەلی،کەڵەباب،گیوموکریانی خستوویەتە سەر دیالێکتی کرمانجی خواروو چ2-1962،چ3-1973
44- حسین حوزنی موکریانی،بزنۆکەو مەڕۆکە چ2-چاپخانەی کوردستان، هەولێر-1974
45- شاکر فەتاح، هاوڕێی منداڵ، چاپخانەی معارف، بەغدا-1948
46- شاکر فەتاح، ژینی‌نوێ، چاپخانەی معارف، بەغدا-1959
لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تر....

<u>بێ- عەرەبییەکان</u>

1- اریك جی بولتون، کتابە الشعر فی المدارس، ترجمە: یاسین تەها حافیز،دار الحریە بغداد-1978
2- الدکتور محمد غنیمی هلال- رەخنەی ئەدەبی نوێ، بیروت-1973 بە زمانی عەرەبی‌یە.
3- الدکتور عبد العزیز عبد المجید، چیرۆك لە پەروەردەدا، بلا،بە زمانی عەرەبی‌یە.
4- مقالات فی التربیە، ترجمە-خزەیر عەباس ئەللامی ، دار الحریە بغداد-1983
5- گراهام هاف ،الاسلوب والاسلوبیە ، ترجمە:کازم سعد الدین-بغداد-1985
6- کورتەیەل لە ڕێبازە ئەدەبیەکانی رۆژئاوا، الدکتور علی جواد ، بغداد-1983
7- د.عزالدین مستەفا رسول ،احمدی خانی، بغداد-1979
8- ئەدەبی منداڵان، هادی نعمان الهیتی، دار الحریە-بغداد-1978 بە زمانی عەرەبی‌یە.
9- ارنست فیشر، الاشتراکیە والفن،ترجمە: اسعد حلیم،-1980

<u>جیم- رۆژنامەو گۆڤارەکان</u>

1- گەلاوێژ،ژمارەکانی: (4)ی ساڵی دەیەم، (5) هەمان ساڵ، (6)ی هەمان ساڵ، (7،8) هەمان ساڵ
2- نوسەری نوێ ژمارە(2)ی ساڵی 1972
3- نووسەری کورد،ژمارە(3)ی خولی دووەمی ساڵی 1980
4- گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق-دەستەی کورد، بەرگی دەهەم، ساڵ-1983
5- گۆڤاری رۆژی کوردستان،ژمارە(1) ساڵی یەکەم،1922
6- زاری کرمانجی،ساڵی یەکەم، ژمارە(4
7- ژیان،ژمارە(109) ساڵی 1926
8- گۆڤاری روناهی،ژمارە(4)، ساڵی یەکەم، 1961

9- گۆڤاری بۆ پێشەوە،ژمارە(1) ساڵی 1973
10- رۆژنامەی هاوکاری، ژمارەکانی(511،510،492،503،739 ، 814)
11- گۆڤاری پەروەردەو زانست،ژمارە(12)
12- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (43-44) ساڵی (1975)

www.pertwk.com

ئـەدەبی منداڵانو فۆلکلۆری کوردی

بـەشی دووەم

ئـەدەبی منداڵانو فۆلکلۆری کوردی

## پێشەکی

فۆلکلۆر ئەو سامانە زۆرو زەوەندەیە کە مێژووی گەلان دەگێڕێتەوەو سەربردەی کۆنە سالآنێکی پڕ رووداومان بۆ باس دەکات، فۆلکلۆر رەوسەیەکی گەورەیە، بەڵێ‌َسەختیشە چونکە مێری دەوێ خۆی لێ بدات،تاشەنو کەوی بکات (مەبەستم منو تۆو ئەو...هتد نیە) بۆ ئەوەی قۆمەتەکە ببێ بەدوو، قۆمەتی گەنم و قۆمەتی کا،حەز ناکەم زۆری لەسەر بڕۆم چونکە گەلێك پسپۆرو نووسەر لەپیرۆزی فۆلکلۆر دواون،هێندێکیان بوونەتە بنێشتە خۆشەی نێو دەمان!

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا خۆمی لەقەرە بدەم ئەو جیهانە پر سیحراویەی منداڵانە بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئاژەڵ ویستویەتی لەو جیهانە نزیك بێتەوە یان رۆڵی ئەم بگێڕێت... پاش خوێندنەوەی چەندان چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی تایبەت بە منداڵان وام بە باش زانی ئەو شتانەی لەلام گەڵاڵە بوونە بیانخەمە سەرکاغەز،لەو قەناعەتەشم کەموکوڕی تێدایە،بەڵام وابزانم لە نەبوونی باشترە چونکە ئەوەندەی گەڕام بە تایبەتی لە ئەدەبی کوردی سەرچاوەیەکی ئاوام بەردەست نەکەوت، تاسوودی لێ ببینم، تەنیا چەند سەرچاوەیەکی عەرەبی نەبێت.

وام بە باشزانی لێکۆڵینەوەکە بکەم بە دووبەش لەبەشی یەکەمدا چەند خاسیەتێکی جیهانی ئاژەڵو منداڵ لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان دەست نیشان بکەم..لە بەشی دووەمیشدا هەندێك چیرۆکم بە نموونە هێناوەتەوە،تا سەرباسەکانم بە هێز بکەن کە بۆ بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە هەڵم بژاردوون،چۆنیەتی سەرباسەکانیش پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکان هەیە... پێویستە ئەوەش دەربخەم کە لێکۆڵینەوەکە بە گشتی پەیوەندی بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکان هەیە،واتە لایەنی ناوەڕۆکم گرتووە.

## بەشی یەکەم

هەر نووسەرێك کە دەست دەداتە قەڵەم پێویستە یەکەم جار بیر لەوە بکاتەوە ئایا ئەو بابەتەی کە دەینووسێت شتێکی سواو نیە؟ یان چەند گۆڵم بۆ خەرمانی ئەدەبەکەی زیاد دەکات، ئینجا دوایی نەخشەو ریزکردنی سەرچاوە دێت،کە هەر هەموو ئەوانەش بەندن بەزەمینەی رۆشنبیری، بێجگە لەخۆماندووکردن،ئەو باسەی منیش ماوەیەکی چاکە لەمێشکم گینگڵ دەداتو ئەم لاو ئەولام پێدەکات، هەتا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی چەند لاپەڕەیەکی پێ رەش بکەمەوە،تا ئەگەر هەر هیچیشی لێ دەرنەچێت،ئەوە دەراوێك لەم لایەنە بکاتەوە.

## بۆچی ئاژەڵ..؟

َبۆ ئاژەڵ؟ بەکورتی لەبەر ئەوەی ئاژەڵ جیهانێکی سەیرو سەمەرەی هەیە ئەمەلەلایەك، لەلایەکیترەوە هیچی لەمرۆڤ کەمتر نیە! دوایش کێ دەڵێ رۆژە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە ئاژەڵ دەستی پێ نەکردووە،یا گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە! ئەمانە هەمووی لەلایەك لەلایەکی ترەوە ئەو جیهانە بەرفراوانەی سامانی میللەتەکەمان تا ئێستا بە شێوەیەکی وا خۆی لە قەرە نەدراوە تا سکمان بەخۆمان نەسوتێت،نەخوازەڵڵا ئەو بەشە گەورەیەی چیرۆکی فۆلکلۆری کە تایبەت بەمنداڵانن (بە تایبەتی رۆڵی ئاژەڵ) واش بزانم کاتی ئەوە هاتووە هەندێکمان خەریکی ئەو دەقە فۆلکلۆرییانە بین کە کۆکراونەتەوە چونکە بۆمان هەیە بڵێین با هەرکەسەو لەلای خۆی خەریك بێت هەندێك بە (خڕکردنەوە)- جمع- هەندێکی تریش بەشەنو کەوو لێکۆڵینەوە بەڵام حەز

ناکەین خڕکەرەوەکان بەلێکۆڵەران بلێن حازر بەدەستن،نا نەخێر،هەردوولایان هەر خزمەتی ئەدەبی بە لەنگازی کوردی دەکەن.
بوونی ئاژەڵ لەچیرۆکی فۆلکلۆری بەتایبەتی ئەو چیرۆکە فۆلکلۆرییانەی کە بۆ منداڵانی کورد هەڵێنجراون رووبەرێکی دیاری داگیر کردووە،بە زۆریش رۆڵی سەرەکی واتە رۆڵی پاڵەوانیان بینیووە عبد الغنی دەڵێت: زۆرتر لە نێو خەڵکدا باوە کە تێدا گیانلەبەر دەوری سەرەکی دەبینێ و زیاتر لەچیرۆکی دی سەرنجی منداڵ رادەکێشیو بە پەسندی دەزانن، ئەم جۆرەش خۆی لە خۆیدا دەکرێتە دووبەشو بەشی یەکەمیان ئاژەڵو بەشی دووەمیشیان باڵندەن1ئەوەی لەم چەند دێرە دەردەکەوێت ناوبراو ئاماژەی بە شتێکی ورد داوە، ئەویش جیاکردنەوەی ئاژەڵو باڵندەیە،کەمن تەنیا لقێکم گرتووە ئەویش (ئاژەڵ)ە،چونکە زۆربەی نووسەرانمان تاکو ئێستا ئەو دووانەیان تێکەڵاوی یەکتری کردووە..!جا هەڵبژاردنی ئەو سەرباسەی منیش پەیوەندی بەو کۆمەڵە بۆچوونە هەیە کە لە پێشەوە باسم کردن.

## ئاژەڵو مرۆڤ

لەسەردەمە هەرە زووەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەدەب هەبووە،بەڵام نەك وەکو ئەمڕۆ، ئەدەبیاتیش رەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە کە لە نێو منداڵدانی واقیعەکەی سەری هەڵداوە،لە ئەدەبیشدا ئێمە باسی حیکایەتو ئەفسانە دەکەین،ئەگەر شتێکمان بۆ روون بکاتەوە،بەڵێ هەندێك لە دەقەکان پێمان دەڵێن،کە کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بەجۆرە ژیاون، بەو جۆرە راویان کردووە،بەو جۆرە گوزەرانی رۆژانەیان بردۆتە سەر،بۆ نموونە ئەگەر (کاوە) یان (زوحاك) یان(ئەژدەهاك) 2 هەڵبەستراوو وتراو بن،ئەفسانە بن،یاخود هەقیقەت بن،ئەوە بە قەناعەتی من مێژووییەك یان دەراوێك بۆ کۆمەڵگای ئەوسای کورد دەست نیشان دەکات،کە من بەو سەردەمە دەڵێم: قۆناغی کۆیلایەتی گەلی کورد،نموونە زۆرو زەوەندە،نەك لە ئەدەبیاتو کەلەپووری کوردی بەڵکو لە هەموو سامانی مرۆڤایەتی شتی ئاوا دەبینرێت،با بە کورتی مەبەستی تەواومان روون بکەینەوە: ئاژەڵو مرۆڤ هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەبووە کە هەردووکیان تەواوکەری یەکتری بوونە ئێمە دەمانەوێت بڵێین بەهۆی ئەو دەقە فۆلکلۆرییانەی دەستمان کەوتوون دەتوانین ئەو پەیوەندییە بدۆزینەوە،کە بەهۆی ئەو پەیوەندییە دۆزراوەش دەراوێك بۆ مێژوو و گوزەرانی ئەوسای گەلەکەمان دەکەینەوە،چۆن؟ هەر هیچ نەبێت دەتوانین دابو نەریتی ئەوسای گەلەکەمان دەست نیشان بکەین،با بۆ نموونە جارێکیتر بگەڕێینەوە سەر سەربردەی زوحاکی زۆردار کە دەڵێن ئەگەر دوو (مار)ەکەی سەرشانی زوحاکی دەربکەوتبانە دەبوایە مێشکی دوو لاویان بدرێتێ،کێ دەڵێ ئەمە راستە؟ ئەی چۆن قەناعەت بە خوێنەران دەکرێت؟
یان ئایا ئەمە شتێکی ئەوسەردەمە دوورەمان بۆ ناگێڕێتەوە؟ حیکایەتو سەربردە لەسەر ئاژەڵ زۆرەو بەهۆی هەریەکێك لەو هەقایەتانە دەتوانین کۆمەڵێك شت هەڵێنجین ئالێرەدا بۆ بە دیار خستنی سەردەمە مێژووییەکەی ئەلکزاندەر هیجرەتی کراب دەڵێت:(هەقایەتی ئاژەڵ،یەکێکە لەکۆنترین چیرۆك کە زانیوومانە) 3 هەربۆ بەیانکردنی پەیوەندی نێوان ئاژەڵو مرۆڤ ئەلکزاندەر باسی ئەوە دەکات کە گەلێك ئاژەڵ بوونەتە خواوەندو رەمزێکی پیرۆز؛ (هەندێك لەو چیرۆکانەی کە لە دەوری ئاژەڵان دەسوڕێنەوە،پێشکەوتوونەو بونەتە خواوەند،ئەو هەقایەتانەش سەرەتایەکی راستەوخۆن بۆ ئەو هەقایەتانەی کە لە دەوری خواوەندەکان دەسوڕێنەوە یان وەکو وتوومە سەرەتایەکن بۆ ئەفسانە) 5

**منداڵو ئاژەڵ**

منداڵ بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێت،پاش ئەوەی لەدایك دەبێت،لە هەر قۆناغێكداو خاسیەتێکیتر بە خۆی دەگرێت،لە قۆناغی (پاڵەوانێتی 8-12)دا6 منداڵ حەز دەكات زیاتر لەجیهانی ئاژەڵان نزیك ببێتەوە بە تایبەتی ئەو ئاژەڵانەی لەدەوروبەرەكەی دەژینو وادەكات وەكو پاڵەوانێكیش رۆڵی ئەوان بگێڕێت،بێجگەلە ئاژەڵی هەقیقی،كە وێنەیەكی ئاژەڵ دەبینێت هەمیسان پێی دڵخۆش دەبێت،گەلێك جار دەست دەكات بەچەپڵە لێدان بە تایبەتی كە دەبینێت ئاژەڵەكە دەجوڵێتەوە وەكو لەتەلەفزیۆندا دەیبینین،ئەمە نەك لەو قۆناغە ناوبراوەی ناومان هێنا،بەڵكو لەدوو قۆناغەكەی پێشووشدا منداڵ حەز لە جیهانی ئاژەڵان دەكات،هەلێك جار روویداوە منداڵ لەقۆناغی یەكەمی ژیانیدا ئاژەڵێكی خۆشویستووە،كەچی لەدوا قۆناغدا رقی لێ بۆتەوە،بە رای من ئەوە بە گەشەی مێشكی بەندە،چونكە بەرە.. بەرە مێشكی گەشە دەكاتو كامڵ دەبێت.لێرەدا بەرامبەر بە مرۆڤ پرسیارێك دەكرێت،ئایا لەقۆناغی یەكەمدا (قۆناغی واقیعیو خەیاڵی سنووردار) منداڵ هیچ جیاوازی لەنێوان مرۆڤو ئاژەڵ دەكات؟ بە گوێرەی بە دواداچوونەكانم تا ئێستا بەوردی وەڵامی ئەم پرسیارە نەدراوەتەوە رەنگە هەر كەسەو رایەك بدات،بەڵام هێشتا لایەنە زانستەكەی نەخراوەتە روو..! خاڵێكیتر ماوە كە پێویستە روونی بكەمەوە ئەویش ئەوەیە كە منداڵ بۆ هەر ئاژەڵێك ناوێك دەردەبڕێت، یان رەمزێك بەكاردێنێت، بۆ نموونە كە (كەر) ێك دەبینێت دەڵێت (حەچە) راستە لەسەرەتادا دایكو باوك ئەو وشەو بڕگانە فێری منداڵ دەكەن بەڵام دەبێت ئەمەش بناغەیەكی مێژوویی هەبێت كە لەو باوەڕەش دام سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەو وشانە هەر منداڵ خۆیەتی واتە: یەكەم جار لە دەمی منداڵ پڕژابێتو ئینجا وشەكە خۆی جێگیركردبێت،بۆ ئەوەی ئەو چەند دێڕە راستی بدەنە دەست، ناوەڕۆكی چیرۆكی فۆلكلۆری كوردی بۆ زارۆكان پڕیەتی لەو راستیانە .

**<u>بەشی دووەم</u>**

لەم بەشەدا بێجگە لەتاو تویکردنی سەرباسەكانم بە نموونە زیاتر رایەكانم لە راستی نزیك دەخەمەوە...نموونەكانیش زیاتر ئەو چیرۆكانەن كە بڵاوكراونەتەوە چ بە نامیلكە یان كتێب، وەكو لەپێشەوەش گووتم من زیاتر لەناوەڕۆكی چیرۆكەكان دەدوێم بە تایبەتی ئەو چیرۆكانەی لەم لایەنە دەستكارییەكی ئاوایان نەكراوە،واتە میزاجە كۆنەكەی چیرۆكەكان تێك نەدرابێت.. ئەو چیرۆكانەش هەموو ئەو چیرۆكانە نین كە بڵاوكراونەتەوە چونكە من نەهاتووم بیبلیۆگرافیای ئەو چیرۆكە فۆلكلۆرییانە رێك بخەم كە بۆ منداڵان لەواقیعەكەمان هەڵێنجراون.. ئەو چیرۆكانەی من هەڵم بژاردوون بۆ بە پێز كردنی باسەكەیە.

**<u>دز یان مشەخۆ</u>**

جەزا عەلی ئەمین دەڵێت:(من ئێستا ناو بە ناو ترس وەك تاڵە موویەكی باریك ئاوێتەی چیرۆكەكان دەكەم بەڵام بە نیازی ئەوە نا منداڵ زارەترەك بێ! ترس بۆ ترس نا،بەڵكی بۆ زانینی حەقیقەتی ترسەكەیە، یان ترس بۆ هەیە؟ كێ دەیهێنێ؟ كەی نامێنێ؟)7 ئەم وتەیەم بۆیە هێنایەوە،دەمەوێت پێتان بڵێم دزیش جۆرە ترسێكە كە راچڵەكینێكی ترساوی سەرتاپای لەش داگیر دەكات نەخوازەلا منداڵ... دزیو مشەخۆریش بەشێكن لە واقیعی دوێنێو ئەمرۆ ئەی بۆچی باسیان نەكەینو ژیانێكی ئاوەژوو فێری منداڵانمان بكەین،بەڵام سەرباری ئەم كردەوەیە پێویستە بەردەبازهێكیش هەبێت،فۆلكلۆری كوردیش بە تایبەتی لایەنی رازو حكایەتو چیرۆكی لەم شتە بە دەرنیە كە ئەمە ئەو چیرۆكانەش دەگرێتەوە كە بۆ منداڵان رێك خراون.

هەموو فۆلکلۆری سەر رووی زەمین دوو لایەنی تیایە دەبینرێت،کە لایەنی خێرو شەڕە،دزیش لایەنی شەڕە،لە زۆربەی چیرۆکەکانیش لە کۆتاییدا هەر لایەنی خێر سەردەکەوێت،کە بە زۆریش لەو چیرۆکانەدا ئاژەڵ رۆڵی سەرەکی دەبینێت بە تایبەتی بۆ دزی کردن،یان مشەخۆری.
ئێستا چیرۆکێك بە نموونە دەهێنمەوە هەم لایەنی دزی تیایە،هەم لایەنی مشەخۆری (تیتڵو بیبل)8 دوو کاریلەی بزنێکن هەموو جارێك کە بزنەکە بۆ لەوەڕدەچوو دەیشاردنەوە تاکەس نەیان خوات... ئێواران بزنۆکە دەگەڕاوەو دەیگوت:

تیتڵو بیبلی دەدایە
دەرکەی وەکەن لەدایە
شیرم دە گوانان دایە
گیان دەکەلێنی ددان دایە

هەتا رۆژێك،گورگێك بە شوێنەکەیان دەکەوێتو لەدەرگا دەدا کەچی ئەوان دەرگای لێ ناکەنەوە، چەند جارێك فێڵ دەکات کەچی هەر نایکەنەوە تا شیعرەکەی سەرەوەش دەڵێتەوە هەر سوودی نابێت ئینجا دەرکە لە ڕێسمە دەباتو هەردووکیان دەخوات،ئیتر گورگی تاوانبار ئەم تاوانە دەکات،تا لە کۆتاییدا بزنو گورگ لەسەر ئەوە رێك دەکەون،کە بە شەڕبێن بۆ ئەوەی بزانن کێ دەیباتەوە،پاش شەڕێکی سەخت کە گەلێك هاتبوونە سەیریان،بزن شاخە تیژەکانی لە زگی گورگ دەداو تیتڵو بیبل بە ساغو سەلامەتی هاتنە دەر،ئیتر بزنو تیتڵو بیبل گەڕانەوە ماڵ.
ئێستا بابزانین دەرەئەنجامی ئەم چیرۆکە چییە؟

1- باسی دزی کردنێك دەکات،کە ئاژەڵێك لەسەر بەرهەمی ئاژەڵێکی تر دەژێت!
2- ململانێیە لەنێوان خێرو شەڕ.
3- منداڵ فێری ئەوە دەبێت هەر خێر بە سەر شەردا زاڵ دەبێت.
4 - روویێکیتری واقیعەکەیە.
5 - خاسیەتی دوو ئاژەڵ خراوەتە روو بزنی سوودمەند هەر زیاندارە.
6 - خاسیەتێکی ئەفسانەیی تیایە کە بریتییە لە: پاش ئەوەی گورگەکە هەردوو کاریلەکەی دەخوات،دوایی بە سەلامەتی لە زگی گورگەکە دێنە دەرەوە.

چیرۆکی لەمجۆرە لە ئەدەبی فۆلکلۆرمان زۆرە،ئەم چیرۆکەش بۆ چەسپاندنی رایەکانمان بەسە، چونکە گەلێك جار زۆر،بۆر دەبێت...
بەم وتەیە دەرگای ئەم سەرباسە دادەخەم (پێویستە منداڵ بۆ شەڕێکی تووش ئامادەبێ دژی ناهێمنیو زوڵم و زۆرداری) 9

**ململانێ**

(حیکایەتی ئاژەڵان شێوازە چیرۆکێکە، ئاژەڵ رۆڵی سەرەکی تیا دەبینێت) 10ئاژەڵیش وەکو بەشێك لەو سروشتەی لێی ژیاوەو لێی دەژێت تووشی هەڵدێرو دەشتایی هاتووە بۆیە سەیر نییە ئەگەر باسی ململانێی نێوان ئاژەڵان بکەین،گواستنەوەی قۆناغەکانی ئاژەڵیش لەچاخێك بۆ چاخێکیتر بەند بووە بە ململانێ بۆ؟ چونکە وای لێ کردووە زیاتر لەگەڵ ژیان رابێتو خۆی بپارێزێت. 11
( گەشتێ بەرەو کوێستان) 12 چیرۆکێکی سامانی نەتەوایەتیمانەو بەشێکە لە جیهانی منداڵان، کەرێك دەچێتە کوێستان لەرێگا تووشی دوو بەران دەبێت لەگەڵ خۆیان دەبات کەڵەبابێکیش دەگەڵی کەوتەرێ لە نێوان خۆیان بڕیاریاندا لە هەموو تەنگو چەڵەمەیەکدا پشتی یەکتر بگرن،تائێرە ئەمە رووێکی چیرۆکەکەیە،رووەکەیتریشی بریتییە لەگورگێك کە رووی

شەڕە،ئەوەی پێشەوە رووی خێر بوو ( پیرە کەر بە بەرانەکانی گووت ئەوا من لەناو ئەم قانە گیایە دەلەوەڕێمو هەر کە گورگەکە بۆ لای من هات،ئێوە بە قۆچەکانتان هێرشی بۆ ببەن وە زگی بدڕنو کەڵەبابی هاوڕێشمان بادەمو و چاوی بە دەنووکی بڕنێتەوە.هەموویان لەسەر قسەی پیرەکەر رێك کەوتن کە گورگەکە بۆ لای پیرەکەرەکە چوو کەڵەباب خۆی بە دەمو چاوی داداو رنیەوەو بەرانەکانیش گەیشتنە سەریو بە قۆچەکانیان زگیان دڕی) ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو چەندان چیرۆکەی کە بەزەقی ململانێی نێوان ئاژەلانی تیا دیارە،دەتوانین ئەم سەرنجانە لەمەڕئەم چیرۆکە بخەینە روو.

1- ململانێی نێوان خێرو شەڕ.

2- کەرو بەرانو دوو ئاژەڵو کەڵەباب پەلەوەرێکی سوودمەندە لەبەرەی خێرە.

3- گورگ وەك ئاژەڵێکی زیان بەخش لەبەرەی شەڕە.

4- سەرکەوتنی بەرەی خێر.

5- لایەنێکی پەروەردەیی جوانی تیایە، یەکگرتنو سەرکەوتن.

6- ململانێ لە پێناوی مانەوەی خێر.

7- رێك کەوتن لەسەر چەند فێڵێك بۆ سەرکەوتن.

<u>بەزمی مام رێوی</u>

ئاژەڵ گەلێك جۆری هەیە،هەر جۆرەو بە گوێرەی ئەو ژینگەیەی لێی راهاتووە دەژین،ئەگەر سەیری ئەو دەقە فۆلکلۆرییانە بکەین دەبینین ژینگە رۆڵێکی بنچینەیی دەگێڕێت لە خۆ گونجاندنی ئاژەڵ،وەکو لەپێشەوە باسم کرد پانتایی ئاژەڵ لە رووبەری دیارە بەڵام ئەوەی سەرنجی ئێمەی راکێشاوە،رێوی لەو پانتاییە زۆری بەردەکەوێت،من بوونی ئەم ئاژەڵە یەکەم بۆ جۆرو شێوەو هەڵکەوتوویی دەگەڕێنمەوە،دووەم بۆ شوێنە جوگرافیاکەی،بەزمی مام رێوی زۆرە،بەزم لەگەڵ رێوی واتە رێوی لەگەڵ رێوی،رێوی لەگەڵ ئەسپ،رێوی لەگەڵ سروشت،رێویو مرۆڤ،رێوی لەگەڵ باڵندە،رێوی لەگەڵ پەلەوەر... هتد،مام رێویش،بە ڕێوی فێڵباز بە ناوبانگە نموونە زۆرەو پێویست بە نموونەی زیاتر ناکات بۆیە وامان بە چاك زانی تەنیا یەك نموونە لێك بدەینەوە؛ (رێوی گەرمیانو کوێستان) 13 چیرۆکێکی فۆلکلۆری خۆشە،سەرنجی منداڵان بۆ لای خۆی رادەکێشیت؛ دوو رێوی دەبنە هاوڕێی یەك، یەکێکیان سێ فێڵ دەزانێت ئەویتریشیان سیوسێ فێڵ... رۆیشتن تا تووشی دوونگە مەڕێکی قەڵەوبوون،ئەو رێوییەی سێ فێڵی دەزانی بەو رێوییەی وت کەسیو سێ فێڵی دەزانی گووتی چۆن دەستمان لێ گیر دەبێت،خۆی لێ نزیك خستەوەو پێوەبوو، رێوی سێ فێڵیش بە کلکی دوونگەکەی لێکردەوەو خواردی،ئینجا رێوی سیوسێ فێڵ بە رێوی سێ فێڵی گووت:- چۆنم رزگار دەکەی؟!

رێوی سێ فێڵ گوتی:کە خاوەن بیستان هات،تۆش خۆت بمرێنە،منیش لەدوورەوە خۆمم شەل دەکەم بۆ ئەوەی بێتە لات،کە زانی تۆ مردی لەتەڵەکەت دەکاتەوە،منیش وا بە شەلی ببینێ دەکەوێتە دووم ئەو کاتە رادەکەمو تۆش لە لایەکیترەوە بۆی دەرچە؟!

بەم جۆرە رێوییەکەیتر رزگار دەبێت،هەمان رێوی سیو سێ فێڵ جارێکیتر چووە گوندێك بۆ ئەوەی مریشکێك بدزێت کەچی لەبەر سەگی ئاوایی رایکرد بە دەست بە تاڵی گەڕایەوەو کەچی رێویەکیتر چووە بن گوندیو خۆی بە مردوو دانا بۆ بەیانی چەند پەلەوەرێکی گوندی لێ نزیك بوونەوە لەناکاوڕا یەکێکیانی فڕاند... بە هەمان فێڵو تەڵەکەبازی رزگاری بوو.

سەرنجم لە سەر فێڵەکانی رێوی؛

1- زۆربەی فێڵەکانی مام رێوی لایەنی (سلبی)یە.

2- زۆربەی فێڵەکانی مام ڕێوی زگ پڕکردنی خۆیەتی.
3- مەرج نیە ڕێوی لە هەموو کارەکانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت وەکو چیرۆکی (پڵنگ)14
4- ئەو ترسو مشەخۆرییەی مام ڕێوی دەرسێك فێری منداڵان دەکات بۆ ئەوەی ڕێگا ڕاستەکە ببینین،کە دوایی فێر دەبێت ئەو کارانە لای کۆمەڵگاکەی پەسەندنین!..

## لایەنی پەروەردەیی

چیرۆکی فۆلکلۆری بەشێکە لەو ژیانەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پیا تێپەڕیوەو ئەمڕۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت (ئاساییە ئەگەر منداڵ ئەو چیرۆکە میللیانەی خۆش بوێ،چونکە لە هەمو شوێنێك لای خەڵك خۆشەویستن لەبەر ئەوەی بە وێنەیەکی ئەدەبیو هونەری کەلەپووری مرۆڤایەتی دادەنرێن) 15 بۆیە جێگای گومانو سەرسوڕمان نیە منداڵ بە قەد ژیانی نێو مرۆڤان حەز بە ژیانی نێو ئاژەڵان بکات،ئینجا بۆ منداڵ حەز لەو چیرۆکانە دەکات؟ ئایا ئەویش هەست بەوە دەکات ئەمە لاپەڕەیەکی کۆنەو ئاوێنەی ئەمڕۆمان پیشان دەدات؟ ئایا هەست دەکات ئەمە کۆنە سروشتەکەی خۆیەتی؟ یان وەکو گۆرکی دەڵێت:( پێویستە کتێبی لەمەڕ دوێنێ بخوێنینەوە، هەتا بەچاکی لەئەمڕۆ بگەین) 16 ئایا بۆچوونی منداڵ بەم جۆرەیە یان قۆناغی منداڵی،قۆناغی ئاژەڵییە؟ ئەوەی لێرەدا ئێمە هەڵوێستەیەکی بۆ دەکەین لایەنی پەروەردەیییە لەو چیرۆکە فۆلکلۆرییانەی بۆ منداڵانی گەلەکەمان لە واقیع هەڵێنجراون،لەکۆندا کە داپیرە لە شەوی ساردوسڕی زستاندا هەقایەتێکی بۆ منداڵان دەگێڕایەوە،بێجگە لەوەی بە تامو بۆیەکی خۆش چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە،ئەگەر چیرۆکەکە ترسو دزیو یان شتێکی زیان بەخشی تێدابایە بۆ منداڵان لێکی دەدایەوەو بە گوێرەی هەقایەتەکە ڕێگای ڕاستی پیشان دەدان،ئەمەش خۆی لەخۆیدا لایەنێکی پەروەردەکردنە،زۆربەی جاریش پاش تەواوبوونی چیرۆکەکە منداڵان دەستیان بە پرسیار کردن دەکرد،وەکو باسمان کرد گەشەی منداڵ بە چەند قۆناغێکی دیاریکراو تێ دەپەڕێت،هەر قۆناغەو خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە،بۆ گێڕانەوەو بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆری منداڵان ڕەنگە خەڵکێکی وا هەبن‌و بڵێن ئەو چیرۆکە فۆلکلۆرییانە باویان نەماوەو ئەمڕۆ دوورن لەپەروەردەکرنی منداڵان.

چیرۆکی (کێشکۆکەو مام ڕێوی) 17چیرۆکێکە تامو بۆیەکی خۆشی تیایە:( کێشکۆکەیەکی جوان لەدارستانێکدا لە ناکاوڕا ڕێوییەکی فێڵباز پڕی دایێو گرتی،ڕێوی لێی پرسی: ئەرێ کێشکۆکە، ئەوەم پێ ناڵێی تۆی بێ دەسەڵاتو نەفام بۆچی ئەوەندە دڵ خۆشو بەختیارو سەربەستیت؟! ئەمیش گوتی: وەرە تۆ بەرەڵڵام بکە بابفرمە سەر لقی ئەو دارانە،ئینجا بزانە هۆی بەختەوەری من چییە؟ ئینجا کێشکۆکەی بەرەڵڵا کردو فڕییە سەر بەرزترین چڵی دارێك ڕووی لە ڕێوی کردو گوتی: هۆی ڕێوی ڕاستە من بێدەسەڵاتم،بەڵام هیچ کاتێکیش بیر لە ئازاردانی کەسانیتر ناکەمەوە کە لە خۆم بێ دەسەڵاتترن،بە هیچ جۆرێك زۆرداریم بەخەیاڵدا نایەت،کەچی ڕێوییەکی فێڵبازی وەك تۆ هەمیشە بیر لە ئازاردانی کەسانی بێ دەسەڵات دەکەیتەوەو زۆرداری خۆت بەرامبەر دەنوێنیت،بۆیە هەموو دەم وا لە غەمو پەژارەو ناخۆشیدا ئەستۆت شکاوە،چونکە هەر خەریکی ئەم جۆرە بیر کردنەوانەی.

بابزانین لەململانێی ئەو ئاژەڵو باڵندەیە منداڵ چ دەرسێك وەردەگرێت:
1- فێری ئەوە دەبێت چۆن عەقڵ بەکاربێنێت،بە تایبەتی بۆ خۆ ڕزگار کردنو دەرباز کردن.
2- زۆرداریێتی تاسەر نیە.
3- ڕێگایەکی ڕاست بە منداڵ پیشان دەدات،کە بیر لەئازاردانی خەڵك نەکاتەوە.
4- منداڵ بیر لەزۆرداری نەکاتەوە.

www.pertwk.com

5- ئەوەی بیر لەزۆرداری بکاتەوە هەمیشە تەنگو چەڵەمەیە دەوری داوە.

## ئەنجام

لەئەنجامی ئەم باسە دەگەینە قەناعەتێك كە فۆلكلۆری كوردی هێشتا گەلێك زۆری بە بەرماوە لە باری خڕكردنەوە یان لێكۆڵینەوەدا،ئێمە لەم باسە كورتەدا لە رۆڵی ئاژەڵی نێو چیرۆكی فۆلكلۆری كوردی بۆ زارۆكان دواوینو بە گوێرەی توانای رۆشنبیریو تێگەیشتن،باسەكەم كردۆتە دوو بەش: بێجگە لە پێشەكییەكی گشتی لە بەشی یەكەمدا بە شێوەیەكی تیۆری باسی رۆڵی ئاژەڵم كردووە،هەوڵمداوە پەیوەندییەكی گونجاو لە نێوان ئاژەڵو مرۆڤو دەوروبەرەكەی بدۆزمەوە،لە بەشی دووەمدا لە چەند سەرباسێكی نوێ دواوم لەگەڵ هێنانەوەی چەند نموونەیەكی گونجاو بۆ هەرباسێك...بە كورتی:ئاژەڵ ئەو گیاندارەیە،كە منداڵ حەزی لێ دەكات،خۆشەویستی هەر ئاژەڵێكیش لای منداڵ بە گوێرەی چەشەی منداڵ دەگۆڕێت،بە تایبەتی لە رووی قەبارەو سوودمەندیو زیانداریو كۆمەڵێ شتیتر،كە پەیوەندی بە دەروونی منداڵەوە هەیە.

## پەراوێزەكان

1- عبدالغنی علی یحی،چیرۆكی فۆلكلۆری كوردی لە ئەدەبی منداڵاندا، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی) ژمارە (2) ساڵی 1983، لاپەڕە 124

2- د. محمد نوری عارف،مامۆستای زمانی فارسی‌یە لەبەشی كوردی كۆلیژی ئەدەبیات- زانكۆی سەلاحەددین،رای تایبەتی لەمەڕزوحاكو نەورۆزو كاوە هەیە،لە پیاسەیەكی تایبەتیدا هەندێك شتی دركاند،رەنگە ئەو چەند بۆچوونەم لەمەڕزوحاك بۆنی بۆ چوونەكانی ئەمی لێ بێت، سوپاسی دەكەم.

3- الكزاندر هجرتی كراب، علم الفولكلور، ترجمە،رشدی سالح، دار الكاتب العربی، القاهرە-1967، لاپەرە 114

4- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 119

5-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

6- بۆ زیاتر شارەزابوون لە قۆناغەكانی گەشەی منداڵ سەیری بەشی یەكەمی ئەم كتێبە بكە.

7- جەزا عەلی ئەمین،سەرەتایەكی پێویست بۆ ئەدەبیاتی منداڵان،گۆڤاری نووسەری كورد،ژمارە-6ی خولی دووەم، شوباتی 1981، لاپەرە-166، 167-

8- دەستنووسی خۆم،هەروەها لەم دوو سەرچاوەیەشدا دەست دەكەون ؛

ا- عومەر ئیبراهیم عەزیز،تیتیلەو بیبیلە، بەناوی (دادگایەتی بزنو گورگ)

ب- عبدالرحمن نقشبندی، هەبوو..نەبوو، بەناوی (زەنگ و بەنگ)

9- هەمان سەرچاوەی حەوتەم، لاپەڕە (167)

10- د.عبد الحمید یونس، الحكایە الشعبیە، لاپەڕە (29)

11- جارێكی بۆ زیاتر شارەزایی سەیری بەشی یەكەمی ئەم كتێبە بكە.

12- عومەر ئیبراهیم عەزیز، رێوی گەرمیانو كوێستان، لاپەڕە (57)

13- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (45)

14- عبدالرحمن نقشبندی، هەبوو نەبوو لاپەڕە (161-164)

15- فوزی العنتیل، الحكایات الشعبیەو ،مجلە التلیعە-عدد (4) ابریل –1966،ل56

16- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە -72-
17- عومەر ئیبراهیم عەزیز،کراشم دڕاو چیم پێ نەبڕا، لاپەڕە (22)

سەرچـــاوەکان


1- الكزاندر هجرتی كراب-علم الفلكلور، ترجمە: رشدی سالح، دار الكتاب العربی، القاهرە-1967.
2- د.عبد الحمید یونس، الحكایە الشعبیە، سلسلە كتاب الجیب، مشروع النشر المشترك-بلا
3- مجلە التلیعە-العدد (4) السنە ،ابریل 1966
4- گۆڤاری ئۆتۆنۆمی-ژمارە (2) ساڵی حەوتەم، ساڵی -1983-
5- عبد الرحمن نقشبندی، هەبوو...نەبوو، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا-1980.
6- عومەر ئیبراهیم عزیز،تیتیلەو بیبیلە، ئەمانەتی گشتی رۆشنبیریو لاوان، بەغدا -1980
7- عومەر ئیبراهیم عەزیز،رێوی گەرمیانو كوێستان، بەغدا-1984
8- عومەر ئیبراهیم عەزیز،كراشم دڕاو چم پێ نەبڕا، بەغدا-1986
9- گۆڤاری نووسەری كورد،ژمارە (6)ی خولی دووەم، شوباتی -1981-
10- كۆمەڵە چیرۆكێك دەستنووسی خۆم.
11- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (115) ئەیلولی ساڵی 1987.

بەشی سێیەم

چەمکی شوێنو چیرۆك بۆ منداڵان1

## پێشەکی

شوێن لەچیرۆکدا جێگای تایبەتی هەیەو یەکێکە لە رەگەزەکانی نووسینو مەوداکانی دەست نیشان دەکات.. بۆ ئەم باسەش نەك لە ئەدەبی کوردی بەڵکو لەئەدەبی عەرەبیشدا سەرچاوە کەمەو ئەوەندەی هەشە بە زمانی عەرەبی‌یەو ژمارەیان لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات... جابۆ ئەوەی باسەکە پەرشو بڵاوی تێ نەکەوێت کراوەتە دوو بەش.
لەبەشی یەکەمدا هەوڵ دراوە لایەنە تیۆرییەکەی شوێن واڵا بکرێتەوە،کە ئەویش باسکردنی شوێنە وەکو لایەنە تیۆرییەکەی بۆ نموونە سەر قفڵی خاڵێك خراوەتەڕوو بە ناوی واقیيعە کۆمەڵایەتی‌یەکە،لەوێ باسی ئەوە کراوە چۆن منداڵ لە واقیيعە کۆمەڵایەتی‌یەکە گوزەر دەکات ،هەر لەم بەشەدا باسی جوانناسی‌و شوێن کراوەو گرنگی جوانناسیش وەکو فەلسەفەیەك روون کراوەتەوە،لە دوا خاڵدا باسی چیرۆكو شوێن کراوە،چەندان خاڵیش دەست نیشان کراون تا چیرۆکنووس لەکاتی نووسینی چیرۆكدا بۆ منداڵان پەیڕەویان بکات بە تایبەتی لە رووی هەڵبژاردنی شوێنەوە.
لەبەشی دووەمدا رێبازی شیکردنەوە رەچاو کراوە واتا رەخنەی پڕاکتیکی،تیایە چەند چیرۆکێکی خۆماڵی شیکراوەتەوە،لەو خاڵانەی کە لەم بەشەدا پشتی پێ بەستراوە (وشکایی‌و ئاو) وەکو (شوێن) کە لەسەر ئەو تێزە دابەش کراوە:( رووی زەوی لەوشکایی‌و ئاو پێك هاتووە) ئەوەی جێگای سەرنجە لە سەرتاپای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە گشتی باسی شوێن کراوە،ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت شوێن وەك حاڵەتێکی کاتی (زەمەنی) وەرنەگیراوە.

## بەشی یەکەم

### واقیعە کۆمەڵایەتیەکان

ژیانی مرۆڤ هەنگاو بە هەنگاو پێشکەوتنی بەخۆوە بینیووەو سەرخانو ژێرخانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوونەتە تەواوکەری یەکتری،لەوەتەی نووسینو نووسین کاری سەری هەڵداوە بە گشتی‌و چیرۆك بە تایبەتی واقیع دەورێکی دیاری گێڕاوە بۆ ئەوەی ئەمیش واتە چیرۆك وەکو بەشێك لەمنداڵدانی واقیع ببێتە تەواوکەری ئەو ژێرخانەی رێگای پێشکەوتنی گرتۆتەبەر چونکە (شوێن بووەتە پێداویستییەکی گرنگ لە بناغەی چیرۆکدا لێرەدا مەبەستم لە شوێن زانینی مێژوویی شوێنەو دیارخستنی جوگرافیاکەی‌و لەگەڵ دیار خستنی ئەو کارانەی تێیدا روو دەدات، وەکو زانراوە هەر شوێنێك کاری تایبەتی خۆی هەیە،کەواتە دیارخستنی شوێن لە چیرۆکدا بەشداری لە چەسپاندنی بناغەو هونەری چیرۆكدا دەکات)2 بوونی شوێن پەیوەستە بە رووداوەکانی ژینگە،چونکە بەشێکە لە ژینگە،ژینگەش بەشێکە لە ئەم،بوونی چەمکی شوێنیش پەیوەندی بە لایەنە کۆمەڵایەتی‌یەکەوە هەیە ئەویش بەشێکە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کەواتە شوێنیش گۆڕانی بەسەردادێتو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی‌تر دەگۆڕێتو بەرگی سەردەمەکەی وەردەگرێت،بۆ نموونە ئەگەر دوێنێ تەنیا لقو پۆپی درەخت هێلانەی چۆلەکە بێتو منداڵ دڵی پێ خۆش بووبێت ئەوا ئەمڕۆ بێجگە لەمە منداڵ دڵی بە شتی‌تریش خۆشە ئەویش ئەو شتانەیە کە لەگەڵ رەوتی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ بۆتە یاری دەستی منداڵان بۆ نموونە ئەگەر دوێنێ منداڵ لە پارچە زەوییەکی پانو بۆڕ(واتە شوێنێك) یاری (حەماموکێ)ی لەسەر ساز کردبێت ئەوا ئەمڕۆ لە هەمان شوێن گەراجێك بۆ ئۆتۆمبێلە بچوکەکەی دروست

دەکات کە یاری پێ دەکات ئەمەیە گۆڕان بە تایبەتیش لە لایەنێکی کەمی شوێن،هەرهەمان شوێنە بەڵام گۆڕانی تیایە،ئەمەش کاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتیەکەیە،کە ئەمە پردێکەو پردەکەش کۆمەڵ بنیاتی دەنێت،کەواتە ئەو قەوارە کۆمەڵایەتییە ئاڵوگۆڕێکە لە نێوان مرۆڤو واقیع ئەمەش هیچی کەمتر نی‌یە لە بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان،ئەو شوێنەش مۆڵگەی مرۆڤەو هەر لە کۆنەوە میراتگری دوێنێو ئەمڕۆو پاشەڕۆژیەتی،کەواتە بە هۆی شوێنەوە دەتوانین دەروونی مرۆڤ لەسەر خاکەکەی بخوێنینەوە،شوێن لەکاری هونەریدا (جوگرافیایەکی دروست کراوە) 3 نووسەریش بەشێکە لەو شوێنەی لێی دەژیتو مامەڵەی لەگەڵ دەکات،رەنگدانەوەی ئەو شوێنەش بەشێکە لە بەرهەمەکانی هەربۆیە وتوویانە (شوێن ئەو شتەیە کە لە خودی نووسەرە،یان لەخودە کۆمەڵایەتیەکەیە)4 نووسەر وەکو کوڕی سەردەمەکەی (شوێن) دەکاتە شوێنی هەڵهێنجانی بەرهەمەکەی،بۆ منداڵانیش پێویستە دەروونی پاڵەوانی چیرۆکەکە شارەزا بێت کە ئەمەش بەشێکە لە دەروونی ئەو شوێنەی لێی دەژیت،سەرکەوتنی بەرهەمیش بۆ زیرەکی نووسەر دەگەڕێتەوە،چونکە شارەزابوونی جیهانی منداڵان تایبەتیەتی خۆی هەیە بە تایبەتی لایەنە دەروونیەکەی.بۆ هەڵبژاردنی شوێنیش دەبێت هەمان رێڕەو بگرێتە بەر..منداڵ بەشێکە لەو ژینگەیەی لێی دەژیتو هەڵسو کەوتی تێدا دەکات،ئەگەر بەراوردێك لە نێوان قوتابخانەو ماڵەوە بکەین وەکو شوێن ئەوا هەریەکێکیان تایبەتێتی خۆی هەیە،منداڵیش لە نێوان هەردووکیاندا ژیان دەباتە سەر ئەمە پاش ئەوەی منداڵ چووە قوتابخانە ئەگەرنا پێشتر تەنیا لە ماڵەوە ژیانی دەبردە سەر،بێجگە لەمە تایبەتمەندی دەوروبەرەکەش بەشێکە لە تایبەتمەندی ئەو شوێنە بچووکەو بە گوێرەی ئەو (ژینگە)یەی کە لێی دەژیت، ئەمانەش هەر هەموویان گوزارشت لەواقیعە کۆمەڵایەتیەکە دەکەن،کە لە ئەمەشدا ململانێی چینایەتی نێوان کۆمەڵگا دەوری خۆی هەیەو کار لە پەروەردەکردنی منداڵ دەکات،ئینجا یان بەرەو باشتری دەبات،یان بەرەو خراپتر، ئەمە بە گوێرەی ئەو چینە دەگۆڕێت کە منداڵەکە تێیدایەو تێیدا دەژیت،کە لە سەرووی هەموویانەوە پەیوەستە بە شوێن،ئەویش پەیوەستە بە واقیعە کۆمەڵایەتیەکەوە،کەواتە شوێنو واقیعە کۆمەڵایەتیەکە پەیوەندییەکی دیالیکتیکی بە یەکیان دەبەستێتەوە.

<u>**شوێنو جوانناسی**</u>

جوانناسی بە شێوە فراوانەکەی،سەردە مێژووییەکەی،بۆ رۆژانێکی دوور دەگەڕێتەوە،لە پاڵ رەوتی سەرهەڵدانو بەرەو پێشەوەچوونی ئەدەبدا ئەمیش سەریهەڵداوەو پێسڤەچووە،تا دوا هەواری لە زانستێکی تایبەتی خستووە بە ناوی ئیستاتیکا ( ئیستاتیکا لکێکە لەفەلسەفەو گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەو روونکردنەوەی چەمکی جوانی وەکو روخسارێکی جیاکەرەوەی کارەکانی هونەر،وە ئەو سەرەتا دروستو ساغانە پێشنیار دەکات کە حوکم دانە ئیستاتیکیەکان پشتیان پێ دەبەستن)5

ئایا ژینگە چۆن لەگەڵ جوانناسی دەبینرێت؟ لە کۆنەوە کە وێنەیەك لەسەر ئەشکەوت هەڵدەکۆڵدرا شێوەیەکی جوانی پێدەدراو دەیانڕازاندنەوەو نزیکیان دەخستەوە لە شێوە واقیعیەکەی،ئەمە هەنگاو هەنگاو گۆڕا تا لە سەردەمی ئەشکەوتەوە بۆ سەردەمی خانووبەرە گواسترایەوەو جۆرەها رەسمو نیگاری لێکەوتەوە تاکو ئێستا پاشماوەیان لە هەندێك شوێنی کوردستاندا ماوە،ئەمە بە گوێرەی بیناکاریو ئاوەدانی،بۆ ئەدەبیش هەروا بووە نووسەر هەر لە کۆنەوە هەوڵی ئەوەی داوە کە نووسینەکەی پوختو رێكو پێك بێت،ئەو رێكو پێکییە بەشێك بووە لە جوانناسی،بوونی پەیوەندیەکی بە هێز لە نێوان مرۆڤو ژینگەکەی،جوانی وەدەردەخات،هەست کردن بە شتێکی جوان لایەنی ئیجابی شتەکە روون دەکاتەوە،بەڵام بە پێچەوانەوە هەست

نەکردن، لایەنی سەلبی6 وەدەردەخاتو بەهای لاوازی دەدا بە جوانناسی،هەر بۆیە جوانناسی ئەمڕۆ ڕەگەزێکی گرنگە لە ژیانی ڕۆژانەدا.ئەمڕۆ جوانناسی بۆتە بەشێك لەشوێنو دەوروبەر بە تایبەتی لە گەشە کردنی کۆمەڵگادا..ئەوەندە ماوە لەم چەند دێڕەدا بڵێین ئایا چیرۆکی کوردی کە بۆ منداڵان نووسراوە چۆن وێنەی ئەو شوێنانەی گرتووە کە چیرۆکەکان تێیدا لەدایك بوونە؟ بە کورتی چیرۆکنووسەکان،واقیعەکەیان وەکو خۆی گواستۆتەوە هەمووشمان دەزانین واقیعی کوردستان بەشێکە لە ئیستاتیکاو جوانناسی.

هونەرەکانی جوانی...زۆر بە جوانی وەسفی ئەو هێلانەیە دەکات کە چۆلەکەیەکی لەسەر دەژیتو بۆتەو ماڵی ژیانو مردنی جاستون باشلار لە مەڕ (ماڵ) وتوویەتی:( گەردوونی یەکەممانە،گەردوونی راستی)7 بۆ ئەوەی زیاتر شارەزابین کە ئایا چیرۆك نووسەکانمان چیان بەچی کردووەو چۆن لەم لایەنە واتە جوانناسی سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە،ئەوە لەبەشی دووەمدا هەوڵ دەدەین لەکاتی تەتەڵەکردنی چیرۆکەکاندا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە

__چیرۆك‌و شوێن__

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی تاکو ئێستا رووی چیرۆکیان هەڵماڵیوەو چوونەتە بنجو بناوانی ئەوە رەگەزەکانی شوێنو کاتو رووداوو پاڵەوانو مۆنتاجو دایالۆگە... هتد بە بناغەی دارشتنی چیرۆك داندراونو هەریەکەو لەگەڵ بەشەکانی‌تر چیرۆك تەواو دەکەن،شوێن بریتی‌یە لەو واقیعە کۆمەلایەتییەی کە چیرۆکنووس هەڵیدەبژێرێتو رووداوی چیرۆکەکەی تێدا دەهۆنێتەوە،یان پاڵەوانی چیرۆکەکە لەو شوێنەدا ژیان دەباتە سەر،ئەمە بە گشتی بەڵام بێجگە لەمانە نووسینی چیرۆك بۆ منداڵان گەڕانەوەی چیرۆکنووسە بۆ ژیانی منداڵی یان ژیان لەگەڵ منداڵاندا،یان ژیانی ئەمڕۆی بەشێك دەبێت لە دوو توێی ئەو ناوچانەی کە منداڵی لێ دەژیت،گەلێك جاریش نووسەر بەخەیاڵ،واقیعێك دروست دەکات بەڵام هەردەبێت نزیك بێت لەژیانی منداڵان،یان بەشێك بێت لەژیانەکەیان،یان بەشێك بێت لە ڕەوتی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ کە منداڵی لێی بژیت،نووسەرێك دێت چیرۆکێکی خەیاڵی زانستی دەنووسێت،ئالەوێدا واقیعە کۆمەلایەتییەکە زیاتر پێویستی بە زیرەکی نووسەر هەیە..؟ وا لەخوارەوە ئەو خاڵانە دەخەینە روو کە نووسەران لەکاتی هەڵهێنجانی چیرۆکێك لەواقیعی منداڵان پێویستیان پێ دەبێت:

1- لەکاتی وەسف کردندا پێویستە وەسفەکەی پڕ بە پێستی ئەو شوێنە بێت کەچیرۆکەکەی تێدا لەدایك بووە نەك تووشی هەڵەی لابەلا ببێت.

2- لەکاتی وەسف کردنی شوێندا زیادەڕۆیی نەکرێت..

3- ئەو کەلو پەلانە باس بکرێن کە لەو شوێنەدا دەست دەکەون نەك لە شوێنێکیتردا.

4- ئاگاداری وەرزەکان بێت چونکە هەر وەرزە خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە بە تایبەتی بۆ شوێن ئەمە لەکاتی گرێدانی چیرۆکەکە بە شوێنەوە.

5- کە باسی رووەك دەکرێت پێویستە ئاگاداری ئەو ناوچانە بێت کە چیرۆکەکەی تێیدا رووی داوەو بزانرێت ئەو رووەکە لەوێ دەست دەکەوێت.

6- بۆ مەسەلەی ئاژەڵیش هەمان خاڵی پێنجەم پێویستە رەچاو بکرێت بۆ نموونە نابێت بڵێین لەچیاکان وشترێکمان دی خەریکی حووشترالووك خواردن بوو ..

## بەشی دووەم

### جۆرەکانی شوێن

لەم خاڵەدا دێینە سەر شیکردنەوەی چەندان چیرۆك کە بۆ منداڵانی کورد نووسراون، هەڵبژاردنی چیرۆکەکان هیچ پەیوەندییەکی خودی‌ی ناگرێتەخۆ تەنیا نزیك بوونەوەیە لە شێوەی زانستی باسەکە،بە گوێرەی تواناش شیتەڵکاری لە چیرۆکەکاندا دەکەین ... بۆ ئەوەی باسەکەمان پەرشو بڵاونەبێت وامان بە چاك زانی لەسەر ئەو تێزەی کە دەڵێت: ئەستێرەی زەوی لەوشکایی‌و ئاو پێك هاتووە، بابەتەکەمان پۆلێن بکەین.

### ئەلف- وشکایی

ئەگەر سەیری واقیعە کۆمەڵایەتیەکەی خۆمان بکەین دەبینین زۆربەی بە وشکایی پڕ کراوەتەوەو لە ناو شکایشدا ئاو چنگ دەکەوێتو دانیشتوانی سەر وشکاییەکە لە سەری دەژین،چیرۆکنووسەکانمان سوودیان لە واقیعەکە بینیووەو کردویانەتە شوێنی رووداوی چیرۆکەکانیان.

-1 گوند

بە گوێرەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەی دوێنێی ئێمە،زۆربەی چیرۆك نووسەکانمان روویان کردۆتە گوندەکان،بارگەی رووداوی چیرۆکەکانیان لەوێ خستووەو گوند روویێکی دیاری لەو چیرۆکانە داگرتووە کە بۆ منداڵان نووسراون، بە ڕای من ئەمە بۆ ئەو خاڵە گرنگانە دەگەڕێتەوە.

1 - جوانی دیمەنی گوند لە رووی جوانی‌و رازاوەیی کە منداڵ حەز لە شتی رازاوەو جوان دەکات بە تایبەتی لایەنە سروشتییەکەی .

2 - چیرۆکنووسەکان وایان هەست کردووە چیرۆکەکانیان بۆ منداڵانی شار نووسیوە بۆیە هەوڵیان داوە،کە ژیانی گوند لە منداڵانی شار بگەیەنن.

3- گوند گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە زۆر رووەوە لە شار جیاوازە.

4 - زمانی پاراو لە گونددا دەست دەکەوێت،ئەگەر چی لەو باوەڕەشدام چیرۆکنووسەکان کەم سوودیان لەم زمانە بینیووە.

5- کۆمەڵگا کۆنی کشتوکاڵی لە هەموویان زیاتر رۆڵ دەگێڕێت8

دیارە بە گوێرەی تێزێك بۆ ئەم خاڵە ناوی وشکایم هەڵبژارد ئێستاش چەند نموونەیەك دەخەمە ڕوو:

چیرۆکێکی تاهیر ساڵح سەعید9 (مانگو منداڵەکانی گوندەکە) دەکەینە نموونەی ئەم خاڵە بۆ ئەوەی بزانین مانگو گوند چ پەیوەندییەکیان بە یەکترەوە هەیە،کاتی خۆی لە گونددا تاکە سەرچاوەیەکی رووناك بوونەوە لە شەودا (مانگ) بووە،هەربۆیە ناونراوە (مانگە شەو) واتە (مانگی شەوان) (منداڵەکانی گوندەکەی قەد پاڵی شاخە بەرزەکە،لە هەموو کەس زیاتر مانگیان خۆش دەویست چونکە شتێك بە شەو کۆڵانە تاریکەکانی گوندەکەیانی بۆ رووناك دەکردنەوە ئەوەبوو..) کەواتە منداڵانیش دەیانزانی تاکە سەرچاوەیەك مانگە بۆ رووناك کردنەوەی گوند (مانگیش بەو چەشنە منداڵە چاوگەشەکانی گوندەکەی خۆش دەویستو بە شەوان بۆ ئەوان هەڵ دەهات،تا بە تریفەی جوانی زیوینی خۆی کۆڵانەکانی گوندەکەیان بۆ رووناك کاتەوە،تا ووردیلەکان لەبەریدا دەست بگرن،راکەن،یاری بکەن،هەڵپەرن دڵ خۆش بن) چیرۆکنووس لەو گرێ دانەدا سەرکەوتووە،چونکە پەیوەندی نێوان منداڵانی گوندو مانگی دەرخستووەو لە شێوەی چیرۆك دایڕشتۆتەوە کە ئەمە لە واقیعە کۆمەڵایەتیەکە هەیەو بەشەو منداڵان لەبەرچاوی گەشی مانگدا

یاری دەكەنو هەڵ دەپەڕن..مانگ لە لایەن منداڵانی گوندەوە زۆر خۆشەویستەو گەلێك جار چاوەڕێی مانگیان دەكرد،تا پەیدا ببێت،ڕستەی (مانگ هەڵ هات) یان لەسەر دەم بوو پاش ئەوەی مانگ سەرەدیقانێی لەگەڵ منداڵاندا دەكرد چەند منداڵێك لە كۆڵانی گونددا دەسوڕانەوەو دەیان وت:

هەستن، هەستن لەخەوێ

وەرنە گەمانی شەوێ10

بۆ نموونە با سەیری ئەو بڕگەیەی خوارەوە بكەین كە منداڵان مانگیان لێ ون دەبێ چەند پەستو دڵ تەنگ دەبن ( ئێوارەیەك دوای ئەوەی خۆر ئاوا بوو مانگ هەڵ نەهات،كۆڵانەكانی گوندەكە بە تاریكی مانەوە،منداڵەكان خەم دایگرتن وەك شتێكی زۆر خۆشەویستیان لێ ون ببێت ئەهاتنو ئەچوون هەواڵی بێ سەرو شوێنی مانگیان لەیەكتری ئەپرسی ) منداڵان دڵ تەنگ بوون بۆ ون بوونی مانگ،ئەو شتە جوانە لە منداڵان ون بوو كە بەرگی گوندی دەگۆڕی بۆ یەك پارچە ڕووناكیو شێوەیەكی جوانی بە گوند دەدا،بەڵام نووسەر خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە كە بۆچی مانگ ون بوو؟ نووسەر كە هەر مادەیەك هەڵدەهێنجێت پێویستە باش سەری لێ دەربچێت ئەگەر نا بابەتەكەی لاسەنگ دەبێت (مانگ وتی: بۆ هیچ كوێیەك نەچووبوم ئەوەندە هەبوو زەوی بەری خۆری لێ گرتبووم،ڕووناكی خۆرم نەئەگەیشتێ هەر كە ڕێگام بۆ چۆڵ بوو ئیتر گورج ڕووناكی خۆمم بۆ ناردنەوە تاكو لانەكانی ئاواییو بەرچاوتان ڕووناك كەمەوە) ئیتر جارێكیتر منداڵان دەستیان كردەوە بە یارییەكانیانو دڵ خۆشی خۆیان بۆ مانگ دەربڕی.

ئێستا باس لە چیرۆكێكی جەزا عەلی ئەمین دەكەین تا بزانین تاچ ڕادەیەك هامووشۆی گوند لە چیرۆكەكەدا دیارەو لەچیرۆكی ( شمشاڵ)11 دا دەڵێت: ( لە دێیەك هەر شەوە ناشەوێ دزماڵێكی دەبڕی..كەسیش نەی دەزانی كێیە...) ئەم ئیشە لە هەندێ دێدا ڕووی داوەو دزی كردنیش هەبووە بەڵام بابزانین لە واقیعەكە چۆن بەردەوامی دەداتە چیرۆكەكەیو چۆن دزەكان ئاشكرا دەبن ( دزەكان ماڵێكیان بڕی چوونە ناو قامیشەڵانێك لەوێ شتەكانیان بەش كرد..ئینجا بڵاوەیان لێ كرد..ڕۆژێ لە ڕۆژان شوانی دێ ویستی مەڕەكانی مۆڵدا بۆ خۆشی چوو ئاگری كردەوە تا چا لێ نێ....حەزی دەكرد شمشاڵ لێدا بەر پشتێنەكەی گەڕا نەبوو) گرێ دانی ئەم چیرۆكە بە شوانو قامیشەڵان خاسیەتی تایبەتی داوە بەچیرۆكەكە، ئەم دوو شتەش لەواقیعی گونددا دەست دەكەون ئەوەی جێگای دڵ خۆشییە جەزا عەلی ئەمین زیرەكانە مامەڵەی لەگەڵ شوێنی ڕوودانی چیرۆكەكەیدا كردووەو شوانە دەچێتە ناو قامیشەڵانەكە شمشاڵێك دادەتاشێتو وای نیازە بۆ مەڕەكانی لێ بدا:( شوانە شمشاڵەكەی دروست كردووە..نای بە لێوییەوە..كەچی لەبری ئاواز خوێندن ناوی چەند كەسێكی دەبرد كە پارەو زێڕیان بەش كرد، شوانە كە ئەمەی گوێ لێ بوو یەكسەر بۆ ئاوایی دەگەڕێتەوە یەكسەر بەرەو مزگەوت ڕۆیشت) ئەمەش زیاتر ئاماژە دانە بە شوێنی كۆبوونەوەی خەڵكی ئاوایی كە بە زۆری لەبەر دەمی مزگەوتدا كۆدەبنەوەو لەكاتی بێ ئیشی كات لەوێ دەكوژن.شوانە: ( شمشاڵەكەی هەڵگرت نایە بەر پشتێنەكەی...گەڕایەوە ماڵێ..لەبەردەمی مزگەوتدا خەڵكێكی زۆر دانیشتبوون شوانە ڕووی تێكردن..خزمینە حەز دەكەم شمشاڵتان بۆ لێدەم..خەڵكەكە وتیان باشە) لەدوای ئەمە پیرۆزی قامیشەڵان وەدەردەكەوێت، چیرۆكنووسن گرێی چیرۆكەكەی بەو شێوەیە دەكاتەوە:(هەر كە شوانە دەمی نا بە شمشاڵەكەیەوە..ناوی هەموو دزەكانی ووت..هەندێك بڕوایان نەكرد بەڵام هەركەسێ دەمی پێوە دەنا هەمان دەنگوباسی دەگێڕایەوە بۆیە دەستو برد دزەكانیان گرتو تەمبێیان كردن. لە دێ دوورەكانەوە هاتن بۆ قامیشەڵانەكەو قامیشیان دەكرد بە شمشاڵ)..كەواتە ئەو قامیشەڵانە بۆتە نزرگەو خەڵك لەدوورەوە هاتوونەو شمشاڵیان لە قامیشەكانی درووست كردووە، بڕگەی كۆتایی

چیرۆکەکە بەستنەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکەیە بە کەلەپورو ئەفسانەی کوردی،کە هەر لە بنەڕەتدا ئەمە بەشێکە لە ئەفسانەی کوردو گەلانی رۆژهەلات.
هەر پەیوەند بەم خاڵە چیرۆکێکیتر وەردەگرین بە ناوی(داربەڕووی ئاوایەکەمان..) 12کورتەی ئەم چیرۆکە بریتییە لە بەسەرهاتی داربەڕوویەکی بەتەمەن لە ئاوایدا ئەوەی مەبەستی ئێمەیە چۆنێتی مامەڵەکردنی چیرۆکنووسە لەگەڵ ئەو پارچە خاکەی کەچیرۆکەکەی لێ درووستکردووە لە برگەیەکی چیرۆکەکەیدا دەڵێت:(بە تەمەنترین دار لە ئاواییەکەماندا،داربەڕوویەك بوو،کەوتبووە نێوان دوو ماڵانەوە بە بەرزێکەوە بوو،سێ لقی گەورەی لێ بووبۆوە هەر لقە چەندان پەلکی چڕو پڕگەڵای لێ جیابووبۆوە، هێلانەی چوار حاجی لەق لەقی لەسەر بوو وەك جێ نزرگەی باوباپیرانمان بۆ کاتی خۆشیو گەشتو سەیران هەموو رۆژی پێنج شەممان لە ژێری کۆ دەبووینەوە بە تایبەتی شوێنی یاریمان بوو تەنانەت شەوانەی هاوینیش لەژێریدا چەندان یاریمان رێك دەخست،دەبووین بە چەند تیپێکەوە،تیپێکمان قەڵا قەڵاو ئەوانیتر تۆپێنو چەند یارییەکیترمان دەکرد) لەم برگەیەدا چەندان شت پێکەوە گرێدراون کاتێك منداڵ یەکێکیان دەخوێنێتەوە ئەویتری لەبیر دەچێتەوە،وەك؛داربەڕووەکە کەوتبووە نێوان دوو ماڵان سێ لق بوو پەلکی چڕبوو هێلانەی چوار حاجی لەق لەقی لەسەر بوو جارێ هەموو ئاواییەکانی کوردستان بگەڕێین چوار حاجی لەق لەق لەسەر یەك دار پێکەوە هێلانەیان نەکردووە چونکە وەکو کورد دەڵێت:( تامیوانیش حەز لەمیوان ناکات ) وەك جێ نزرگەی بابو باپیران رۆژی پێنج شەممان لەژێریدا کۆ دەبووینەوە بە تایبەتی بەهاران بڕیاری خۆمان دەدا رۆژی هەینی چی بکەین سێبەری گەورەی خۆشیو شادیو گۆرانیو یاریمان بوو،ئەم رستەیە ناتەواوە دەبێ بڵێت: سێبەرە گەورەکەی جێگای خۆشیو شادیو گۆرانیو یاریمان بوو شەوانەی هاوینیش چەندان یاریمان رێك دەخست،چەند تیپێك قەڵاقەڵاو ئەوانیتر تۆپێن.لە گوندەکانی کوردستاندا شەوانی هاوین بە هیچ شێوەیەك یاری تۆپێن ناکرێت،ئەوەی دەکرێت هەمووی بریتییە لەیارییە فۆلکلۆرییەکان،بەتایبەتی ئەو رووداوەی نووسەر چیرۆکەکەی لێهەڵهێنجاوە شوێنەکەی بەرزیو نزمییە چۆن تۆپێن لەو شوێنە دەکرێت: (بەبەرزێکەوە-واتە دار بەڕووەکە-ن-) نووسەر دەیتوانی زۆر بە کورتی ئەم دە دێڕە بکاتە چوار پێنج دێڕهەم بۆ منداڵان دەگونجاو هەم چیرۆکەکەشی بەهێز دەکرد،ئەمەو لەسەر شەوانی هاوین درێژەی هەیە:( پاش ماندوو بوون دانیشتین دەگەڕاین بۆ ئەستێرەکان تیایدا حەوتەوانەو بەختی خۆمان لە ئەستێرەی گەشدا دیاری دەکرد ئینجا کۆمەڵ کێ دەنگی خۆش بوایە یەك یەك گۆرانیمان دەوت تاوەکو ماندوو دەبووین...) بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە کە دوایی هەرکەسەو بۆ ماڵی خۆی دەگەرایەوە چونکە یەکسەر دێتە سەر وەسفی خانوەکانو خەڵکی ئاوایی (خانوەکانی ئاواییمان کەم بوون بە هەموو دێ هەشت پارچە زەویمان هەبوو بەڵام تێرو تەواوبووین زۆر ئیش کەرو گورجو کارامە بووین لە هیچمان کەم نەبوو تەنانەت خانووی هیچ ماڵێ لەویترمان بڵندتر نەبوو دەستی هەرەوەزو یارمەتیمان هەمیشە لەناودا بوو کەس دوژمنی کەس نەبوو،شەڕو ئاژاوەمان نەبوو،بەرچاو تەنگو دڵ پیس نەبووین،خۆشەویستی خاکو ئاو بووین لەبەردەمی ئاواییدا کانیاوێکی گەورە هەبوو ناویان نابوو،نۆ کانی چونکە لە بەهاراندا نۆ کانی دروست دەبوو بەخۆیەوە دە سەرچاوەی سازگاری پڕ لەخێرو خۆشی دروست دەکرد کە مژدەی ژیانی دەدا بە ئاوایی یەکەمان یادگاری ئەم ئاواییە شیرینە) پێویست بەوە ناکات جارێکیتر رستە زیادەکان دەربهێنمو یەك بە یەك تەتەڵەیان بکەم تەنیا ئەوەندە دەڵێم پێویست ناکات چیرۆکنووس وەك گەورەیی خۆی سەیری منداڵ بکات ئەم وەسفە دوورو درێژەی نەدەویست،پێش ئەوەی کۆتایی بە چیرۆکەکە بهێنێت دەڵێت:( بەهارێك هەورە تریشقە دای لە دار بەڕووە گەورەکەو سووتانی،ئێمەش منداڵانی ئاوایی

ئەوە وتمان با پەرژینی بۆ بکەین بۆ ئەوەی دەستی رەشی هەورە بروسکە دارەکانیتریشمان نەسووتێنێ) ئێمە نازانین پەرژین بۆ کام دار دەکات داربەڕووەکە،یان دارەکانیتر چونکە دەڵێت:(باپەرژینی بۆ بکەین) واتە داربەڕووە گەورەکە کەچی خۆشی دەڵێت سووتاوە،هەر پاش ئەمە یەکسەر دەڵێت:(بۆ ئەوەی دەستی رەشی هەورە برووسکە دارەکانیتریشمان نەسووتێنێ) واتە دارەکانیتر،کۆتایی چیرۆکەکەشی ئەمەیە (هاتین هەرچی خۆڵەمێشی دارە سووتاوەکەمان بوو رشتمان بە چواردەوری ئاواییدا سنوورێکمان بۆ دروست کرد ساڵ بە ساڵ وەرز خۆش دەبوو جێگای یاریان دیارتر دەبوو،گۆرانیمان بە کۆڵتر دەبوو) پێویستی نەدەکرد بە خۆڵەمێشی دار بەرووەکە سنورێك بۆ ئاوایی درووست بکرێت چونکە کەس حەز لە سنوور ناکات نەخوازەڵڵا منداڵان فێربکەین دەبوایە بڵێت وەکو چۆن داربەڕووەکە جێ نزرگا بوو خۆڵەمێشی سووتانەکەشی بووە جێ نزرگاو خەڵك بۆ زیارەت دەچوونە سەری !! یان دەڵێت :(جێگای یاریان دیارتر دەبوو) کێ واتە منداڵ ئەم جارە بە زمانی خۆیان دەدوێتو دەڵێت:( گۆرانیمان بەکۆڵتر دەبوو) دەبوایە هەردووکیان یەك شت بوونایە،یان بە زمانی منداڵان چیرۆکنووس بدوابایە یان بە زمانی وان نەبووایە،نەخوازەڵڵا لەیەك دەستەواژەدا.

وەکو دوا چیرۆکی ئەم خاڵە چیرۆکێکی لەتیف هەڵمەت13 دەهێنمەوە کە پڕ بە پێستی ئەم خاڵەیەو سەرکەوتنێکی دیاری بەدەست هێناوە بە تایبەتی لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعە کۆمەڵایەتیەکەدا:( گوندێکی بچکۆلە لەترۆپکی چیایەکی سەرکەشدا شینایی ئاسمانی ماچ دەکردو هەموو ئەستێرە جریوە دارەکانی لە بن کانییە روونو رەوانەکاندا کۆکردبۆوەو هەمیشە بۆ خۆر پێدەکەنین دانیشتوانی ئاواییەکە گەورەو بچوك،دێ بچکۆلانەکەیانیان خۆش دەویستو بایەخیان بە جوانیو رازاندنەوەیان دەدا.. داری بەرداریان دەچاندو نەیان دەهێشت هیچ کەسێ گوڵی باخچۆکەکانی برنێ...) ئەم وەسفو پیاهەڵدانە شایستەی زۆربەی دێیەکانی کوردستانە بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکاندا ئەم چیرۆکەش لە یەکێك لەناوچە شاخاوییەکاندا رووی داوە-ئازادـی بچووکیش پاش گەڕانەوەی لە قوتابخانەو پشووداندو دوای دەرس خوێندن ئینجا کەوتە ئاودانی باخچەکەیان لەو کاتەدا لەگەڵ پەڕەسێلکەیەك کەوتە دووان بە تایبەتی لەمەڕ گەرمیانو کوێستان کردنی پەڕەسێلکە،پەڕەسێلکە وایان نیاز بوو ئازادیش لەگەڵ خۆیان بەرنو لە سەرمای زستان رزگاری بکەن.لەتیف هەڵمەت زۆر بە جوانی باسی کوێستانو گەرمیان کردنی پەڕەسێلکەی کردووە پەرەسێلکەکان زۆر شێرو رێوی بۆ ئازاد دەهێننەوە تا دڵی هەڵکەنێو دێیەکەی بەجێ بهێڵێ بەڵام ئەمانە دادی ئازاد نادەنو تا دەڵێت:

( گوندەکەم لە هەموو جیهان قەشەنگترەو کانییە بچکۆلەکانیشی لە هەموو دەریاکانی جیهان گەورەترو شۆخو شەنگترە. برۆن تۆو بەچکەکانت بۆ هەرکوێ ئارەزوو دەکەن برۆن بەڵام من هەر لەگوندەکەمدا دەمێنمەوەو بە پێچەوانەی بەفرو ئەو باهۆزو گەردەلوولەی کە ئەوەندە تیژە قەفی دار دەگروێ گۆرانی بۆ هەتاوێك دەڵێم هەموو بەیانیەك قژە درێژو زێڕینەکەی لەسەر لووتکەی ئەم شاخە بەرزانەدا دادەهێنێ..) ئیتر (پەڕەسێلکەو زارۆڵەکانی خواحافیزیان لە ئازاد کردو دایان لەشەقەی باڵو لەئاسۆی بێ سنوورو بێ کۆتاییدا وون بوون شوێنو هەتەریان نەما....ئازادیش پێ کەنیو تەورێکی بچووکی هەڵگرت) لەتیف هەڵمەت چیرۆکەکەی زۆر بە جوانی کۆتایی پێ هێناوە زۆر بە جوانی لەو واقیعە ژیاوە کە چیرۆکەکەی تێیدا لە دایك بووە بە دەمی ئازاد قسەدەکاتو دەڵێت: (هەر لە ئێستاوە لەبڕینو کۆکردنەوەی کۆتەرە دار لەدارستانەکە یارمەتی باوکم دەدەم...باسووتەمەنیمان زۆر بێو لەسەرماو شەختەی زستان بمانپارێزێ) یەکێك لەخاسیەتی دێیە شاخاوییەکان کۆکردنەوەو بڕینی کۆتەرە دارە بۆ زستان تا لە سەرماو سۆڵە

خۆیان بپارێزن نووسەر بە حیوارێکی ئازاد کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێ ئەمیش منداڵان فێرە پەروەردەکردنێکی راستەقینە دەکات تا لە کاروباری رۆژانەدا یارمەتی باوکیان بدەن.

-2 دارو درەخت یان وردە شتیتر

رەنگە لە لایەن لە هەندێك خوێنەران پرسیارێك بکرێتو بڵێ ئایا دارو درەخت شوێنە؟ یا چ سوچێك لە شوێن داگیر دەکەن؟ یان بوونی چ بوونێکە بە گوێرەی شوێن؟ راستە ئەو رۆڵەی پارچە خاکێکی وەکو گوند لە شوێندا دەیگێڕێت دارو درەخت ئەو دەورە نابینێت، بەڵکو رۆڵەکەی کەمترە،بەڵام هەموومان دەزانین دارو درەخت دارستان دروست دەکاتو دارستانیش پارچە خاکێکی دیاریکراو دادەبڕێتو بوونو خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە هەموو پنتێك شوێنو خاسیەتی فەلسەفی خۆی هەیە هەر لەم روانگەیەوە دارو درەختمان کردە شوێن چەند نموونەیەکمان بۆ هێنایەوە بە گوێرەی ئەو روانینەی لەبەرچاوەو ئەو پانتاییەی داگیر دەکات بۆیە ( شتی ورد)م خستە سەر بابەتی (دراو درەخت) کە ئەمە بە گوێرەی ئەو شوێنانەی کە پانتاییان زیاترەو زیاتریش لەبەر چاون ئێستا بابزانین خاتوو (نەجات رەفیق حیلمی) 14 لەچیرۆکی (گوڵی بۆن دار) چۆن باسی گوڵ دەکاتو چۆن وەکو شوێنێك خاسیەتی تایبەتی پێداوە (بێچووە چۆلەکەکە هەڵ فڕی کەوتە سەر بنجە گیایەکی سەوزو تەڕ بەگران خۆی گرتووە،چونکە یەکەم جار بوو فێری باڵە فڕێ بێت خونچە گوڵێکی تازە پشکووتوو لەولاوە زەردەخەنەیەك گرتیو پێی وت) کەواتە یەکەم جار بوونیدا بەگوڵەکەو هێنایە دوان وەکو بەشێکی دیاریکراو لەو پارچە زەویەی کە بێچووە چۆلەکەکەی کەوتە سەر پاش دواندنێکی درێژ لە نێوان بێچووە چۆلەکەکەو گوڵەکە زیاتر رۆڵی شوێنەکە دیار دەخاو دەست نیشانی چەند سیفەتێکی ژیان دەکات (راستە  قسەی تۆیە ئەوەتا من چۆن لەسەر چڵێکی دایکم ئەبمو ئەژیمو ئەوەڕێم بە هیچ جۆرێ نابێ لە دایکم جیا ببمەوە...تەیرۆکەکە وتی: بەڵێ وا دیارە لەو کاتەی خۆر هەڵدێ سورمە تیشکی ئەرژێنێتە سەرچاوەکانت پرشنگی خۆر لە گۆمیدا مەلە ئەکات زەردەخەنەی شادی ئەت گرێ هەموو دنیا بەو نیازە لای تۆو دایکتو خوشکەکانت ئەوساتەیە)

بۆ هەمان خاڵ بزانین جەزا عە لی ئەمین لە چیرۆکی (کۆترو درەخت) 15 چۆن راڤەی نێوان ئەو دوو شتەی کردووە (کۆترێکی جوان هێلانەی لە قەد پاڵی شاخێك دروست کردبوو،باو بارانێکی توند هاتو هێلانەکەی هەڵ کەند کۆترەکە زۆر دڵ تەنگ بوو دەی ویست،بڕوا چیلکەو پووشی وا کۆبکاتەوە بە باوبۆران بویرێ،لاقە خنجیلانەکانی سڕبوون باڵەکانی بە ئاسانی بۆ بەیەك دانەدەدران بەخشە خش لە پیرە دارێك نزیك بۆوە کەس بیری نەدەهات لە کەیەوە رووادوە) تا ئێرە لەبەر باوبۆران کۆترە جوانەکە هێلانەی لێ تێك چووەو تووشی پیرە دارێك دێت (بە کۆترەکەی گوت:- بۆ کوێ دەڕۆی؟ کۆترەکە وەڵامی دایەوە:- هێلانەیەکم هەبوو بابردی نازانم بۆچییەتی  دارەکە وتی: نزیکتر بەوە لێم لە قەدی مندا کلۆری یەك هەیە با نایگرێتەوە کە برسیشت بوو گەڵاکانت لێ نزیکن کۆترەکە خۆی گەیاندە کلۆرایی دارەکە،لەشی کەسیرە بووبوو) ئەمە گواستنەوەی شوێنە لە قەد پاڵی شاخ بۆ کلۆرایی پیرەدارێك نووسەر پاش ئەوەی وتووێژ لە نێوان پیرەدارەکەو کۆترەکە رێك دەخاتو کۆترەکە زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکات ( کۆترەکە لە دارەکەی پرسی:- تۆ چۆن بەرگەی سەرماو گەرما دەگریت؟ درەختەکە وتی: من هێز لەزەوییەوە وەردەگرم) کەواتە نووسەر سیفەتی شوێنەکە روون دەکاتەوە پاش ئەوەی پیرەدارەکە باسی ئەوە دەکات چۆن لەسەرمای زستان خۆی دەپارێزێتو لە گەرمای هاوینیش،هەروەها

چیرۆکنووس لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا نووسیویەتی:(کە بەهار هات کۆترەکە هاتە سەرگەڵا پانەکانی دارەکە لەبەر خۆیەوە دەی وتەوە:
-لە تۆوە فێر بووم چۆن بژیم بە گەرماو سەرما بوێرم خۆی لە گەڵاکانیی دەسوو) ئەمەش وادەردەخات کۆترەکە لەو شوێنە فێری ژیان بووە کە چۆن بەرگە بگرێت،کە هەڵفڕیو رۆیشت هەر ئاوڕی لەپیرە دارەکە دەدایەوە.
لەتیف هەڵمەت دەڵێت:(چۆلەکەیەكو ریشۆڵەیەكو بلبلێك لەسەردارێك هێلانەیان کردبوو)16 لەم دێڕەدا شوێنەکەمان بۆ دەرکەوت کە سەردارێکەو سێ گیاندار هێلانەیان لەسەر کردووە، دەکرا نووسەر ئەم دارەی ئاوا قەڵەباڵغ نەکردبایەو سێ هێلانەی لەسەر دەسنیشان نەکردبایە (ئێوارانێك بلبلەکە کەوتە داوی راوچیێیەکەوەو گرتیو بردی خستیە قەفەسێکەوە.. بەیانی زوو چۆلەکەکە چریکاندی گوتی : من دەنگ خۆشترین مەلی ئەم دارستانەم ! ریشۆڵەکەش خۆی لێ فش کردەوەو گووتی:
نییە..لەم دارستانەدا مەلی لە من دەنگ خۆشتر نییە) ئا لێرەدا پاش گرتنی بلبلەکە ململانێ لە نێوان چۆلەکەکەو ریشۆڵەکە سەری هەڵدا ئەمەش لەبەرئەوەی شوێنە ئیجابییەکە یەکێکی لەکیس چوو پاش ئەوەی بلبلەکە لەدەست راوچییەکە رزگاری بوو و گەڕایەوە بۆ شوێنەکە واتە (هێلانە)ی خۆی، ئیتر چۆلەکەکەو ریشۆڵەکە لە شەرمان دارستانەکەیان بەجێ هێشت...ئەو شوێنەی باسمان کرد پڕ بە پێستی ئەو خاڵەیە چونکە دارو درەخت بووەتە جێی حەوانەو کات بەسەربردنی بلبلەکە،وەك دەرکەوت دارستانەکە جێگای گوزەرانی بلبلەکەیەو ژیان لەوێدا دەباتە سەر کەواتە لەوێ راهاتووەو ئەوێی پێ خۆشەو ئەمەش یەکێکە لەخواستەکانی شوێن.

3- ماڵو قوتابخانە

هەر چیرۆکێك کە بۆ منداڵان دەنووسرێت مەبەست پەروەردەکردنی منداڵانە،بۆ شوێنیش هەمان بیروڕا دەردەبڕین چونکە کە تۆ شوێنێکی ناپەسەند بکەیتە ئێستگەی رووداوی چیرۆك ئەوا لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵدا ناگونجێتو پێویستە نووسەران بە وردی ئاگایان لەو خاڵە بێت سەرەڕای ئەمە تا پێمان دەکرێت شتی نوێ بکەینە ملوانکەی ئەدەبی منداڵان (جوتزو ترریچەر)ی چیرۆك نووسی منداڵانی ئەڵمانی لە بارەی ئەدەبی منداڵانەوە دەڵێت:(منداڵان بزاوتو تاقی کردنەوەی نوێیان دەوێ کە سەیری تاقیکردنەوەکەش دەکەن وەکو واقیعێکی زیندوو سەیریان دەکەن) 17 ئەو پەروەردەکردنەش پێویستە گرنگی بدات بە (هاوکاریو کاری بەکۆمەڵ پتەو بکاتو بایەخی تەواو بە دەوری پیرۆزی ئیشکردن بدات لە بنیات نانی دوا رۆژی بەختیارو خۆشتردا) 18
ماڵو قوتابخانە دوو شوێنی تەواوکەری یەکترنو دوو مەڵبەندی پەروەردەکردنیشن کە منداڵ دەگاتە تەمەنی 6 ساڵان لە کۆشی ماڵە تایبەتییەکەی بۆ ماڵێکی گشتی یاچاکترە بڵێم ماڵێکی بەرفراوانتر دەچێت ئەویش قوتابخانەیە،ئینجا بە پێی تەمەنو قۆناغەکانی خوێندن شت فێر دەبێت ئێمەش هەر لەم روانگەیەوە ئەم خاڵەمان هەڵبژارد چونکە خەرمانێکی چاکمان لە قوتابخانەو ماڵ وەکو شوێن لە ئەدەبی منداڵان بە گشتیو لەچیرۆكدا بە تایبەتی هەیە وا وەکو نموونە چەند چیرۆکێك هەڵگێرو وەرگێر دەکەین.
کەمال میراودەلی لەچیرۆکی (مامۆستا بچکۆڵە)دا نووسیویەتی:(دایكو باوکی کتێبەکەیان لەپێش خۆیان دانابوو..وشە بە وشە دەیان خوێندەوە...جار جارە هەڵەیان دەکرد) 19بە کورتی ئەم چیرۆکە باسی خێزانێك دەکات کە منداڵەکەیان لە قوتابخانەیە دایكو باوکی منداڵەکەش لە قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەوارین پاش ئەوەی ئێواران دایكو باوکی ئازاد لە قوتابخانە دێنەوە،ئازاد دەرسیان پێدەڵێتو یارمەتییان دەدات) ئازاد قسەکەی مامۆستای قوتابخانەکەیانی

هاتەوە یاد، مامۆستا هەموو رۆژێ پێی دەگوتن: قوتابی‌یە بچكۆڵەكان!! هانی دایكو باوكتان بدەن تا بچنە قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری.... بۆ ئەوەی فێری خوێندەواری ببن...چونكە هەتا هەموو رۆڵەیەكی ئەم ولاتە نەبێتە خوێندەوار،ئێمە پێش ناكەوین،بەرهەمو سامانی نیشتمانەكەمان زیاد ناكات،دۆستو دوژمنی خۆمان ناناسین،ناحەزان بە ئاسانی هەڵمان دەخەڵەتێنن...ئەی قوتابینە!! مەڵێن منداڵینو باوكو دایكمان گەورەن! دەبێ ئێوە فریایان بكەون،ببنە مامۆستایان...یارمەتییان بدەن،لێرەدا دەوری قوتابخانە وەكو شوێنێك دەردەكەوێت ئەویش پێشكەوتنی كۆمەڵگایە بەهۆی خوێندنو خوێندەواری،چیرۆكەكە زیاتر شتمان دەداتە دەست،لە ژیانی رۆژانەی منداڵ نزیكمان دەخاتەوە بە تایبەتی كە منداڵێكی ئاوا بچووك هەست بەلێ پرسینەوە دەكاتو هەوڵ دەدات دایكو باوكی ببنە خوێندەوار.

ئازاد گوتی:

تكایە قسەمەكەن!

ئەوجا رۆیشت تەختە رەشەكەو تەباشیرەكەی هێنا...بە دەنگێكی بەرز گوتی:- گوێ بگرن...ئێرە ژووری پۆلە منیش مامۆستا بچكۆڵەم، یارمەتی دایكو باوكم دەدەم فێری خوێندەواری ببن. ئەوجا رووی كردە رووناكی خوشكیو گوتی:

-رووناك تۆش چاودێری پۆلی...تكایە بۆ سڕینەوەی تەختە رەشەكە یارمەتیم بدە!!ئازاد داوای لە دایكو باوكی كرد سەیری دەستو پەنجەی ئەو بكەن. پاشان لەسەر تەختەكە نووسی:

-كرێكار

دایكی هەستاندە سەرتەختەكە وردە وردە یارمەتی‌دا تا ئەویش نووسی كرێكار

ئەوسا باوكی هەستاو نووسی كرێكار

تا لەكۆتایی چیرۆكەكەدا دەڵێت؛

لەو رۆژەوە ماڵی ئازاد بووە قوتابخانەیەكی گەورە،قوتابخانەی وشەو ژیان).

هەروەها با چاوێك بەم چیرۆكەی فەرەیدوون عەلی ئەمین كە ناوی-تامی تامی گەنمە شامی-یە بخشێنین(بەیانی‌یەك شوانو شیروان ئەچوونە مەكتەب،لە دەمی كۆڵانەكەی ماڵی خۆیاندا چالاكو بێ باكی دراوسێشیان پێ‌گەیشتن،بەیانی باشیان لە یەكتر كردو پێكەوە رێگای مەكتەبیان گرت ) ئەم چیرۆكە باسی ئەوە دەكات كە قوتابیان لە جیاتی پارەی قوتابخانەیان لە بەردەرگاو كۆڵانەكان خەرج بكەن با لەقوتابخانە خەرجی بكەن چونكە شتی قوتابخانە پاكو خاوێنە،ئەمەش لایەنێكی‌تری پەروەردەكردنە بۆ ئەوەی منداڵان لە ماڵەوەش سوودی لێ ببینن (شوان، شیروان ئێمە لێرە هیچ ناكڕین دوكانی قوتابخانە خۆش بێت ئەم شتە پیسانە چین.

بێباك بێ دەنگ بوو،نەختێك وەستا،لووتێكی بۆ خوراندو دەستێكی بە گیرفانی‌دا كردو پارەی دەرهێنا تۆپەڵێك گەنمەشامیو مشتێك نوقڵی كڕی. دەستی بە نوقڵ داكرماندن كردو ناو بەناو تۆپەڵە گەنمەشامی‌یەكەی بە دەمی‌دا ئەهێنا ئەی وت:

-تامی تامی گەنمە شامی،تامی تامی گەنمە شامی..دوای دەرسی دووەم ناڵە ناڵو هاوار لە بێباك هەستا.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی بێباك بۆ خەستەخانە ببەن،دوایی بۆ مامۆستا بە دەركەوت كە بێباك گەنمەشامی‌یەكەی بەردەرگای قوتابخانەی خواردبوو.

مامۆستا زۆر بەسەر سوڕماوی‌یەوە وتی:

-ئای بێباك چۆن شتی وات كردووە؟! ئەی ئەمە دوكان نی‌یە لێرە ئەی نابینی هەموو شتێكی خۆشو پاكی تێدایە ئەها چۆن سەری شتەكان داپۆشراون) ئەمەش نزیكە لەجوانناسی شوێنو رێكو پێكی شتەكان،مامۆستا دوكانەكە جوان دەهێنێتە بەرچاوی بێباكو قوتابیەكان،كەوتە

باسکردنی پاكو خاوێنی دوکانەکەی قوتابخانە،ئەو پەروەردەکردنەی قوتابی لە قوتابخانە فێری دەبێت لە ماڵەوە پێڕەوی دەکاتو کاریگەری لەسەر پەروەردەکردنی ڕۆژانەی جێدێڵێت،هەر لە ماڵەوەش هەندێك شت دەکات لە قوتابخانە لەسەریان دەڕوات،منداڵ وەك چۆن منداڵی ماڵەوەیە هەربەو چەشنەش منداڵی قوتابخانەیە.

بێجگە لەو نموونانەی هێنامەوە ئێستا ئاماژە بە نموونەیەکیتر دەدەم کە بە تەواوی جیاوازی لەگەڵ نموونەکانیتردا،ئەمجارە لە (ماڵ) و (قوتابخانە)ی ئاسایی مرۆڤ بۆ (ماڵ) ی مێروولان دەگوازینەوە مەولود ئیبراهیم حەسەن دەڵێت؛ ( مێرووله وا ڕاهاتوون بەر لەوەی زستان بێت بەخۆ دەکەونو زەخیرەی زستان تەواو دادەکەن ئەم ساڵ وارێك کەوتبوو شارە مۆرانەیەکیان ببووە دراوسێ لەگەڵ مێروولەکان بەکاری یەکتریان دەزانی،مێروولەکان هەمیشە لەکاربوونو هەر خەریکی کۆکردنەوەی زەخیرەی زستانو ڕێك خستنی شارەکەیان بوون بۆ ئەوەی بەرلەوەی زستانە ڕەشو پڕ تەڕو تووشیەکە بێت،بتوانن شارەکەیان وارێك بخەن کاتی باران...ئاو بە شارەکەیان وەرنەبێو نەکەونە سەخڵەتیو زەخیرەیان لێخەسار نەبێ)21 ئەمە خاسیەتی مێرووله‌یه بەر لەوەی زستان دابێت دەست دەکات بە کۆکردنەوەی ئازوقەی زستانە،چونکە لە زستاندا لە دەرەوە جولەیان نامێنێت،هەر لەماڵەکەیان کاردەکەنو نان دەخۆن ئەمەش چۆنیەتی ڕێکخستنی ماڵو خۆ دەربازکردنە لە باری سەختی زستان،بێجگە لە ماڵ ڕێکخستن ئەم مێروولانە تووشی نەگبەتی خۆیان ببوون کە ئەویش مۆرانە بوو بۆیە بڕیاریانداو ( هەڵ سان بە دزیەوە زەخیرەکانی خۆیان گواستەوە بۆ لایەك کە مۆرانەکان هەستیان پێ نەکرد،شاردیانەوەو تەقەتیان کرد) ئیتر لە برسانا مۆرانەکان قاتو قڕیان تێکەوت،وەك چیرۆکنووس نووسیویەتی (بۆ ساڵی دوایی شای مێروولەکان ئەم بەسەرهاتەی بۆ ساوایەکانی خۆی گێڕایەوەو تێی گەیاندن کە ژیان بە هیوای ڕەنجی خەڵکی ئەنجامی چۆنەو چاو بڕینە ماڵی کەسانیدی کارێکی ناپەسەندەو دەستی ماندووش لەسەرزگی تێرە)

<u>بێ- ئاو</u>

ئاو سەرچاوەی ژیانو بوونە،پیرۆزییەکەی بۆ ڕۆژانێکی دوور دەگەڕێتەوەو لەکۆنەوە هەندێك لە خەڵك وەکو شتێکی پیرۆز دەیان پەرست،باشلار دەڵێت:(وەك ڕەمزێکی ڕەسەنی پاکی دەمێنێتەوەو سەرچاوەیەکی سروستییە بۆ پاك بوونەوە) 22 کەواتە ئاو پاکیە سەرچاوەی ژیانە،ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێوە بەندە... بۆ چیرۆکیش پێویستە ئاو دەوری تێدا بگێڕێتو شوێنێك داگیر بکات واتە لەچیرۆکدا دەوری دیاربێت وەك لەم سەرچاوەیەدا هاتووە:( ئەو چیرۆکە سەرکەوتن بە دەست ناهێنێ ئەگەر ئاو دەوری تێدا نەبینێت) 23 بەڵام لە واقعی بۆ واقیعێکیتر گۆڕانکاری ڕوودەدات بۆ نموونە ئەگەر باسی (ماسی) یمان کرد ئەوە ئاو دەوری خۆی هەیە یان ئەگەر باسی کانیو ڕووبارو زێو دەریا...هتد کرد هەمیسان ئاو لێیان بێ بەش نیە بەڵام ئەگەر لەمانە بە دووربێت ئەوە لە ئاویش بە دوور دەبێت بە کورتی ئاو گرنگە.

ئەوەی تاکو ئێستا بەرچاوم کەوتووەو خوێندومەتەوە چەند چیرۆکێکی جەزا عەلی ئەمین-ە،کە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو تەوزیفە ئاوی وەك شوێن کردووەو وەك پارچە خاکێك دەوری پێ داوە نووسەر لەچیرۆکی (ماسییەکی ژێر)24دا دەڵێت:(ماسیيە پانکەڵەیەك لە گۆمێکدا مەلەی دەکرد...گۆمەکە جۆگایەکی بچووکی بە سەرەوە بوو..ناوبەناوێك لە گۆمەکە دەهاتە دەرێو بە جۆگاکەدا دەهاتو دەچوو...بە چاوە بزەکانییەوە سەیری دەکرد،دیتی پیاوێك بەسەر سەرییەوە وەستاوە....

پیاوەکە بە ماسییەکەی وت:

-حەزم لەگۆشتەکەتە
هەر ئێستا گۆمەکە دەردەدەمو دەت گرم)
پیاوەکە هەوڵ دەدات بە (گووپ) گۆمەکە دەربدات،بەڵام پاش ماوەیەك گووپی دێشێتو وتی:(ئەورۆ هیچ...بەڵام سبەینێ هەردەتگرم،راوکەرەکە رۆیی) دوای ئەمە زیرەکی ماسی‌یەکە دەردەکەوێت کەچۆن چۆنی خۆی لە پیاوەکە رزگار دەکات.
ماسی لە دڵی خۆیدا وتی
( وا دەزانێ قاچیان بەستووم، سبەینێ گۆمەکەی لێ لێڵ دەکەم تا نەمبینێ...) پیاوەکە کە چووە ماڵەوە رێگای ئەوەیان پیشاندا کە تەنەکە لەگەڵ خۆی بباو گۆمەکەی پێ دەربدات،نەی دەزانی ماسی‌یەکە لەم ژێرترەو خۆی شاردۆتەوەو لەناو کونەکان خۆی حەشارداوە بۆیە (گەلێ هاواری ماسی‌یەکەی کرد...وەڵام نەبوو چەند تەنەکە ئاوی گۆمەکەی رۆکردو بەخۆی گوت:( ماسی‌یەکە رۆیشتووە.. باسەری خۆم نەیەشێنمو برۆمەوە...ئەو لەمن ژێرتر بوو).
جەزا عەلی ئەمین لە چیرۆکێکی‌تردا مێژووی زێیەك بۆ رۆژانێکی دوور دەگەڕێنێتەوە تا مام وسوو نازانێ (مام وسوو منداڵانی ئاوەدانی کۆکردەوەو پێی وتن:- منداڵینە! ئەم زێیە کەس نازانێ لە کەیەوە بە ناو ئەم زەوی‌یەدا دێ... هەمووومان بە هۆی ئەوەوە فێری مەلە بووین..)25 دوایی لەسەر چیرۆکەکە بەردەوام دەبێو باسی سوودو قازانجی (بەلەم) دەکات کە شتێکی پێویستە خەڵك بۆ پەڕینەوە بەکاری دەهێنین،مام وسوو هەڵ دەستێ منداڵان فێری مەلە دەکات تا بۆ ئەوبەر بپەڕنەوەو سەر لەخزمو کەسیان بدەن (مام وسوو لە کەنارەوە فێری منداڵانی دەکرد چۆن دەستیان فرێ دەنو شڵپە لە ئاوەکە بێنن...وای لێ هات دەتووت پۆلە مراوین بەسەر ئاوی زێوە دێنو دەچن) کەواتە بوونی شوێنەکە پێویستی بەوە دەکرد کە منداڵان فێرە مەلە بکرێن،لەم چیرۆکەدا نووسەر تەنیا باسی (مەلە) دەکات بەڵام خۆزگە بە دێرێکیش بوایە باسی پیرۆزی ئاوی بۆ منداڵان بکردبایە،چونکە لە شوێنێکی‌تردا دەڵێت ( من ئەگەر ئاو زۆر ببینم سەرم گێژ دەخوات) کێ دەڵێت کە منداڵێك ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە رقی لەئاو نابێتەوە وا نازانێت هەموو ئاوێك سەری گێژ دەکات؟!
(ماسی‌یە گەورەو26 گێژ 27 ) دوو چیرۆکی‌تری جەزا عەلی ئەمینن کە (ئاو)ی کردۆتە شوێنی رووداني چیرۆکەکانی،بە تایبەتی لە چیرۆکی (گێژ)دا مامەڵەیەکی جوانی لەگەڵ ئاودا کردووە کە بە ئەفسانەی کۆن دەیبەستێتەوە( ئەو گێژە گیایەکی تێدایە قاچو دەستی مەلەوان رادەکێشێو دەیان خنکێنێ) سەرنجێکم بۆ ئەو چیرۆکە ئەوەیە کە دەبوایە ناوی چیرۆکەکەی (گێژەن) یان (گێژەنگ) بوایە چونکە (گێژ) لە ناوچەیەکی فراوانی هەولێر بە واتای ورو کاسو کەمێك شێت دێت.

## ئەنجام

( پێویستە بۆ منداڵان بنووسین وەك چۆن بۆ گەورەکان دەنووسین بەڵکو زیاتریش)-مەکسیم گۆرگی-28 ئەم وتە بە نرخەمان کردە قوفڵی ئەنجامی باسەکە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگیی ئەدەبی منداڵانمان بۆ دەرکەوێتو بزانین کە نووسەرێکی گەورەی وەك -گۆرگی- وشەی (پێویستە)ی بۆ نووسەران بەکارهێناوە تا بە قەڵەمەکانیان منداڵان پەروەردە بکەن... ئێمەی کورد پێویستە ئەم وتەیەی -گۆرگی- بکەینە ملوانکەو لەملی ئەدەبەکەمانی بکەین،لەم باسەدا پەنجەرەیەکی‌تر لەسەر ئەو دەقانە والا کراوە کە بۆ منداڵانی کورد نووسراون... لێکۆڵینەوەکە کراوە بە دووبەش:

**بەشی یەکەم**

زیاتر پەیوەندی بە لایەنە تیۆرییەکەی (شوێن)ەوە هەیە،شوێن وەکو پابەندێکی واقیعە کۆمەڵایەتی‌یەکە ئاوێزانی بەشە دیالێکتیکەکەی ژیانو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کراوە،بۆ لایەنە زانستی‌یەکەی باسەکەش پشتی بە چەند بیرو ڕایەکی پسپۆرانی ئەم لایەنە بەستووە.

**بەشی دووەم**

شێوازی رەخنەی پڕاکتیکی رەچاو کراوە لەسەر ئەو تێزەی دەڵێت: رووی زەوی لەوشکانی‌و ئاو پێك هاتووە،بۆ وشکانیش لەسەر سێ پنت کارکراوە؛ (گوند، داورودرەخت، ماڵو قوتابخانە) هەر لەم بەشەدا لە بەرهەمی چەند نووسەرێك کۆڵدراوەتەوە وەك: جەزا عەلی ئەمین، لەتیف هەڵمەت، کەمال میراودەلی،فەرەیدون عەلی ئەمین... هتد، ئەو نووسەرەی کە بۆ منداڵان دەنووسێت پێویستە لەرووی هەڵبژاردنی (شوێن) زۆر ئاگادارو وردبین بێت بە تایبەتی لە باری ئاوو هەواو جوگرافیاو ئەوواقیعو خەیاڵەی چیرۆکەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.

**پەراوێزەکان**

1- من دەستەواژەی (چیرۆك بۆ منداڵان)م پێ راستترە لە(چیرۆکی منداڵان). (بۆ زیاتر شارەزایی سەیری ئەم دوو نووسینە بکە:

ا- نەوزاد علی ئەحمەد،مێژووی گەشەپێدانی ئەدەبی منداڵانی کورد،بەشی یەکەمی ئەم کتێبە.

ب- نەوزاد عەلی ئەحمەد (ئەم دیاردەیە) رۆژنامەی- هاوکاری، ژمارە (743) ساڵی 1984

2- یاسین ئەلنەسیر، دەلالەتی شوێن لە چیرۆکی منداڵاندا،بە زمانی عەرەبی، لاپەڕە-6-

3- یاسین ئەلنەسیر،الروایە والمکان، ج2، لاپەڕە -17-18-

4- هەمان سەرچاوە،لاپەڕە -20-

5- کەمال میراودەلی،فەلسەفەی جوانی‌و هونەر، لاپەڕە -11-

6- کمال عید،جمالیات الفنون،لاپەڕە -4-

7- جاستون باشلار،جمالیات المکان، لاپەڕە -42-

8- پاش خوێندنەوەی زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە بۆ منداڵانی کورد نووسراون،ئەم خاڵانە لەلا گەڵاڵە بوو.

9- نووسەری کورد،خوولی دووەم، ژمارە-3-ساڵی 1980، لاپەڕە-138-

10- فۆلکلۆرە،بە منداڵی دەمان وتەوەو ئێستاش لەبیرم ماوە.

11- جەزا عەلی ئەمین،پەپوولە، لاپەڕە -35

12- ئازاد مەحموود مستەفا،رەگ، لاپەڕە -17

13- لەتیف هەڵمەت،جوانترین دێ، لاپەڕە-22

14- ئەدەبی منداڵان-ژمارە-1- لاپەڕە-7-

15- جەزا عەلی ئەمین،شەمامە، لاپەڕە -15-

16- لەتیف هەڵمەت،دەنگ خۆشترین مەل-لاپەڕە-17

17- نووسەری کورد-ژمارە (3)ی ساڵی 1980، لاپەڕە-41

18- هەمان سەرچاوە،لاپەرە-42

19- کەمال میراودەلی،گوڵەباخ، لاپەڕە-11

20 فەرەیدون عەلی ئەمین ،پیاوە پچکۆلەکە، لاپەڕە -23

21- مەولود ئیبراهیم حەسەن،وریابن خەوتان لێ نەکەوێ، لاپەڕە -18

www.pertwk.com

22- یاسین ئەلنەسیر،دەلالەتی شوێن لە چیرۆکی منداڵاندا، لاپەڕە-61 بە زمانی عەرەبی
23- هەمان سەرچاوە،لاپەڕە-60
24- جەزا عەلی ئەمین، پەپوولە، لاپەڕە-9
25- هەمان سەرچاوە،لاپەڕە-22
26- هەمان سەرچاوە،لاپەڕە -26
27- هەمان سەرچاوە،لاپەڕە-29
28- رۆشنبیری نوێ،ژمارە-12-لاپەڕە-3


سەرچاوەکان

ئەلف - کوردی

1- لەتیف هەڵمەت،جوانترین دێ،چاپخانەی ئەلحەوادیس، بەغدا-1979
2- ئەدەبی منداڵان (کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی‌یە بۆ منداڵان) ، ژمارە -1- هەولێر-1985.
3- کەمال میراودەلی،گوڵەباخ،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی- سلێمانی- 1979.
4- نووسەری کورد،ژمارە -3- خوولی دووەم، مارتی 1980
5- کەمال میراودەلی،فەلسەفەی جوانی و هونەر،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی -1979.
6- مەولود ئیبراهیم حەسەن،وریابن خەوتان لێ نەکەوێ، بەغدا-1981
7- فەرەیدون عەلی ئەمین،پیاوە پچکۆلەکە، بەغدا-1972
8- جەزا عەلی ئەمین،پەپوولە، چاپخانەی ،المؤسسە العراقیە، بەغدا-1981
9- لەتیف هەڵمەت، دەنگ خۆشترین مەل،چاپخانەی نەورەس، سلێمانی -1983
10- ئازاد مەحموود مستەفا،ڕەگ،چاپخانەی دار الحریە، بەغدا-1987
11- جەزا عەلی ئەمین،شەمامە،چاپخانەی دار الحریە، بەغدا-1978
12- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە 115 ی ،بەغدا،ساڵی 1987
13- رۆژنامەی هاوکاری،ژمارە 743ی، بەغدا، ساڵی 1984

ب- عەرەبی

1- هادی نعمان الهیتی، ئەدەبی منداڵان، دار الحریە-بغداد- 1978 بە زمانی عەرەبی
2- جاستون باشلار، جمالیات المکان، ترجمە، غالب هلسا، دار الحریە -بغداد-1980
3- الروایە و سنعە کتابە الروایە، ترجمە: سامی محمد، دار الحریە-بغداد-1981
4- کمال عید (الدکتور) جمالیات الفنون، دار الحریە-بغداد-1980
5- یاسین النسیر، دەلالەتی شوێن لە چیرۆکی منداڵاندا- بغداد-1985 بە زمانی عەرەبی
6- یاسین النسیر، الروایە و المکان، ج1، دار الحریە- بغداد 1980
7- یاسین النسیر،الروایە والمکان، ج2، دار الحریە- بغداد-1986
8- مجلە-المعرفە السوریە- العدد-215/214 - 1979-1980

بەشی چوارەم

کاکەی فەللاحو شیعر بۆ منداڵان

**پێشەکی**

شیعر بەشێکە لە هونەرەکانی ئەدەب،کە لە ناو هەموو گەلانی سەر رووی زەوی بڵاوبۆتەوە،هەر گەلەو بە گوێرەی ئاوو هەواو سروشتو قۆناغە مێژووییەکەی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە،هیچ نەتەوەیەکیش شیعری فەرامۆش نەکردووە،شیعریش بۆ منداڵان پانتایی دیارە لە ئەدەبی هەر گەلێکدا،ئەم بەشەش دەچێتە ناو ژیارو مێژووی نەتەوەو پەیامی خۆی بەجێ دێنێت.

لە مەیدانی شیعر بۆ منداڵان پێویستە مرۆڤی شارەزاو زیرەكو وریاو وردبین خۆی لەم لایەنە بدات،نەك یەکێکی ناشارەزا،رەنگە هەندێك ئەم بوارەیان پێ سووكو ئاسان بێت،بەڵام گرانترین شت ئەوەیە،کە نووسەر نووسین بۆ یەکێکی لە خۆی بە تەمەن بچووکتر بنووسێت! هەر ئەدیبێك کە شتێك بۆ منداڵان دەنووسێت،پێویستە لەناو ژیانی منداڵان بژیت،یان هاموشۆیان بکات،ئەگەر بەخەیاڵیش بێت پێویستە لە جیهانەکەیان بە خەیاڵ بژیت.

کاکەی فەللاح یەکێکە لەو نووسەرانەی خزمەتێکی دیاری ئەدەبی کوردی کردووە لە رۆژنامەنووسی‌یەوە بگرە تا شیعرو وەرگێڕانو لەچاپدانەوەی بەرهەمی نووسەران... دەزانین کە لە مێژە بۆتە مێوانی باخچەی رازاوەی منداڵانو بە گەلێك پارچە شیعری جوان باخچەکەیانی ئاوداوە،مامۆستا دەربارەی خۆیو ئەدەبی منداڵان دەڵێت:( دەمێکە ئەوەم بۆ ساغ بۆتەوە کە بایەخ دان بە ئەدەبی منداڵ ئەرکێکی هەتا بڵێی گەورەو پیرۆزەو ئەمیش بەستراوە بە بە هەرەی تایبەتی حەساسی ئەم جیهانە رەنگینەو رۆشنبیری تەواوی پەروەردەییو زانستیو سایکۆلۆژیو ئەدەبی تایبەتی سەر بە منداڵەوە) 1

لە روانگەی خزمەتەکەی کاکەی فەللاح ئەم چەند لاپەڕەیەم کردە دیاری بۆ بواری لێکۆڵینەوەی کوردی هیوادارم شتێکم بە شتێ کردبێت کە شایانی خزمەتەکەی کاکەی فەللاحو ئەدەبی کوردیش بێت.

<u>مامەڵەکردن لەگەڵ فۆلکلۆردا</u>

فۆلکلۆر بە واتای هەموو ئەو سامانە دێرینانە دێت کەبۆمان بەجێ ماوە. سامانەکانیش بریتین لە هۆنراوەو پەندو گۆرانیو قسەی نەستەق و... هتد.

ئەگەر هەموو شتێك لەم جیهانە خاوەنێکی دیاریکراوو تایبەتی هەبێت ئەوە فۆلکلۆر نیەتی،واتا ناتوانین بڵێین فلانە کەس خاوەنی فۆلکلۆرە،بۆ نموونە بۆ فۆلکلۆری کوردی دەتوانین بڵێین کورد خاوەنیەتی واتا فۆلکلۆری کوردی خاوەنەکەی بریتی‌یە لە هەموو کوردێك.

بابزانین کاکەی فەللاح چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم سامانەدا کردووە،لە شیعری (فێڵێکی چەور) دا رێوی کە دێتە دوان سەیر دەکات وا دووگێك فرێ دراوە،دووگەکەش سپیو نەرمو نۆڵە بۆلای دووگەکە ناچێت هەتا لە کۆتاییدا دەڵێت: (ئەم ماستە بێ موو نی‌یە) واتە ئەم دووگ فرێ درانە شتێکی لەدوایە،رێوی دەڵێت:

ئەم ماستە بێ موو نی‌یە
من ئەزانم بۆچی‌یە2

(ئەم ماستە بێ موو نی‌یە) یان (ئەم ماستە مووێکی تێدایە) ئەمە پەندێکی کوردی‌یە کە باوكو باپیرانمان لە زووەوە بەکاریان هێناوە،ئەم پەندە لە شوێنی شیاوی خۆی بەکارهاتووەو جوان

تەوزیف کراوە... هەروەها لە شیعرێکی‌تردا بە ناوی (ئەی منداڵە) بە شێوەیەکی سەرکەوتوو مامەڵەی لەگەڵ فۆلکلۆردا کردووە،وا لە منداڵ دەگەیەنێت هیوای بە ژیان هەبێتو گەش بین بێت
خەم مەخۆ لەدەست ڕۆژگار
هەردەوەنە ئەبێ بەدار3
(هەر دەوەنە ئەبێ بەدار) یان (دەوەن دەبێ بەدار) ئەمە پەندێکەو کورد بەکاری هێناوە.
مامۆستا بێجگە لەپەند سوودی لەچەند هەقایەتێکی فۆلکلۆری بینیووەو بە شێوەی شیعرو بەکەمە ئیزافەیەکەوە بۆ منداڵانی گێڕاوەتەوە،لە شیعری (دوو پشكو کیسەڵ)
دوو پشکێك داوا لەکیسەڵێك دەکا سواری پشتی خۆی بکات تا بۆ ئەو بەری ئاوەکە بیپەڕێنێتەوە، دوو پشکەکە واپیشان دەدات کە گوایە درۆ ناکات هیچ فێڵێکی نیە:
کیسەڵ سواری پشتم کە
فێری ئاوو گەشتم کە4
کیسەڵەکە،دووپشکەکە سواری پشتی خۆی دەکات لەناو ئاو دەیەوێت چزووەکەی لە لەشی کیسەڵەکە گیر بکات بەڵام نازانێت پشتی کیسەڵ ڕەقە؛
چەند خۆشە گەشتی ناو ئاو
بە سواری کیسەڵی خاو
ئەی چزوو خۆت بنوێنە
چزەی لێ هەڵ بسێنە
کیسەڵ بمرێ لەتاوا
بەڵێن بدە بە ئاوا5
پاشان کیسەڵەکە تۆڵەی چزوو لێدانەکەی دەستێنێتەوە،پشتی رادەوەشێنێتو تووڕی دەداتە ناو ئاوەکە:
وا خۆم رائەوەشێنم
لەئاوا ئەتخنکێنم
ئەبێ مردار بیتەوە
سزا وەربگریتەوە6
فۆلکلۆری کوردی گەلێك دەوڵەمەندەو پڕیەتی لە بەسەرهاتوکارەساتی جەرگبر،یان خۆش، بۆ کاکەی فەللاحیش بە پشت بەستن بەو وتەیەی گۆرکی (بناغەی ئەدەب لەفۆلکلۆر واتا- لە ئەدەبی خەڵکدایە) دەتوانین بڵێین بەرهەمی چاکی پێشکەش کردووە.
هەروەها چیرۆکی فۆلکلۆری (گورگو بەرخۆڵەو راوکەر) یشی بە شیعر بۆ منداڵان دارِشتۆتەوەو هەوڵی داوە لەدەروونی منداڵان نزیکی بخاتەوە!
هۆ ڕێوی ڕێوی... هۆ
ڕێوی بێ ئیمان... هۆ
شەریکی شەیتان... هۆ
یان:
کیژی جوانین... حێولانێ
گوڵە باخین..... حێولانێ
بە دەماخین..... حێولانێ
باڵا چنار...... حێولانێ
ناسكو نازدار... حێولانێ7

ئەم دوو نموونەیەم تەنیا وەکو شێوە (فۆرم) ئاماژ پێدا،کە دوو شیعری فۆلکلۆری زارۆکانی بەهێزە، منداڵ نیە نەیزانێتو ئەزپەری نەکردبێت، تا ئەمڕۆ لەسەردەمی تەکنەلۆژیای تیژڕەو، کاریگەری خۆیان ماوە،بە رای دەکرا کاکەی فەللاح وەکو فۆرم سوودیزیاتر لەو ئیقاعە ببینیایەو چەند شیعرێکیتریشی لەسەر ئەم ئیقاعە سووكو ساكارە بۆ منداڵان بنووسیبایە،چونكە كاكەی فەللاح لەبواری نووسینی شیعر بۆ منداڵاندا جێ پەنجەی تازەكردنەوەی پێوە دیارەو لە رووی شێوەو ناوەڕۆكدا داهێنانەكانی تەمەن درێژن ... وەك دەڵێن ئەدەبی فۆلكلۆری: (بریتییە لە ئەنجامێكی دیالیكێكی پەیوەندی ژیانی مرۆڤ لەگەڵ سروشتو كارو گوزەرانی خۆیدا،ئەم ئەدەبە بەری پێویستی مرۆڤەو لەبێ كاریدا دروست نەبووە بەڵكو ئاوێنەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانەو پێویستییە دەروونییەكانە بەرامبەر بە سروشت)8

**پەروەردەی منداڵان**

پەروەردەكردنی منداڵان ئەركێكی مرۆڤایەتییەو منداڵ وەرشەیەكە رۆحی مرۆڤایەتی تیایە ئامادە دەكرێت،ئەدیبیش بوارێكە لەو بوارانەی كاریگەری خۆی هەیە كاكەی فەللاح-یش شیعری كردۆتە هۆیەك بۆ ئەوەی بۆ پەروەردەكردنی منداڵان،لەو شیعرانەی كە بۆ منداڵانی نووسیوە،رێبازێكی پەروەردەیی واقیعی هەڵبژاردووە،تاكە ئامانجێك چاوەڕێی كردووە،ژیانێكی پاكو بێگەرد بووە بۆ منداڵان، بۆ نموونە منداڵان فێردەكات كتێبیان لا پیرۆز بێتو بە هاوڕێی خۆشەویستی خۆیانی بزانن،چونكە كتێب پێویستییەكی ژیانە:

ئەو هاوڕێ خۆشەویستە

كتێبەو زۆر پێویستە9

لە شیعرێكیتر بابەنۆئیل بە منداڵان دەناسێنێت بۆ ئەوەی بزانن بابەنۆئیل فریشتەی خێرو بێرە، ئەمەش وا لە منداڵان دەكات فریشتەیەكی وەكو بابە نۆئێلیان خۆش بووێت:

منیش بابا نۆئێلم

دێم،بەجێتان ناهێڵم

فریشتەی خێرو بێرم

سەری ساڵ هەڵ ئەبژێرم10

بۆ گوڵی- نێرگس-یش وای وەسف دەكات كە بووكی جەژنی نەورۆزە:

من كچێكی پیرۆزم

بووكی جەژنی نەورۆزم11

مامۆستا بە شێوەیەك منداڵان پەروەردە دەكات نرخی قوتابخانە بزانن،چونكە هێلانەی زانینو زانیارییە:

جا نۆرەی قوتابخانەیە

كە بۆ زانین هێلانەیە12

یان بە دەمی منداڵان خۆزگەی ئەوە دەخوازێت لە جیاتی- رەشەبا- شنەی شەماڵ هەڵبكات:

لەباتی ئەم رەشەبایە

بۆ شنەی شەماڵ نایە13

بێجگە لەم شیعرانە مامۆستای ناوبراو بە چەندان پارچە شیعریتر رێگای راست پێشانی منداڵان دەدات...

www.pertwk.com

**فەرهەنگی منداڵان**

جیهانی منداڵان،جیهانێکی ناسكو رازاوەیە،ئەدیبانی ئەو بوارە پێویستە وەکو خاڵێکی گرنگ ئاگاداری زمانی تایبەتی منداڵ بن، فیرنەر لندمان نووسەرێکی ئەڵمانییە بۆ منداڵان دەنووسێتو لە یەکێك لە قسەکانیدا دەڵێت:( ناخۆشترین شت لە نووسین بۆ منداڵان ئەوەیە: کە نووسەر زمانەکەی بدۆزێتەوە واتا زمانی منداڵ)14.ئەمە بۆمان روون دەکاتەوە کە وریای زمانی منداڵ بینو بچینە بنچو بناوانی،چونکە ( زمان رەگەزێکە لەرەگەزەکانی رۆشنبیری) 15 لێرەدا نووسەر مەبەستی رۆشنبیری منداڵانە،بەکارهێنانی هەندێك وشە کەوا بەرجەستەیەکی تایبەتی هەیە فەرهەنگی زمانو هەستی منداڵان فراوان دەکات16،ئەم وشانەش وەکو پەیوەست بوون بە سایکۆلۆژیەتی منداڵان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لە مانەوە بۆمان دەردەکەوێت فەرهەنگی منداڵ مەودایەکی قووڵی هەیە،خاسیەتی تایبەتی گەشەی منداڵان وای لەزمانەکەشیان کردووە،خاسیەتی تایبەتی خۆی هەبێت،بە گوێرەی ئەو بۆچوونانە وا گەشتێکیتر بە نێو شیعرەکانی کاکەی فەللاحدا دەکەین بۆ ئەوەی بزانین لەم بوارەشدا چۆن لەگەڵ ئەو جیهانە دواوە.

مامۆستا لە سەرتاپای شیعرەکانی هەوڵی داوە زمانێك بەرجەستە بکات لە فەرهەنگی منداڵان دوورر نەکەوێتەوە،لەم باسە کورتەشدا ناتوانین هەموو شیعرەکان وەربگرینو یەك بە یەك لەسەری بدوێین،چونکە لایەنی فەرهەنگی زمانی منداڵان بە باسێكو دووان تەواو نابێت بۆیە تەنیا وەکو نموونە وا لە چەند شیعرێك دەدوێین:

لە شیعری (پرسیارو وەڵام) مامۆستا سەرکەوتووانە وشەکانی هەڵبژاردووەو رستەی رێكو پێکی لێ پێك هێناون تا لە زمانی منداڵان نزیکی بخاتەوەو لە فەرهەنگی منداڵانیش خۆیان بە نامۆ نەزانن:

پ: کێ باخەوانی باخچەی زانینە؟

و: دیارە مامۆستای ووشە زێرینە

پ: کامەیە باخچەی پەروەردەی زانین؟

و: قوتابخانەیە لێوەی فێر ئەبین

پ: ئەی کوا نەمامی ئەو باخە خۆشە؟

و: ئەوە قوتابی ژیرو بە هۆشە

....هتد 17

بۆ ئەم لایەنە منداڵ خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە، ئەگەر شیعرەکەی بێ گرێ خوێندەوە،یان زوو لەبەری کرد واتە ئەم شیعرە زمانەکەی ساکارو خۆشەو وشەکانی لە فەرهەنگی منداڵان دەست دەکەون،نەك ئەم شیعرە بەڵکو هەموو شیعرەکانی کاکەی فەللاح لەو شیعرانەن منداڵ زوو لەبەریان دەکات،راستە لە هەندێك شیعردا چەند وشەیەکی نامۆ خۆیان خستۆتە دوو توێی شیعرەکان،کە بەڕای من ئەمە لە دەسەڵاتی شاعیر بەدەرە بووەو ئاستی شیعرەکانیان دانەبەزاندووە؛

خۆشم ئەوێ،خۆشم ئەوێ

ئەم نیشتمانەم خۆش ئەوێ

تا لێدانی دڵ ئەسرەوێ

هیچ لەبەرچاوم ناکەوێ18... هتد

ئەم سروودە کاتی خۆی سروودێکی زۆر باو بوو منداڵ کە دەچووە قوتابخانە لەبەری دەکرد لە زۆربەی قوتابخانەکاندا بە کۆمەڵ دەوترایەوەو شیعرێکی ناسکەو وشەکانیشی لەگەڵ منداڵ دەگونجێن، کاکەی فەللاح فەرهەنگی منداڵی کوردی دەوڵەمەند کردووە.

**گیانەوەر**

شیعرو چیرۆک دوو هونەرن ماوەیەکی دوورە کەوتوونەتە نێو ئەدەبی منداڵانو وەکو بوارێکی ئەدەبی ڕێگای خۆیان گرتۆتە بەر،بە گوێرەی قۆناغەکانی مێژوو هەنگاوی خۆش بەختانەیان هاویشتووەو لەرووی شێوەو ناوەڕۆکدا گۆڕانیان بینیووە... لەمەڕ چیرۆکو گیانەوەر تا چ رادەیەك منداڵ حەزیان لێ دەکات وتراوە (لە زۆر لێکۆڵینەوەدا وا چەسپاوە کەزۆربەی ئەو چیرۆکانەی تا تەمەنی دەساڵی منداڵ بۆلای خۆیان رادەکێشن چیرۆکی گیانەوەران)19 راستە ئەم وتەیە بۆ چیرۆکەو ئێمەش لەشیعر دەدوێین،بەڵام وەکو بۆم روون بۆتەوە بە تایبەتی لە ئەدەبی منداڵاندا هەر شیعرێك چیرۆکی خۆی هەیە... هەروەها وەکو تێی گەیشتووم کاکەی فەللاح زۆربەی شیعرەکانی لەرەگەزی چیرۆك نزیك خستۆتەوە.

گەردوون گەلێ جۆرە زیندەوەری لە ئامێزدایەو مامەڵەیان لەگەڵ دەکاو شەوو ڕۆژ پێکڤە دەستیان لەملی یەکترە،زیندەوەرەکان هەر یەکە بە پێی دروست بوونو راهاتن دەجوڵێنەوە، گیانەوەریش هەزاران جۆریان هەیە،هەیە سوودمەندەو هەشە بێ سوودە،بچووك،گەورە... هتد.

منداڵ کەچاو دەکاتەوە چەند گیانەوەرێك دێنە پێش چاوی،ئەمیش لێیان نزیك دەبێتەوەو زۆربەی کاتیش لەو گیانەوەرانە نزیك دەبێتەوە کە بچووكو بێ زیانن واتە منداڵ ئەزیەت نادەن،با دوور نەڕۆین منداڵ زۆر حەز دەکات لاسایی گیانەوەران بکاتەوە.

ئەوانەی بۆ منداڵان نووسیویانەو دەنووسن زۆربەیان لە جیهانی گیانەوەران نزیك بوونەتەوە، بێجگە لەمەش فۆلکلۆری زارۆکانی کورد پڕنموونەی لەم جۆرەیە،بەڕای من ئەوانەی کە بۆ منداڵان دەنووسنو گیانەوەر لە بەرهەمەکانیان رەنگی داوەتەوە،ئەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ نزیك بوونەوە لە سایکۆلۆژیەتی منداڵان.

کاکەی فەللاح ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە،لە شیعری- بۆ کەروێشکەکەم- باسی کەروێشك لە زاری منداڵانەوە دەکات کە زۆری خۆشویستووە،بەڵام پشیلە خواردوویەتی،ئەگەر بە وردی هەڵوەستە بۆ ئەم شیعرە بکەین،باسی ململانێی نێوان کەروێشكو پشیلە دەکات لە ئەنجامدا پشیلەکە کەروێشکەکە دەخوات،ئەم دوو گیانەوەرە ئەگەر لەرووی کێشو قەوارە وەکو یەك نەبن ئەوە هیچیان لەیەك کەمتر نیە،کەواتە ئەی چۆن پشیلە کەروێشك دەخوات،ئایا ئەمە لە لای منداڵ پرسیارێك دروست ناکات؟.

کەچی هەزار جار داخەکەم

پشە خواردی کەروێشکەکەم20

لە شیعری-حەزەکانمان- (چرۆو هەڵۆو بەهرەو ساماڵو شنەو شەماڵ) چەند منداڵێکن،کە هەر یەکێکیان گیانەوەرێکی خۆش دەوێ،مامۆستا بابەتەکەی جوان هۆنیوەتەوە بە تایبەتی کە دێتە سەر هەر گیانەوەرێكو گەلێك لایەنی گیانەوەرەکە بۆ منداڵان باس دەکات وەکو جوولەو شێوەو ڕەنگو دەنگ.. هتد

بابزانین-بەهرە- بۆ کەڵەشێری خۆش دەوێ:

حەزم لە کەڵەشێرە

دەنگی خۆشو دلێرە21

تا دەڵێت:
ئەوەی چاوی لەخەوە
ڕۆژی تاریکە شەوە22
سامال دەڵێت:
من هۆگری مراویم
حەیرانی خۆییو ناویم23
شنە دەڵێت:
بڕوانە مێروولەو هەنگ
چۆن ئیش ئەکەن بە بێ دەنگ24

لەشیعری -هەنگ- دا وەکو خێزانێك وێنەی هەنگ دەکێشێو زۆر جوان دەنگی هەوڵدانەکەی تێکەڵاوی ڕۆحی منداڵ دەکات:
ئەی هەنگی ویزە خۆشم
وەکو تۆ تێ ئەکۆشم25
تا دەڵێت:
منیش ئەی هەنگ وەکو تۆ
ڕەنجم گرتۆتە ئەستۆ26

لە شیعری (لەدارستانێکدا) باسی چەند گیانەوەرێك دەکات،کە لە دارستانێکدا دەژین،ئەوەی سەرکەوتنێکی دیاری بەم شیعرە داوە هەموو گیانەوەرەکان لای خۆمان هەنەو مامۆستا هەریەکە وەسفێکی جوانی پێ داون.... لە دارستانەکەشدا ململانێیە سەرەکیەی خستۆتەڕوو،دابەشی دوو کۆمەڵەی کردوون کۆمەڵەی شەڕو کۆمەڵەی خێر،کۆمەڵەی شەڕ (کووندەپەپوو،بایەقوش،کەرخۆر)ە، کۆمەڵەی خێر (باز،هەڵۆ)ن... بێجگە لەمانە هەڵۆو باز داوای یەکێتیو یەکگرتن دەکەن تا بە سەر هێزی شەڕدا زاڵبن،ئەمەش خاڵێکە منداڵ بەرەو پەروەردەیەکی درووست دەبات چەند دێڕێك وەك نموونە لەم شیعرە دەهێنینەوە.
کوندە پەپو:
کوندە پەپوم ئەخوێنم
هەرکەلاوەیە شوێنم
دۆستی کۆنی وێرانیم
دوژمنی ئاوەدانیم27

بایە قوش:
منیش پەپوو گیان وەك تۆ
شەڕم گرتۆتە ئەستۆ
بایە قوشم،شملی شەڕ
شەیتانی گێچەڵو گەڕ28

داڵی کەرخۆر:
منیش داڵی کەر خۆرم

www.pertwk.com

به په‌ڕو باڵی بۆرم
به پێو پلی تووکنم
پیس خۆرێکی نه‌وسنم29

باز:
هه‌موو ئه‌مناسن بازم
به هێزی خۆم ئه‌نازم
ئه‌وه‌یان به‌من ئه‌سپارد
که‌وا پاشام هه‌ڵئه‌بژارد30

هه‌ڵۆ:
منیش هه‌ڵۆی کوێستانم
په‌روه‌رده‌ی کوردستانم
هێلانه‌م کێوی به‌رزه
ناحه‌ز ئه‌خه‌مه له‌رزه31

کاکه‌ی فه‌للاح له چه‌ندان شیعری‌تریشدا گیانه‌وه‌ری‌تری به منداڵانی کورد ناساندووه،بۆ نموونه له‌م شیعرانه‌دا: ( مێرووله‌یه‌ك، مریشکه ره‌شه،گدی‌گدی، چۆله‌که،به‌رخه‌که‌م،پۆله‌که،پشیله سووره، بۆ که‌روێشکه‌که‌م)

**ئه‌نجام**

کاکه‌ی فه‌للاح یه‌کێکه له‌و ئه‌دیبانه‌ی له شێسته‌کانه‌وه خزمه‌تی منداڵانی کورد ده‌کات،له شیعره‌کانیدا هه‌وڵی داوه په‌یامێکی په‌روه‌رده‌یی درووست به منداڵان بگه‌یه‌نێت،له‌م بواره‌دا له زۆربه‌ی شیعره‌کانیدا سه‌رکه‌وتنێکی دیاری وه‌ده‌ست هێناوه،له‌م باسه کورته‌دا هه‌وڵمداوه ده‌رگایه‌ك له‌سه‌ر شیعره‌کان32 بکه‌مه‌وه‌و له چوار لایه‌ن لێیان دواوم؛گیانه‌وه‌ر،فۆلکلۆر، فه‌رهه‌نگی منداڵ،لایه‌نی په‌روه‌رده‌یی,دواوم،مامۆستا بۆ ئه‌م بواره هه‌قی خۆیه‌تی پشت گوێ نه‌خرێت‌و سه‌رتۆپی ئه‌و نووسینانه بۆ ئه‌و ته‌رخان بکرێن که باس له‌و ئه‌ده‌به ده‌که‌ن که بۆ منداڵانی کورد نووسراون33، چونکه زیاتر له چاره‌که سه‌ده‌یه‌ك شێلگیرانه خزمه‌تی به ئه‌ده‌بی منداڵانی کورد کردووه.

**په‌راوێزه‌کان**

1- نامه‌ی تایبه‌تی کاکه‌ی فه‌للاح بۆ نووسه‌ری ئه‌م باسه-1984/1/23
2- چۆله‌که پاساری،لاپه‌ڕه -48
3- چۆله‌که پاساری،لاپه‌ڕه -54
4- جگه‌رگۆشه‌کان،لاپه‌ڕه-84
5- هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، لاپه‌ڕه-88
6- هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، لاپه‌ڕه-88-
7- گۆڤاری به‌یان،ژماره (52)، لاپه‌ڕه-58-
8- ئه‌ده‌بی فۆلکلۆری کوردی-به‌شی یه‌که‌م، لاپه‌ڕه-53
9- ئه‌ستێره‌کان،لاپه‌ڕه-9-

10- چۆلەکە پاساری،لاپەڕە-23-
11- هەمان سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە-14-
12- جگەرگۆشەکان،لاپەڕە-9-
13- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە-57-
14- المجله الف باء- ژمارە (534)، ساڵی -1978
15- ڕۆشنبیری منداڵان، لاپەڕە- 147 بە زمانی عەرەبی
16- ئەدەبی منداڵان،لاپەڕە- 215 بە زمانی عەرەبی
17- جگەرگۆشەکان، لاپەڕە-11-
18- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە-129-
19- ئەدەبی منداڵان، لاپەڕە-148-
20 چۆلەکە پاساری، لاپەڕە-25-
21- چۆلەکە پاساری، لاپەڕە-32-
22- هەمان سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە-33-
23- هەمان سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە-33-
24- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە-34-
25- جگەرگۆشەکان،لاپەڕە-15-
26- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە-16-
27- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە-69-
28- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە -71-
29- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە-73-
30- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە-77-
31- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە-77-
32- بۆ زیاتر شارەزابوون لەم لایەنە بنۆڕە ئەم سەرچاوەیە: مێژووی گەشەپێدانی ئەدەبی منداڵانی کورد- بەشی یەکەمی ئەم کتێبە.
33-لەم باسەدا بۆ نموونەی شیعرەکان سێ کتێبم کردۆتە سەرچاوە،کە ئەمانەن: (جگەرگۆشەکان، چۆلەکە پاساری،ئەستێرەکان) بۆیە باسی ئۆپەرێتی (منداڵو قوتابخانە)م نەکردووە،چونکە لە ڕۆژنامەی العراق- ژمارە (3309) ڕێکەوتی (1986/12/10) لێی دواوم.

**سەرچاوەکان**

**ئەلف: بەزمانی کوردی**
1- کاکەی فەللاح،جگەرگۆشەکان،چاپی یەکەم،چاپخانەی دار الحریە-بەغدا-1978
2- کاکەی فەللاح،چۆلەکە پاساری،چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی-1983
3- جەزا عەلی ئەمین،ئەستێرەکان،چاپخانەی دار الحریە، بەغدا-1987
4- کاکەی فەللاح،کاروانی شیعری نوێی کوردی،بەرگی یەکەم،چاپی،کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا-1978
5- عەبدوڵڵا کەریم،خالقیو دەنگو ئاواز، بەغدا-1979
6- د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول،لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،چاپی دووەم،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی-1979
7- محەمەد ڕەشید فەتاح،ئەدەبی منداڵ،بەغدا-1974

8- گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە-7ی خولی دووەم-1981
9- گۆڤاری بەیان- ژمارە 52-ساڵی 1979

بێ: بەزمانی عەرەبی
1- هادی نعمان الهیتی،ئەدەبی منداڵان، دار الحریە، بغداد-1977 بە زمانی کوردی
2- د.هادی نعمان الهیتی،رۆشنبیری منداڵان، عالم المعرفە، کویت-1988 بە زمانی عەرەبی
3- عبد الفتاح ابو معال، ئەدەبی منداڵان، دار الشروق، الاردن-1984 بە زمانی عەرەبی
4- المجلە المعرفە العدد (214-215)- 1979
5- المجلە الف باء- بغداد، عدد (534) لسنە-1978

www.pertwk.com

## بەشی پێنجەم

## راپەڕینو ئەدەب بۆ منداڵان

## پێشەکی

راپەرین چاوەڕوانییەکی گۆدییانە نەبوو،بەڵکو پێشهاتو بەرنامەو هەنگاوێك بوو،دەبوایە کورد بەو قۆناغە بگەیەنێت،دوای چەندان ساڵ لەخۆسازدانو قوربانیدانو خەبات کردن،ئەو قۆناغەش فریامان کەوتو لە زەبرو زەنگو داپلۆسین رزگاری کردین،لە رۆژانی راپەریندا بە واتای ئازادی خۆمان بە سەربەستو ئازاد دادەنا،راپەرین واتە ئیدارەی بەرەی کوردستانیو دوایش هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەی لێکەوتەوە،کە بەهەق رۆژێکی شاز بوو لەرۆژەکانی خەباتی کوردایەتی،بەڵام بەداخەوە لەناوەڕاستی ساڵی 1994،شەرێکی قورسو گەورەی بێ ئەنجام کەوتە ناو ماڵی کوردو حاڵەتەکانی ئازادی لێکترازاند کە تائێستاش سەنگەرگرتنو شەڕی دەروونیو کۆمەڵایەتیو ئابووری بەردەرگای بەرنەداوینو کاریگەری بەسەر ژیانمانەوە هەیە، نەخوازەڵلا بۆ لایەنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی،کە ئەمەش زیاتر کاری بە پەروەردەوە هەیە،منداڵانیش لەو حاڵەتە بێبەش نین،بە تایبەتی گرانیو سەختی گوزەرانو تێکچوونی بەشێك لە شیرازەکانی ژیان.

## راپەڕین چی بۆ منداڵان کرد؟

لەرۆژانی راپەریندا کورد بووە خاوەنی رۆژنامەو بڵاوکراوەی خۆی،شەقامی کوردی پڕ بوو لە وشەی رەنگاو رەنگی پەنگ خواردووی بیستو سێ ساڵەی حوکمی بەعس،هەر لەو رۆژانە چەندین شیعرو چیرۆکیش بۆ منداڵان نووسران کە باسیان لە رۆژە رەشەکانی پێش راپەرین دەکرد،بۆ ئەم حاڵەتە پێویستە رۆڵی رۆژنامەی کوردستانی نوێ وەك یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەرینە لەبیر نەکەین،کە هەر لەژمارە سەرەتاکانیەوە خزمەتی ئەو بوارەی کردووە،بە تایبەتی لە دوا لاپەڕەیدا گۆشەیەکی هەبوو بەناوی گوڵزاری منداڵان کە پاش ماوەیەك بووە لاپەرەیەکی سەربەخۆو هەموو هەفتەی جارێك دوا لاپەڕەی پێ دەرازێنرایەوە،بابەتەکانیش بێجگە لە بابەتی زانستی بریتی بوون لە شیعرو چیرۆك،خۆماڵیو وەرگێڕدراو،رەنگی رەشو سووریش بەکاردەهێنرا،کە ئەم دوو رەنگە رەنگی رۆژنامەکە بوون،چەند رۆژنامەو بڵاوکراوەیتریش هەبوون کە هەفتانەو ناوە ناوە دەردەچوونو گرنگیان بە ئەدەبی منداڵان دەدا،بەڵام بەو شێوەیە نەبوون،کە ئاماژەیان پێبدرێت،هەروەها هەر ئەو رۆژانە کۆمەڵێك ئێزگەی رادیۆش کرانەوە،کە

وەکو عادەتێك لەسەرەتای بەرنامەکانیاندا گۆشەیەکیان بۆ منداڵان هەبوو،بۆ ئەمەش دیسان ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەست پێشخەربوو،کە هەر دوای کۆچڕەوە گەورەکەی ڕۆژانی ڕاپەڕین، بەرنامەیەکی بۆ منداڵان بڵاوکردەوە کەلە ئامادەکردنو پێشکەش کردنی مەولود ئیبراهیم حەسەن بوو،ئیتر دوای ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەلەفزیۆنیشی کردەوە،چەند دەقیقەیەك لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە هەموو کەناڵەکانییەوە تەرخانکرابوو بۆ منداڵان،کە بە گوێرەی توانای ئەو کاتە لە ڕووی تەکنیکیەوە،گرنگی بەو بوارە دەدا دوای ڕاپەڕین یەکەم گۆڤار،کە لەناوچە ڕزگارکراوەکان ئیشی بۆ کرابێتو باغێکیتری ئاوەدان کردبێتەوە لەباغەکانی ئەدەبی منداڵان گۆڤاری (پەرەسێلکە) بوو،کە یەکێکە لەئەرکە پڕ هیلاکەکانی هونەرمەند هەڵگورد عبدالوهاب بوو،یەکەم ژمارەی بێجگە لە بابەتی ئەدەبیو هونەریو مێژوویی..هتد،پاشکۆیەکی پەروەردەیشی بەخۆوە گرتبوو،کە شایستە بەوەیە لە مێژوویی ڕۆژنامەگەری کوردیو ئەدەبی منداڵان شوێنی بەرز رابگیرێت،ئیتر دوای ئەم مێژووە،پێویستە ئاماژەیەکیش بۆ بڵاوکراوەی پەریستان ـی پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بدەین،کە یەکەم بڵاوکراوەیە بە شێوەی ڕەنگاو ڕەنگ لە ساڵانی یەکەمینی ڕاپەریندا چاپو بڵاوکرابێتەوە،لە دوای ئەم هەوڵانە کۆمەڵێك هەوڵیتر کەوتنە کتێبخانەکانی کوردستانو خزمەتی ڕەوتی بەرەو پێشچووی ئەدەبی منداڵانیان کردووە،هەروەها لەناو هێناندا پێویستە گۆڤارەکانی (هەنگ) و (هێقی)و (پەپوولە) و(جگەرگۆشەکان) و (جریوە) لە بیر نەکرێن،کە ڕۆڵیان دیارە لەو بوارەدا،بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجو ڕەخنەیە کتێب چاپکردن بەرچاو ناکەوێت،تا ئەگەر بەرچاویش بکەوێ، لە پەنجەکانی دەست کەمترن.

هەر بۆ پەروەردەکردنو ناسینی دنیای منداڵانو گرنگیدان بە گەشەیان،کۆمەڵەی مناڵپارێزی کوردستان بە گوێرەی ئیمکانیەتو توانای دارایيو بوونی پسپۆر لەو بوارەدا خزمەتی کردووە،بە تایبەتی لە باری پەروەردەو خوێندنو پەیوەندی کۆمەڵایەتيو ناسینی دنیای ناوەوەو دەرەوە،هەروەها ئەو ڕێکخراوە دەست پێشخەربوو بۆ کردنەوەی چەندان بنکە بۆ منداڵان، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش چەند هەوڵێکیان هەیە،هەروەها چەند ڕێکخراوێکیتریش خزمەتیان بەو بوارە کردووە،ئەمەو لە وەرزی پشووی سەری ساڵی خوێندندا دەورەی وەرزشيو مۆسیقيو هونەری بۆ منداڵان لەشارەکانی کوردستان کراوەتەوە،بێجگە لە تیپەکانی مۆسیقای منداڵان،ئەمەو چەندان کەناڵیتری سەرف حزبی دەرگایان بۆ منداڵان خستە سەرپشت تا وەك وێستگەیەك بنۆڕنە دەوروبەر،ڕاستە ئەو کەناڵانەی لەمەوبەریش کە باسمان لێوەکردن حزب لەپشتی پەردەوە چاودێری کردوون،بەڵام بە ئاشکرا حزب وەزعەکەی بۆ خۆی ڕانەکێشاوە بۆیە بارەکە نەوروژاوەو دەستە حزبیەکان لەو حاڵەتەدا کورتیان هێناوەو نەیانتوانیوە قاوغەکە تەسك بکەنەوە،لەوە دەچێت لەو ماوەیەدا چەندان دەرگایتر هەبن کە لەو بوارەدا خزمەتیان بە دنیای ئەدەبی منداڵان کردبێت،دیارە کاری ئێمە نیە کە ناوی ئەو دەزگایانە یەك بە یەك ڕیز بکەین.

## فۆرمێکی سواو

ئەگەر هەموو بلاڤۆكو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕین تاوتوێ بکەینو لەڕووی فۆرمەوە لێیان بدوێین ئیزافەیەك نەخراوەتە سەر هەوڵو داهێنانەکانی پێش ڕاپەڕین،بە تایبەتی لە ڕووی هێکاريو شێوەی دیزاینو وێنەوە،بەداخەوە لەچەند هەنگاوێکی پشوو کورت بترازێت شتی ئاوا بەرچاو ناکەوێ، چونکە پێشتر (ئەستێرە)مان هەبوو،هەروەها چەند کتێبو نامیلکەیەکیش،کە زۆر بە جوانی چاپ کراون وەك (شەمامە) (جگەرگۆشەکان) و (دڵ لەگوڵ ناسکترە)، ڕاستە دوای

راپەرین چەندان نموونەی بەرچاومان هەیە،کە شایانی ئەوەیە بڵێین فۆرمێکی تازەیەو رێکو پێکە وەك (پەرەسێلکە)و ( پەریستان) لەگەڵ دوو سێ کتێب،کە بە داخەوە لە دوو سێ دانە بترازێت ئەوانیتر کاڵو کرچن،چونکە بریتین لەفۆرمێکی سواوی دووبارە کراوە،فۆڕمی دووبارە بۆتە دیاردەیەك ئەدەبی کوردی پێوەی دەناڵێنێت،بەڵام سواوێکی جیاواز! بەکورتی لە راپەریندا ئەدەبی منداڵان لە رووی هەنگاوەکانی فۆڕمەوە ئەوە نیە رووی داهێنانی پێ رەوا ببینرێت.

## <u>ناوەڕۆکەکەی.. !</u>

...

ئەگەر بتوانرێت ناوە ناوە دەقی ئاوا بدۆزرێتەوە،بە تایبەتی لە شیعرو چیرۆکدا کە بە پێش مێژوو کەوتبنو وەکو دەقێکی موستەقبەلی خۆیان نمایش کردبێت،ئەمە لە ئەدەبی منداڵاندا نابینرێت،لێرەدا مەبەستمان ئەو ئەدەبەیە کە بۆ منداڵانی کورد نووسراون،واتە؛گەورە بۆ بچووکی نووسیبێت،راستە چەند دەقێکی هاوگوفی بزووتنەوەو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هەیە کەخۆیان لە ئەدەبی زانستیدا دەبینەوە کە لە ئەدەبی جیهانیدا بەخەیاڵی زانستی ناسراوە، ئەم تەرزە ئەدەبە پێش راپەرین،لەچەند دەقێکدا بینراوە،بەڵام لەوەتەی راپەرینە من شتێکی ئاوام نەبینیوە کە شایستەی باسکردن بێت.

ئەگەر باس لە ناوەڕۆکی ئەو ئەدەبە بکەین کە دوای راپەرین بۆ منداڵانی کورد نووسراون،ئەوە پێویستە پێشتر واقیعەکە بخوێنینەوە،ئینجا دەقەکان دەور بکەینەوە،واقیعی دوای راپەرین بریتییە لە:حەماسەتی راپەرین + ئیدارەی بەرەی کوردستانی + هەڵبژاردنو پەرلەمانو حکومەت + شەڕی ناوخۆ + 31 ی ئابی 1996... هتد، ئەمانە رووداوە دیارەکانن لەمێژووی دوای راپەریندا،هەندێك لەو خاڵانە بەشێکن لەمێژووی رۆشنی کورد،هەندێکیتریش بریتین لەکارەساتو خیانەت،لەسەر ئەو بنەمایانە قەڵەمی کوردیش لەم بوارەدا دریغی نەکردووەو لە رێگای هونەرەکانی ئەدەب گوزارشتیان لەو رووداوانە کردووە،بەڵام زۆربەی دەقە ئەدەبییەکان ئەوە نین ببنە دیاردەو مرۆڤ بتوانێت هەڵوەستەیان لەبەردەمدا بکات،یاخود توانای داهێنانیان تێدا شی بکرێتەوەو سەرنجەکان لەبەردەم ئاوێنەی زەمەندا وردبکرێنەوەو لایەنی جوانیان وەدەربخا، دەقەکان بەزمانێك قسە دەکەن،وابەستەبووی کۆمەڵێ دەلالەتی پەرتی بێ بنەمان،بە تایبەتی لەرووی شوێنو کاتو رووداوەوە،هەندێك دەق بۆ زەمەنێکی کورت هاتنە سەرپێو خواستیان لەگەڵ هەڵبژاردنو رووداوی شەڕی ناوخۆ بێنە ئاخافتن،بەڵام ئەوانیش بە هەموو حیساباتێکی دەق کورتیان هێناو بە زمانێکی زبر کەوتنە قسە،بۆ ناوەڕۆكو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا پێموایە پێویستە؛تایبەتییەکانی منداڵی کورد لێك بدەینەوە،ئەرکی ئێمە لەم رووەوە گەورەترە،لێرەدا زمان خۆی لەخۆیدا ئامانجە،چەند وتارێك-کەمال مەمەند ل30،سەرەڕای شێواندنی پەروەردەی بنیاتنەرانە،هەنگاو نراوەو وردە شت کراوە،هیوادارم لە ئایندەی نزیکدا بە بەرنامە پەرە بە پەروەردەی زانستی منداڵی کورد بدرێت.

سەرنج؛ ئەم وتارە ساڵی 1998 نووسراوە،بۆ کۆششەکانی دوای ئەو مێژووە خوێندنەوەمان جیاوازترە

ناوی کتێبە چاپکراوەکانم
---------------------------

1- پۆلووی ژووری نووتەك،شیعر،بەغدا،1985
2- ساکەدەشت،شیعر،بەغدا-1988
3- مرۆڤو تابووت،شیعر،هەولێر-1991
4- یەکێتی نووسەرانی کورد یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان،لێکۆڵینەوە،هەولێر-1991
5- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژ،هەولێر-1993
6- پاڵتۆی حزب،شیعر،هەولێر-1995
7- بەرەو سەرەتا،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-1998
8- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان،بە هاوکاری؛ یاسین قادر بەرزنجی،سلێمانی-1998
9- کێشەی ئاو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا،لێکۆڵینەوە-ئامادەکردن،سلێمانی-1998
10- منداڵو ئەدەب،لێکۆڵینەوە،چاپی یەکەم،سلێمانی-1998،چاپی دووەم،سلێمانی-2006
11- شەبەك(مێژوو،ئاین،سەرژمێر) لێکۆڵینەوە- وەرگێڕان،سلێمانی-1999
12- گۆڤاری گزنگ- لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا،سلێمانی-1999
13- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو رۆژنامەی خەبات،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-2000
14- کوردستانی نوێ- یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-2001
15 شۆڕشی رۆژنامە- رۆژنامەی شۆڕش،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-2001
16- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی1961-1991،بیبلیۆگرافیا،سلێمانی-2001
17- رۆژنامەی کورد- رۆژنامەی سێپتەمبەر،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-2002
18- رۆژنامەو جەنگ،وتار،سلێمانی-2003
19- رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان، ،سلێمانی-2004
20- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی 1923-1960،سلێمانی-2004
21- هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا 1961-1991،سلێمانی-2005

www.pertwk.com